RÛDAW
ژمارە (491) دووشەممە 2018/1/29 – 9ی ڕێبەندان 2717 (750) دینار

مێردی ژنە کوژراوەکەی کۆیە:

## ژنەکەی من پاک بوو

**ڕوودلو– هەولێر**

مێردی ئەو ژنەی شەوی 20ی ئەم مانگە لە نزیک گوندێکی سەر بە ناحیەی دێگەڵەی قەزای کۆیە تەرمەکەی لەنێوان چەند تاشە بەردێکدا دۆزرایەوە، دەڵێت ژنەکەی ئەو پاکە و خزمەکانی خۆی لە داخان کوشتوویانە.

تەرمی (بێلان) هێشتا لە پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێرە. ئەو ژنە کە هەفتەی رابردوو وێنەی تەرمەکەی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا بڵاوبووەوە، شووی کردووە و منداڵێکی هەیە. مێردەکەی ماوەی ساڵێکە لە زیندانە. وا دیارە ئەو ژنە لەلایەن خزمە نزیکەکانی خۆیەوە کوژراوە.



قوربانییەکە کە تەمەنی 21 ساڵە، خەڵکی قەزای کۆیەیە و بەهۆی ئەو تاتۆیە ناسراوەتەوە کە لەسەر دەستی کێشاویەتی و ناوی کەسێکی لەسەرە بەناوی (قانیع).

قانیع مێردی ئەو ژنەیە و بەخۆشەویستی خێزانیان پێکەوە ناوە. هاوژینی بێلان کە ساڵێک لەمەوبەر بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراوە، لە لێکۆڵینەوەدا بە پۆلیسی گوتووە کە ئەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ژنەکەی نەبووە و ئەوانەی کوشتوویانە کەسوکاری بێلانن، ئەو دڵنیایە لەوەی ژنەکەی بێتاوان بووە و بەناحەق کوژراوە.

«12

**چارەنووسی مامۆستا ڕفێنراوەکەی سلێمانی نادیارە** 2

**دیموکراتەکان نزیکن لە یەکگرتنەوە** 6

**عەفرین .. "خیانەت"ی دووەم لە کورد** 17

"دەستەی نوێ" یان "مەکتەبی سیاسی"

# یەکێتی لەبەردەم تەنگژەیەکی نوێدا

"مەکتەبی سیاسی هەڵوەشاوەتەوە و بڕاوەتەوە"

"لەگەڵ مانەوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیم"

3




کۆمەڵایەتی 13

**باوکی دەستدرێژی کردە سەر و براکانیشی کوشتیان**



ڕاپۆرت 3

**چەند پلەدارێکی پێشمەرگە نەوتیان لە داعش کڕیوە و بە ئێرانیان فرۆشتووە**

ڕاپۆرت 6

**300 گیراوی بیانیی داعش لە ڕۆژئاڤان**



تەندروستی 15

**لە سەیدسادق حوشتر بەرناکەوێت**





## 52 کۆچبەری کورد بێسەروشوێنن

**ناسر عەلی/ ڕووداو– دهۆک**

زیاتر لە دوو مانگە 52 کوردی باشووری کوردستان کە زۆربەیان خەڵکی شاری دهۆکن لە ڕێگای نێوان تورکیا و ئیتالیا بێسەروشوێنن. کوژار هاجانی کە برازای یەکێک لەو 52 کۆچبەرەیە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوان لە ڕۆژی 2017/11/21 لە تورکیا تەلەفۆنیان بۆ کردین و گوتیان بەڕێکەوتووین بۆ ئیتالیا. دوای چوار ڕۆژ مامم تەلەفۆنی بۆ کردین و گوتی ئاو هاتووەتە نێو یەختەکەمان، دواتر هیچ هەواڵێکیان نەما". ئاری جەلال، سەرپەرشتیاری گشتیی فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەران لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئاگاداری بێسەروشوێنبوونی ئەو 52 کۆچبەرەن و بەدوایاندا دەگەڕێن.

# چارەنووسی مامۆستا ڕفێنراوەکەی سلێمانی نادیارە

### هیوادارم ڕادەستی تورکیا نەکرابێت

سۆران عومەر

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو – سلێمانی**

بەرەبەیانی ڕۆژی 2018/1/18 بەڕێوەبەری گشتیی کۆلێژەکانی سەلاحەدینی نموونەیی لە سلێمانی کە ماڵەکەی لە گەڕەکی بەرزاییەکانی سلێمانییە، منداڵەکانی دەبات بۆ قوتابخانە و لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لەنزیک پردی دەباشان لە ئۆتۆمبێلی خۆی دایدەبەزێنن و بە ئۆتۆمبێلێکی جامڕەش دەیرفێنن، لەوکاتەوە دیار نییە بۆ کوێ ڕفێنراوە و دەزگا ئەمنییەکانیش هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان لەبارەی ئەو ڕووداوە نەداوە.


ئەسڵان چەلیک

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لەچەند سەرچاوەیەکەوە وەریگرتوون، ئەو مامۆستایە لەدوای هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ داخستنی قوتابخانەکانی سەر بە بزاڤی خزمەت کە فەتحوڵڵا گولەن ڕابەرایەتی دەکات، زانیویەتی ئامانجی تورکیایە، بەڵام بەردەوام بووە لە کارەکەی.

سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، هەموو ئەو زانیارییانەی لەبارەی شێوازی ڕفاندنەکەیەوە پشتڕاستکردەوە و باسی لەوەش کرد کە هەوڵیانداوە سۆراخی بکەن و بزانن چی بەسەر هاتووە "دەزگا ئەمنییەکان هیچ زانیارییان لەو بارەیەوە نەدا، ئومێد دەکەم ڕادەستی تورکیا نەکرابێت".

ئەسڵان چەلیک، لەنێو خەڵکیدا وەک کەسی یەکەمی بزاڤی خزمەتی سەر بە فەتحوڵڵا گولەن لە کوردستان ناسرابوو، هەتا دوای کودەتاکەی 16ی تەممووزی 2016ی تورکیا، لەشاری هەولێر نیشتەجێ بووە، بەڵام دوای کودەتاکە چووەتە شاری سلێمانی و لەوێ بووەتە بەڕێوەبەری گشتی کۆلێژەکانی سەلاحەدینی نموونەیی لە سلێمانی.

چەلیک لە هەمانکاتدا ڕێکخەری کاروبارەکانی نێوان کۆلێژەکانی سەلاحەدینی نموونەیی و پەروەردەی سلێمانی بووە. دڵشاد عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی لەبارەی ڕفاندنەکەیەوە گوتی، ئەوەی ئەرکی یاسایی و ئەخلاقی بووە لەسەر ئێمە جێبەجێمان کردووە "بۆ ڕفاندنەکەی وەزارەتی پەروەردە و ئاسایشمان ئاگادار کردووەتەوە و لەوە زیاتر هیچی دیکەمان لەدەست نایەت".

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 7ی ئەیلولی 2016 دا بڕیاری بە دەرهێنانی سەرجەم خوێندنگە و کۆلێژ و ئەو ناوەندانەی سەر بە بزاڤی خزمەتن لەژێر دەستی گولەنییەکان، تاوەکو بە هاوبەشی لەلایەن کەرتی تایبەت و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەببرێن. کۆلێژەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی لەلایەن کۆمپانیای مایە بۆ پەروەردە کە بەشێکە لە گرووپی کۆمپانیاکانی قەیوان، سەرجەم پشکەکانی ئەو کۆلێژانەی کڕی، بەڵام هێشتا ئەوەش نەبووەتە هۆی ئەوەی کەسێکی وەک چەلیک هەست بە ئارامی بکات.

فاخیر تەیب، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری

### وەزارەت و ئاسایشمان لە ڕفاندنەکە ئاگادار کردووەتەوە

بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی

کۆمپانیاکانی قەیوان، دەڵێ ئەوان ئێستا خاوەنی ئەو کۆلێژانەن و پرۆژەکەش بووەتە پرۆژەیەکی سەربەخۆی ناوخۆیی و مامۆستا تورکەکانیش تەنیا وەک دەستەی کارگێڕی لەو پرۆژەیەدا کاردەکەن. فاخیر دەڵێت: "هەوڵی زۆرمان دا مامۆستای دیکە بهێنین بۆ جێگرتنەوەیان، بەڵام نەمانتوانی بەتەواوی جێگەیان پڕ بکەینەوە و لەئایندەدا ئەو کارە دەکەین".

فاخیر تەیب، بێئاگایی خۆی و کۆمپانیاکەی لە ڕفاندنی مامۆستاکە دەربڕی.

بزاڤی خزمەت کە لە ساڵی 1994ەوە هاتوونەتە کوردستان، دەستیانکرد بە کردنەوەی خوێندنگە و کۆلێژ و ناوەندی زمان و پەروەردەیی. زمانی تورکی زمانی سەرەکیی خوێندن و پەروەردەکردنی خوێندکارانە لەو ناوەندانەی خوێندن. لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا، زیاتر لە 12 هەزار خوێندکاری کورد لەو خوێندنگە و کۆلێژانەدا دەخوێنن، لە شاری کەرکووکیش چەند خوێندنگەیەکیان هەیە.

بەپێی ئامارەکانی کۆمپانیای ڕووناکی کە سەرپەرشتی سەرجەم کارە پەروەردەییەکانی بزاڤی خزمەت دەکات لە هەرێمی کوردستاندا، گولەنییەکان لە شاری سلێمانی 10 خوێندنگە و کۆلێژ و زانکۆیەکیان هەبووە، لەگەڵ ناوەندێکی زمانی تورکی. هەروەها لە شاری هەڵەبجەش دوو خوێندنگە و بە هەمانشێوەش لە شاری هەولێر، لە سلێمانی خوێندنگە و کۆلێژەکەیان بە (ئیشک) ناودەبرێت، لە هەولێریش خوێندنگەکانیان بە سەلاحەدین و کۆلێژەکەیان بە (ئیشک) ناودەبرێ، بە گشتی لە باخچەی ساوایانەوە هەتاوەکو کۆلێژ و زانکۆ ژمارەیان دەگاتە بیست لە هەرێمی کوردستاندا.

(ڕووداو) هەوڵیدا زانیاری لە ئاسایشی سلێمانی دەستبکەوێ لەبارەی ئەو مامۆستایە، بەڵام بەرپرسانی ئاسایش وەڵامی پەیوەندییەکانیان نەدایەوە.

پەیامنێری ڕووداو سەردانی کۆلێژی سەلاحەدینی نموونەیی کرد بۆ وەرگرتنی زانیاری، بەڵام ئەوان هیچ قسەیەکیان نەکرد، تەنیا مامۆستایەکی کۆلێژەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، گوتی "ڕفاندنی چەلیک پێوەندی بە دۆسیەی گولەنییەکانەوە هەیە و گومانی بەهێزیش ئەوەیە کە بە ئاراستەی تورکیا برابێت".

ئەم ڕووداوە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە 10 ڕۆژ بەسەریدا، هیچ دەنگدانەوەیەکی لەنێو میدیای لۆکاڵیی سلێمانیدا نەبوو.

تەنیا یەک دەزگای میدیایی لەپاش ڕووداوەکە هەواڵێکی لەسەر بڵاوکردەوە، بەڵام پاش چەند کاژێرێک هەواڵەکەیان لەسەر ماڵەپەڕەکە لادا بێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەک بدەن.

# گەنجەکەی سەر پردی دەلال ئەڤیندار بوو

**ناسر عەلی**
**ڕووداو — دهۆک**

ئەو گەنجەی لەسەر پردی دەلال خۆی کوشت، دەرکەوت کچە مامێکی خۆی خۆشویستووە، دۆتمامەکەی ماوەیەک لەمەوبەر شووی کردووە، ئەویش لە داخان خۆی کوشتووە.

باوکی ئەوگەنجە کە ڤیدیۆی خۆکوشتنەکەی لەسەر پردی دەلال لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، دەڵێت ئاگادار نەبووە کە کوڕەکەی ئەڤیندار بووە.

پردی دەلال بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی و زاخۆ بە تایبەتی، شوێنی تۆمارکردنی یادەوەرییە خۆشەکانە، بەڵام بۆ خێزانی عەبدولباری نووری، بۆ هەتا هەتایە دەبێتە بیرەوەرییەکی تاڵ، چونکە کوڕە تەمەن 18 ساڵانەکەیان ئێوارەی ڕۆژی 2018/1/27 لەسەر ئەو پردە بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. لە هەمووی تراژیدیتر بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی ساتی خۆکوشتنەکەیەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لەلایەن کەسێکەوە تۆمار کراوە و بڵاوکراوەتەوە.

عەبدولباری نووری لە خێزانێکی موسڵمانی کۆمەڵگای گرزەرکی سەر بە قەزای شنگال بوو، ساڵ و نیوێک لەمەوبەر لەگەڵ خێزانەکەی لە قەزای سێمێل نیشتەجێ بووبوو.

عەبدولباری پێنج خوشک و پێنج برای هەیە، لە شنگال لە پۆلی سێی ناوەندی بوو، بەڵام ساڵێک بوو وازی لە خوێندن هێنابوو، نووری شنگالی باوکی عەبدولباری باسی هۆکاری خۆکوشتنی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت: "دوای ڕووداوەکە وا بڵاوبووەتەوە کە کوڕەکەم حەزی لە کچێک کردووە، بەڵام پێشتر لەلای ئێمە باسی نەکردووە، قەتیش باسی ژنهێنانی نەکردووە".

باوکی عەبدولباری قەت ئەو دیمەنەی لەبەر چاو ون نابێ کە کوڕەکەی خۆی پۆشتە کرد و ڕۆیشت و نەگەڕایەوە "عەبدولباری گوتی ئەوە جلی زاوایەتییە لەبەرم کردووە، دەچم پیاسەیەکی خابیر دەکەم".

ئومێد عەبدولستار کە هاوڕێیەکی نزیکی عەبدولبارییە و زۆربەی کات بە یەکەوە بوون، دەڵێت هاوڕێکەی کچە ئامۆزایەکی خۆی خۆشویستووە، بەڵام ئامۆزاکەی ماوەیەک لەمەوبەر شووی کردووە.

ئومێد باسی ئەو شەوە دەکات کە عەبدولباری بۆ خۆشەویستەکەی گریاوە و دەڵێت: "شەوی سەری ساڵ لەگەڵ یەک بووین، کاژێر 1:30ی شەو بوو، گوتی حەزدەکەم بچینە ماڵی مامم لە زاخۆ، سەعات 2:20 خولەک گەیشتینە ماڵی مامی، بڕیار بوو شەو لەوێ بمێنینەوە، بەڵام دوای پێنج خولەک عەبدولباری گوتی دەچینە هوتێل، چووینە خواردنگایەک، کاژێر سێی بەیانی بوو، تەلەفۆنەکەی دەرهێنا و تەماشای مەسنجەرەکەی کرد، یەکسەر دەستی بە گریان کرد و گوتی ئەو کچە زۆر غەدری لێکردم".

هەرچەندە عەبدولباری ڕاز و نیازی خۆی بۆ ئومێد باس نەکردووە، بەڵام ئەو دەڵێت "دەمزانی ئامۆزایەکی خۆی خۆشدەوێ، بەڵام ئامۆزاکەی چەند مانگێک لەمەوبەر شووی کردبوو، بۆیە زۆر دڵگران بوو".

بە گوتەی ئومێد، هاوڕێکەی زۆر دڵی بە زاخۆ دەکرایەوە، بۆیە زوو زوو سەردانی زاخۆی دەکرد، ڕەنگە ئەوەش پەیوەندی بە خۆشەویستەکەیەوە هەبووبێ.

ئومێد دەڵێت: "عەبدولباری زۆر حەزی لە زاخۆ بوو، ڕۆژی هەینی من لەگەڵ خێزانەکەم چووبووینە ماڵی خزمێکمان لە زاخۆ، سەعات

### کوڕەکەم بە جلی زاوایەتییەوە خۆی کوشت

باوکی عەبدولباری

دووی دوای نیوەڕۆ تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی لە کوێی؟ منیش گوتم لە زاخۆم، دواتر هات بۆ زاخۆ، پێکەوە چووینە بازاڕ، دەیویست مۆبایلێک بکڕێ، منیش گوتم بۆچیتە؟ گوتی دەیکەمە دیاری بۆ تۆ، بەڵام من ڕازی نەبووم، تاوەکو سەعات نۆی شەو پێکەوە بووین، ئەو گەڕایەوە دهۆک و منیش هەر لە زاخۆ مامەوە".

ئومێد باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "ڕۆژی شەممە تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی لە کوێی، گوتم هەر لە زاخۆم. گوتی باشە ئەوە منیش دێمە زاخۆ، سەعات دووی دوای نیوەڕۆ برایەکی تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی عەبدولباریت نەبینیوە؟ گوتم نا، بەڵام ئەو پێیگوتووم دێم بۆ زاخۆ و بڕیارە یەکدی ببینین".

ئومێد چەند جارێک تەلەفۆن بۆ هاوڕێکەی دەکات و وەڵامی ناداتەوە، برای عەبدولباری دووبارە تەلەفۆن بۆ ئومێد دەکات و پرسیاری عەبدولباری دەکات، بۆیە ئومێد جارێکی دیکە تەلەفۆن بۆ عەبدولباری دەکاتەوە. ئومێد دەڵێت "کە تەلەفۆنم بۆ کرد، کەسێک وەڵامی دایەوە گوتی خۆی کوشتووە".

ڤیدیۆی خۆکوشتنی عەبدولباری، زۆر بە زوویی بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووەوە کە لەلایەن گەنجێکی زاخۆییەوە وێنەگیراوە. نێچیرڤان ئەیوب کە ڤیدیۆکەی تۆمار کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "من لە نزیک پردی دەلال بووم، ئەو گەنجەم بینی بە تووڕەیی و دەنگی بەرز بە مۆبایل قسەی دەکرد، پاشان مۆبایلەکەی فڕێدایە نێو ئاوی خابوور، دواتر چەند گوللەیەکی تەقاند، منیش مۆبایلەکەم دەرهێنا و وێنەم دەگرت، پاشان گوللەیەکی لەسەری خۆی دا".

سەبارەت بەبڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکە، نێچیرڤان گوتی: "ڕاستییەکەی من نەموێرا لێی نزیک ببمەوە، چونکە پێموابوو شێتە یان سەرخۆشە، ترسام شتێکم بەسەر بێ، بۆیە نەمتوانی هاوکاری بکەم. ڤیدیۆکەشم بۆیە بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی کەسوکارەکەی بزانن خۆی کوشتووە و گومان لە کەس نەکەن".


عەبدولباری پێش خۆکوشتنی مۆبایلەکەی فڕێداوەتە نێو ئاوی خابوور

## پارتی و یەکێتی دەستبەرداری کۆتای ئێزدییەکان دەبن

# چوار حیزب کێبڕکێ لەسەر کورسیی کۆتای ئێزدی دەکەن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

چوار حیزبی ئێزدی هەوڵ بۆ ئەو تاکە کورسییە دەدەن کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە "کۆتا" بۆ ئێزدییەکان دانراوە. پارتی و یەکێتیش بڕیاریانداوە کە لەو هەڵبژاردنەدا کاندیدیان نەبێ بۆ کۆتای ئێزدیان، بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی لە شنگال دەڵێت پشتگیری کاندیدی پارتەکەی حەیدەر شەشۆ دەکەن.

لە هەرسێ خولی ڕابردووی پەرلەمانی عێراقدا، پارتی ئێزدی بۆ چاکسازی و پێشکەوتن کە ئێستا نزیکن لە پەکەکە، کورسیی کۆتای ئێزدیانیان بەدەستهێناوە. بۆ ئەو هەڵبژاردنە جگە لەو حیزبە، سێ حیزبی دیکەش کێبڕکێ لەسەر ئەو کورسییە دەکەن، ئەوانیش پارتی پێشکەوتنی ئێزدیان، پارتی ئێزدیی دیموکراتی و پارتی ئازادی و دیموکراتی ئێزدیان کە هەر چواریان ناوی خۆیان لە کۆمیسیۆن تۆمار کردووە.

حەیدەر شەشۆ، سەرۆکی پارتی ئێزدیی دیموکرات کە کاندیدیان بۆ کۆتای ئێزدیان دەبێ، بە (ڕووداو)ی گوت: "زۆرمان هەوڵدا هەموو حیزبە ئێزدییەکان بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەن، بەڵام ڕێکنەکەوتن، بۆیە ئێمە کاندیدمان بۆ لیستی کۆتا دانا و متمانەشمان بە خۆمان هەیە ئەو کورسییە ببەینەوە".

حەیدەر شەشۆ، ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بوو، بەڵام دوای هێرشی داعش بۆ سەر شنگال، هێزێکی بەناوی هێزی پاراستنی ئێزدیخان دامەزراند، دواتر ڕایگەیاند کە وازی لە یەکێتی هێناوە و شەش مانگ لەمەوبەریش پارتی ئێزدیی دیموکراتی دامەزراند.

### بەرپرسی لقی پارتی لە شنگال

### پشتگیری هیچ لیستێکی کۆتا ناکەین

حەیدەر شەشۆ دەڵێت ئەوان تەنیا بۆ کۆتا کاندیدیان دەبێ، بەڵام هیچ لیستێکیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران نابێ، بەڵکو پشتگیری لە لیستە کوردییەکان دەکەن لە پارێزگای نەینەوا.

بەپێی ئامارەکان 600 هەزار کوردی ئێزدی لە عێراق هەن کە 500 هەزاریان لە سنووری پارێزگای نەینەوان، بەڵام دوای پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال، 400 هەزاریان ئاوارە بوون کە بەشێکیان چوونە دەرەوەی وڵات.

لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا حەوت کوردی ئێزدی گەیشتنە پەرلەمان، شەشیان لەسەر لیستی پارتی و یەکێکیش بە کۆتا، بەڵام لە خولی سێیەمدا تەنیا دوو ئێزدی دەرچوون، یەکێک پارتی و ئەوەی دیکەیان کۆتا.

### بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە شنگال

### پشتگیری حەیدەر شەشۆ دەکەین

قادر قەچاخ بەرپرسی لقی 17ی پارتی لە شنگال ڕایگەیاند کە ئەوان لە پارێزگای نەینەوا بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن، بەڵام بۆ کۆتای ئێزدیان کاندیدیان نابێ و پشتگیری هیچ لیستێکیش ناکەن کە کۆتایان هەیە.

هەر لەوبارەوە جەمیل خدر، بەرپرسی مەڵبەندی 15ی یەکێتی لە شنگال گوتی: "لە هیچ هەڵبژاردنێک کاندیدمان بۆ کۆتای ئێزدیان نەبووە، ئەمجارەش نامانبێ، بەڵام پشتگیری لە کاندیدی پارتەکەی حەیدەر شەشۆ دەکەین، چونکە ئەوان خۆیان بەکورد دەزانن، ئەوانی دیکە دەڵێن ئێمە کورد نین".

## ئەمریکا داوا لە بەغدا گفتوگۆ لەگەڵ هەولێر بکات



**ڕووداو – هەولێر**

ڕۆژی یەکشەممە 2018/1/28، جۆن سولیڤان، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ حەیدەر عەبادی لە بەغدا کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند "یەکگرتوویی، باشترین چەکی عێراقە لە دژی داعش و گرووپە توندڕەوەکانی دیکە. بۆیە ئێمە بە تەواوەتی پشتیوانیی لە ئەنجامدانی گفتوگۆی کردەیی لە نێوان هەولێر و بەغدا دەکەین". جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕاشیگەیاند "لە کۆبوونەوەکانمدا دووپاتمکردەوە پێویستە گفتوگۆی بەردەوام لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پێدانی مووچە و کردنەوەی فڕۆکەخانەکان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت کاربکەن".

### "دەستەی نوێ" یان "مەکتەبی سیاسی"

# یەکێتی لەبەردەم تەنگژەیەکی نوێدا

هاوکار یاسین و نەوزاد مەحموود
ڕووداو – سلێمانی

ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی، بەهەر جۆرێک بوو توانیان وادەی بەستنی کۆنگرەی چوارەمی حیزبەکەیان ببڕیننەوە، بەڵام کێشەی هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی ڕێگرە لەوەی بتوانن لە کۆبوونەوەیەک بێنە دەرەوە کە چەند بەرپرسێکی ئەو حیزبە بایکۆتیان نەکردبێ، ئەندامێکی سەرکردایەتی دەڵێ ئەوەی ناکۆکی لەسەرە دروستکردن و هەڵبژاردنی ئەو دەستە نوێیەیە کە بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی تاوەکو کۆنگرە دەیانەوێت هەڵیبژێرن، بەڵام ئەو هەوڵە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا نەک ئاسان نەبوو، بگرە وای کردووە ئێستا بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی داوا دەکەن مەکتەبی سیاسی تاوەکو بەستنی کۆنگرە بمێنێتەوە.

ڕۆژی 2017/11/4 لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتیدا زۆرینەی ئامادەبووان دەنگیان لەسەر ئەوە دا کە مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیان هەڵبوەشێتەوە و لەجێگەی ئەوان 11 کەس لە سەرکردایەتی هەڵبژێردرێن کە لەگەڵ کۆسرەت ڕەسوڵ یەکێتی بەڕێوەببەن تاوەکو دەگەنە کۆنگرە. دواتر هەریەکە لە مەلابەختیار و عومەر فەتاح و شێخ جەعفەر مستەفا، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو بڕیارەیان ڕەتکردەوە. ئێستا لەو نێوانەدا کۆبوونەوە لە دوای کۆبوونەوە، سەرکردەکانی یەکێتی نەیتوانیوە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی هەبێ لەوبارەیەوە.

نەسروڵڵا سورچی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، لەناو سەرکردایەتی بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز هەیە و هەر ئەمەشە تاوەکو ئێستا ڕێگر بووە لەوەی ڕێکبکەون "ئێستا هەمووومان لەسەر کاتی کۆنگرە کۆکین و ئەوە یەکلاکراوەتەوە کە پێنجی ئادار کۆنگرە دەبەستین، ئەوەی ناکۆکی لەسەرە دروستکردن و هەڵبژاردنی ئەو دەستە نوێیەیە کە بۆ سەرکردایەتیکردنی یەکێتی تا کاتی کۆنگرە و ئامادەکارییەکانی کۆنگرە دەمانەوێت هەڵیبژێرین".

کۆمیتە نوێیەکە لە 11 کەس پێکدێن. ئەوانەی ناڕازین زۆرترینیان ئەندامی مەکتەبی سیاسین. لە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوودا بڕیار بوو کەشێکی ئەرێنی دروستبکرێت و بە دەنگدان ئەو ستافە نوێیە بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی هەڵبژێرن، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، نەک ئەوە نەکرا، بگرە عومەر فەتاح و مەلا بەختیار بەشداریی کۆبوونەوەکەیان نەکرد.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە بەشداریی لە کۆبوونەوەکەدا کردبوو، بە (ڕووداو)ی گوت "وا دیارە زەحمەتە ئەو ستافە نوێیە دیاری بکرێن، چونکە بەشێک لە سەرکردایەتی ناڕازین، مەرجی بەشداریکردنی کۆبوونەوەکان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆیان بەستووەتەوە بەوەی ستافی نوێ هەڵنەبژێردرێ و مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕی وەک خۆیان بمێننەوە تاوەکو کاتی بەستنی کۆنگرە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی: "ئەوانەی بۆچوونیان وایە، دەڵێن کۆنگرە دەبەسترێ، کۆنگرەش مانای دیاریکردنی ستافی نوێیە بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی، ئیدی ئەو هەڵبژاردنە چ مانایەکی هەیە، بەڵام بەشێکی دیکە کە زۆرینەن لە سەرکردایەتی، دەڵێن نابێ ئەو سەرکردایەتییەی ئێستا یەکێتی بەڕێوەببەن".

نەسروڵڵا سورچی دەڵێ، کۆمیتە نوێیەکە لە 11 کەس پێکدێن و کاک کۆسرەت سەرۆکایەتی دەکات و هەڵبژاردنی بۆ ناکرێت، بەڵام 10 کەسەکەی دیکە لەناو کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن. سورچی گوتی "چەند بۆچوونێک هەبوو لەسەر ژمارەی ئەندامانی دەستەکە، بەڵام لەکۆتاییدا لەسەر 11 کەس ڕێککەوتووین".

گوتیشی کە ئێستا لەناو سەرکردایەتی دوو بۆچوون هەیە. بەشێک لەگەڵ مانەوەی مەکتەبی سیاسین تا دوای کۆنگرە و بەشەکەی دیکە لەگەڵ هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێن کە لە کۆبوونەوەکەی ڕابردووی سەرکردایەتی دەنگیان لەسەر داوە "بەڵام زۆرینە لەگەڵ بۆچوونی دووەمن، ئەوەش لای ئێمە براوەتەوە کە مەکتەبی سیاسی هەڵوەشاوەتەوە، چونکە دەنگمان لەسەرداوە".

ئێستا یەکێتی لەبەردەم دوو هەڵبژاردندایە. ئەوە جگە لەوەی بۆ پرسە چارەنووسسازە نێوخۆیی و عێراقی و نێودەوڵەتییەکانیش پێویستی بە سەرکردایەتییەکی بڕیاردەر هەیە. لەو دۆخەدا تاوەکو ئێستا مەلا بەختیار و عومەر فەتاح و چەند سەرکردەیەکی دیکە وەکو مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕی کار دەکەن. نەسروڵڵا سورچی دەڵێ "نامانەوێت بابەتەکە بە هەڵبژاردن و دەنگی زۆرینە یەکلایی بکەینەوە. دەمانەوێت تەبایی و کۆدەنگی لەسەر دروست بکەین، چونکە بە دەنگدان و دەنگی زۆرینە ڕەنگە تەشەنوج دروستبێت و برادەرێک لێمان جیابێتەوە کە ئەمەش کەس حەزی پێناکات".

دوای بەئاکام نەگەیشتنی کۆبوونەوەکەی ڕۆژی شەممە، نووسینگەی ڕۆژنامەوانیی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی لە ڕاگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی



سەرکردایەتی یەکێتی درێژە بە کۆبوونەوەکانی دەدات

دەست (ڕووداو) کەوتووە، دەڵێ کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لە پێناو گەیشتن بە بڕیار و ڕێگەچارەی گونجاو بۆ بارودۆخی کوردستان و ئایندەی پەیوەندییەکان و دانانی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ کۆنگرەی چوارەم لە ئایندە بەردەوام دەبێت.

هەر بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوودا کاتێک سەرکردەکانی یەکێتی لەسەر هەڵبژاردنی دەستەی نوێ بۆ سەرکردایەتیکردنی یەکێتی کێشە کەوتووەتە نێوانیانەوە، مستەفا چاوڕەش تووڕە بووە و پێیگوتوون "کارێک مەکەن کێشەکان ئاڵۆزتر بین، پێویستە ڕێکبکەون و ناکرێ بەوشێوەیە ئەو هەموو کۆبوونەوەیە بکرێ، من خۆم وام لێهاتووە لەماڵەوە دابنیشم تاوەکو کێشەکان چارەسەر دەبن". ئەوە لەکاتێکدا کە مستەفا چاوڕەش یەکێکە لەوانەی پاڵێوراوی بەهێزە بۆ ئەوەی یەکێک بێت لە ئەندامانی دەستە نوێیەکە، بەڵام ئەو ڕەتیکردووەتەوە قبوڵی بکات.

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە مەحاڵ نییە و دەڵێ لەسەر کۆنگرە ڕێککەوتووین و براوەتەوە "من بۆ خۆم لەگەڵ مانەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیم وەک خۆی تاوەکو کاتی کۆنگرە،

> لەگەڵ مانەوەی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیم
>
> ئاریز عەبدوڵڵا

ئەمەش لای ئێمە کۆتایی هاتووە، پێشتریش دەنگمان دا بە هەڵبژاردنەوەی مەکتەبی سیاسییەکی نوێ، بەڵام ئێستا مادام کۆنگرە نزیکە و کاتەکەمان یەکلایی کردووەتەوە، پێویست بەو هەڵبژاردنە ناکات بۆ ئەو کاتە کەمە".

گوتیشی: "سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی کارەکانی خۆیان دەکەن تاوەکو کاتی کۆنگرە".

ماوەی سێ ساڵە یەکێتی ناتوانێ کۆنگرەی چوارەم ببەستێ. دوو ساڵ لەمەوبەر مەکتەبی سیاسی پێنج لیژنەی پێکهێنا بۆ ئامادەکارییەکانی کۆنگرە و بەشێک لە لیژنەکان ڕاپۆرتی کۆتایی خۆشیان ئامادە کرد، بەڵام دواجار بەشێک لە مەکتەبی سیاسی تێبینییان لەسەر ڕاپۆرتەکان و شێوازی ئامادەکارییەکان هەبوو، نەخۆشکەوتنی تاڵەبانی و دواتریش دروستبوونی ناوەندی بڕیار، هێندەی دیکە یەکێتیان لە کۆنگرە دوورخستەوە.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە ئەو دەستە نوێیەی هەڵدەبژێردرێ، کاروباری یەکێتی بەڕێوە ببەن بەو شێوەیەی بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی باسی دەکەن "ئەو دەستەیەی ئێستا پێوەی سەرقاڵین و هەوڵ دەدەین هەڵیبژێرین یەک کاری دەبێت، ئەویش ئامادەکارییە بۆ کۆنگرە نەک ببێتە بەدیلی مەکتەبی سیاسی".

> مەکتەبی سیاسی هەڵوەشاوەتەوە و بڕاوەتەوە
>
> نەسروڵڵا سورچی

# دۆسیەی بازرگانیی نەوت لەگەڵ داعش دانەخراوە

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو – هەولێر

دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ و نیو بەسەر هێرشی داعش بۆ سەر باشووری کوردستان، هێشتا دۆسیەی مامەڵەی بازرگانیی نەوت لەگەڵ داعش و تێوەگلانی چەند پلەدارێکی وەزارەتی پێشمەرگە و چەند بازرگانێک، یەکلایی نەبووەتەوە، پەرلەمانتارێک دەڵێ "سەرجەم تۆمەتبارەکان بە بڕیاری دادوەر بە کەفالەت ئازادکراون".

دلێر ماوەتی، جێگری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دۆسیەی بازرگانی و مامەڵەکردن لەگەڵ داعش، هیچ ئەنجامێکی نەبوو، بابەتەکەیان ئەوەندە هێنا و برد و ئاڵۆزیان کرد، دواجار خەریک بوو بەسەر کۆمەڵێک پێشمەرگەی بەستەزمانی بازگەکاندا ساغ بکرێتەوە، بۆیە ئێستا ئەو دۆسیەیە بێدەنگی لێکراوە".

بەپێی قسەی ماوەتی، لە سەرەتای هاتنی داعشەوە لە ناوەڕاستی ساڵی 2014 بۆ ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق لە پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکووک و دیالە، لە هەردوو سلکی مەدەنی و سەربازی لە هەرێمی کوردستان، مامەڵە و بازرگانی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە کراوە کە دواتر دەوڵەتێکی ئیسلامی لە مووسڵ ڕاگەیاند. ماوەتی دەڵێ: "بابەتەکە مەرکەزی نەبوو، چەند پلەدارێکی پێشمەرگە و خەڵک لە سەرەتای هاتنی داعش نەوتیان کڕیوە و دیارە ئێرانیش زانیویەتی کە نەوتەکە هەرزانە، لەوانی کڕیوەتەوە، بۆیە بابەتەکە شەخسی بووە، ئەو مامەڵەیەش لە زۆربەی میحوەرەکان هەبووە".

بەپێی زانیاریی دەزگا ئەمنییەکانی باشووری کوردستان، داعش ڕۆژانە چل تانکەر نەوتی کە بە 10 هەزار بەرمیل دەخەمڵێنرا، دەفرۆشت، هەر تانکەرێکیش بە 12 هەزار دۆلار دەفرۆشرا، بەپێی زانیارییەکان 10 فەرماندەی پێشمەرگە لەو دۆسییە تێوەگلابوون، لیژنەی لێکۆڵینەوە بەڵگەی سەلمێنەری لەسەر ئەو کەسانە کۆکردبووەوە، ئەنجوومەنی وەزیرانیش لیژنەیەکی تایبەتی لە وەزیرانی ناوخۆ، سامانە سرووشتییەکان و داد، ئاسایشی گشتیی هەولێر و سلێمانی و هەواڵگریی پێشمەرگە بۆ لێکۆڵینەوە لەو پرسە پێکهێنا.

> **بڕیاردەری لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش**
>
> هەموو تۆمەتبارەکان بە کەفالەت ئازادکراون

> **جێگری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە**
>
> چەند پلەدارێکی پێشمەرگە نەوتیان لە داعش کڕیوە و بۆ ئێرانیان ناردووە

### دۆسیەکە لای وەزیری ناوخۆیە

د.شێرکۆ جەودەت، پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "من و فرسەت سۆفی و ڕێواس فایەق بە جیا بەدواداچوونمان بۆ ئەو پرسە کرد، دواتر هەوڵەکانمان یەکخست و سەرۆکی پەرلەمان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی دروستکرد، لەگەڵ وەزیری ناوخۆ هاتینە سەرخەت و زانیاری و بەڵگەکانمان خستە بەردەستیان، دواتر وەزیری ناوخۆ وەڵامی بۆ ناردینەوە کە دیاردەکە کۆتایی هاتووە و 14 کەس تۆمەتیان ئاراستە کراوە".

د.شێرکۆ جەودەت کە سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکانە لە پەرلەمانی کوردستان، هەروەها گوتی: "حکومەت ئامادە نەبوو زانیاری و ناوی ئەو کەسانەمان بداتێ کە لە بواری سووتەمەنی لە سنوورەکان لەگەڵ داعش مامەڵەیان کردبوو، پێیانگوتین هەتا تۆمەتەکە لە دادگا لەسەریان ساغ نەبێتەوە، ناوەکان ئاشکرا ناکەین".

(ڕووداو) پەیوەندی بە هەر یەک لە د.سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و عەمید هەڵگورد حیکمەت، بەڕێوەبەری هۆشیاری و ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کرد. ئەوان دەڵێن دۆسیەکە لەلای کەریم شنگالی وەزیری ناوخۆ و پێشمەرگە بە وەکالەتە، ئەوان ئاگاداری ڕێکارەکان نین، بۆیە ناتوانن قسەی تێدا بکەن.

### 9 پلەداری پێشمەرگە تێوەگلاون

قادر ڕەزگەیی، بڕیاردەری لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت، ئەو دۆسیەیە دانەخراوە، بەڵام دادگاکانیش بڕیاری کۆتاییان لە بارەی چارەنووسی تۆمەتبارەکان نەداوە، بەڵکو بە کەفالەت ئازاد کراون.

ئەو پەرلەمانتارە دەڵێ: "نۆ ئەفسەری وەزارەتی پێشمەرگە تۆمەتبار کرابوون بە مامەڵەکردن و بازرگانی لەگەڵ داعش. لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرا و پەڕاوەکانیان ڕەوانەی دادگای سەربازی کرا، کۆمەڵێکی دیکەش کە زۆربەیان شوفێری تانکەر بوون، لەلایەن ئاسایشەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، هەموویان بە کەفالەت ئازادکراون، دۆسیەکە دانەخراوە، بەڵام دادوەرانی سەربازی و ئاسایش بڕیاری کۆتاییان نەدا".

> وەزیری ناوخۆ گوتی 14 کەس دەستگیرکراون
>
> سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان

قادر ڕەزگەیی وردەکاری لێکۆڵینەوەکانی لیژنەکەی ئاشکرا کرد و گوتی: "لیژنەکە نەیانتوانیوە هەندێک کەس بانگهێشت بکەن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن، هەندێک ئەندامی لیژنەکە پێیانگوتم لەو دۆسیەیەدا ناوی چەندین کۆمپانیای گەورە هاتووە کە بازرگانیی نەوتیان لەگەڵ داعش کردووە، ئەوانیش بەهۆی دەستتێوەردانی سیاسی لە ئاستی باڵا، نەتوانراوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت".



داعش ڕۆژانە نزیکەی 10 هەزار بەرمیل نەوتی دەفرۆشت

جگە لە کوشتنی هەزاران کوردی ئێزدی و ئاوارەبوونی دەیان هەزاری دیکە لەلایەن داعشەوە، هێزی پێشمەرگە لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی داعشدا 1824 شەهید و زیاتر لە 10 هەزار بریندار و 62 دیلی هەبووە، بۆیە مامەڵە و بازرگانی لەگەڵ داعش لەسەر ئاستی سیاسی و میللی دەنگدانەوەی زۆری هەبوو. شێرکۆ جەودەت لەوبارەیەوە دەڵێ "داوامان کرد بەپێی ماددەی چواری تیرۆر مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێ".

بەڵام نەکرا و بەردێکی گەورەی لەسەر دانرا.



## کورد داوای دواخستنی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکات

**ڕووداو – هەولێر**

شاخەوان عەبدوڵڵا، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەر پێنج فراکسیۆنە کوردستانییەکانی نێو پەرلەمانی عێراق لەگەڵ ئەوەن هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بۆ ماوەی شەش مانگ دوابخرێت. هەروەها دەڵێت "سوننەکان و بەشێکی زۆری هاوپەیمانی نیشتمانی (شیعەکان)یش لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانن". تاوەکو ئێستا نوێنەرانی کەرکووک لەسەر ماددەی 37ی پڕۆژەیاسای ئەنجوومەنی پارێزگاری کەرکووک نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن، بەتایبەتی لەبارەی بڕگەی سێیەمی ماددەکە، کە تایبەتە دیاریکردنی ئایندەی کەرکووک. تورکمان و عەرەب دەڵێن، دەبێ پەرلەمانی عێراق ئایندەی کەرکووک دیارییبکات، کوردیش ڕەتیدەکاتەوە.

# کەرکووک بۆ "ئاساییبوونەوە" دەبێ چاوەڕێی هەڵبژاردن بێت

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت بە دووری دەزانێ بەبێ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک، هەوڵەکان بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا و وەرگرتنەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک بگەنە ئەنجام. بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک دەڵێ حەشدی شەعبی بە ناونیشانی دیکە لە کەرکووک ماون، بۆیە دەڵێت بەبێ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ ڕەوشی ئاسایی خۆی، پارتی ناگەڕێتەوە کەرکووک، بەوەش یەکێتی لە وەرگرتنی پۆستی پارێزگار نائومێد بووە.

لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە هەریەک لە قایمقامەکانی داقووق و خورماتوو و بەڕێوەبەری کشتوکاڵ و چەند بەڕێوەبەرێکی دیکە لە کەرکووک، لە پۆستەکانیان لادراون. ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت دەڵێ، نامەیەکی فەرمی ناردووە بۆ سەرۆکوەزیران و سەرۆکی پەرلەمان و داوای ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووکی کردووە "بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامیان نەداومەتەوە".

ڕۆژی 2017/10/9 ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆبووەوە. هەفتەیەک دواتر سوپا و حەشدی شەعبی پەلاماری شارەکەیان دا و داگیریان کرد. لەوکاتەوە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بووە بە گرێیەکی ئاڵۆز لە نێوان حیزبەکان و ناکرێتەوە. پارتی نایەوێ بەو شێوەیەی ئێستا بگەڕێتەوە کەرکووک. ئەندامە عەرەب و تورکمانەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش ئامادە نین لە دەرەوەی کەرکووک کۆببنەوە.

بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کەرکووک ڕەخنە لە پارتی دەگرێت و پێیوایە نەگەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک دۆخی کوردی لە کەرکووک زیاتر شێواندووە "کە کۆبوونەوەی ئەنجوومەن نەکرا، ناتوانی پارێزگار وەربگریتەوە. کە پارێزگاریشت وەرنەگرتەوە و ئەنجوومەن نەبوو، ناتوانی چاودێری هیچ بکەیت و بەرگری لە خۆت و مافەکانت بکەی".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت "ئێمە بێهیوا بووین لەوەی پارتی بگەڕێتەوە، ئەوان دەیانەوێ بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی بەغدا بگەڕێنەوە، ئەوەش لەم کاتەدا قورسە".

بەڵام محەممەد کەمال، سەرۆکی لیستی برایەتی لە کەرکووک کە هاوکات بەرپرسێکی پارتیشە لە شارەکە، دەڵێ "ئێمە چۆن دەگەڕێینەوە بۆ کەرکووک کە بارەگاکانی ئێمە و یەکێتی 100 مەتر نێوانیانە، بەڵام ئەوانەی ئێمە کراونەتە سەربازگە و ئەوانیش لەنێو بارەگای خۆیان دەوام دەکەن و کێشەیان نییە؟ دەڵێن حەشدی شەعبی لە کەرکووک نەماون، نەخێر لەژێر ناوی دیکە ماون. ئێستا ماڵی من و عیرفان کەرکووکی حەشدی تێدایە".

تورکمان و عەرەبەکانی کەرکووک کە 14 ئەندامیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکدا هەیە، پارێزگار و زۆربەی پۆستە باڵاکانی دیکەیان لەدەستە، لەکاتێکدا لیستی برایەتی خاوەنی 26 ئەندامی ئەنجوومەنەکەیە.

بەرپرسانی کورد ترسی ئەوەیان هەیە تاوەکو ئەو کاتەی ڕەوشی کەرکووک ئاسایی دەبێتەوە، بەعەرەبکردن و گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان ببێتەوە بەڵایەک کە چارەسەرکردنی پێویستی بە کاتی زۆرتر هەبێ. بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووک کە ئێستا کەسێکی تورکمانی شیعە مەزهەبی خەڵکی تەلەعفەر لە شوێنی ئەو کاروبارەکانی کشتوکاڵی کەرکووک ڕادەپەڕێنێ، دەڵێ بەپێی زانیارییەکانی ئەو تاوەکو ئێستاش عەرەبە هاوردەکان ڕۆژانە سەرقاڵی سکاڵا نووسین و داواکارین بۆ ئەوەی زەوییەکان وەربگرنەوە "گەڕاونەتەوە بۆ یایچی و لەیلان و داقووق و سەرگەڕان و تەنانەت پردێش، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان زەوییەکانیان کێڵاوەتەوە، ژمارەیەک خێزانیش لە پارێزگاکانی دیوانییەوە هاتوون، بەڵام ئاسان نییە زەوییەکانیان بەناو بکرێتەوە".

مەهدی موبارەک، هەروەها دەڵێ: "زیاتر لە دوبز و داقووق زەوییەکانیان کێڵاوەتەوە، بەگشتی پارێزگار دەسەڵاتی ئەوەی نییە زەوی بۆ ئەوان بگێڕێتەوە و دەبێ لەلایەن دادگاوە بڕیار بدرێ، دادگاکانیش ڕاستە بە دەست کوردەوە نین، بەڵام ئەوە هەروا ئاسان نییە زەوییەکانیان بەناو بکرێتەوە".

تاوەکو ئێستا چوار جار سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک خشتە و کاتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی داناوە و بەهۆی کێشەکانی نێوان لیستی برایەتی لەلایەک و لەلایەکی دیکە کێشەی نێوان لیستەکانی عەرەب و تورکمان لەگەڵ لیستی برایەتی و هەروەها ناکۆکی نێوان تورکمانەکانیش، نەتوانراوە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەڕێوەبچێ. ئەم ڕەوشە تاکەی بەردەوام دەبێ؟

محەممەد کەمال، سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتی، دەڵێ ڕەوشەکە ئاوا دەمێنێتەوە تاوەکو دوای هەڵبژاردن، یان حکومەتی عێراق بڕیار دەدات ڕەوشی کەرکووک ئاسایی بکاتەوە "پرسی ئاساییکردنەوەی کەرکووک لای ئێمە وەک پرسی فڕۆکەخانەکان و دەروازە سنوورییەکان و کێشەکانی دیکە دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ لەگەڵ بەغدا".

ڕێبوار تاڵەبانیش دەڵێت: "لیستی برایەتی کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پێکدەهێنێ، ئێستا هەر 26یان لە دەرەوەی کەرکووکن، هەندێکیان هاتوچۆی کەرکووک دەکەن، لە سەرووی 20 کەسیان ماڵیان لە کەرکووک نییە، ئەوەش بۆ خۆی خوێندنەوەیەک هەڵدەگرێ".

ئەو باسی نامەکەی دەکات کە تێیدا بۆ سەرۆکوەزیرانی عێراقی ڕوونکردووەتەوە چۆن ڕەوشەکە ئاسایی دەکرێتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ دەزگا و سەرۆکایەتییەک لەوانەی نامەکەی بۆ ناردوون، وەڵامیان نەداوەتەوە. گوتیشی "تاوەکو ئێستا، نووسراوەکانی ئەنجوومەن دێننە هەولێر و من لێرە ئیمزایان لەسەر دەکەم".



تاوەکو ئێستا چوار هەوڵ بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک شکستی هێناوە

**ڕێبوار تاڵەبانی**

### نووسراوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە هەولێر واژۆ دەکەم

**سەرۆکی فراکسیۆنی برایەتی**

### ئاساییکردنەوەی کەرکووک وەک پرسی فڕۆکەخانەکان و دەروازە سنوورییەکان و دەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ

# پارتی بۆ پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان چاوەڕێی یەکێتییە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو – هەولێر**

پتر لە مانگێک بەسەر دەستلەکارکێشانەوەی د. یوسف محەممەد لە ئەندامێتی و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان تێپەڕیوە و هێشتا دەستلەکارکێشانەوەکەی نەخراوەتە دەنگدانەوە، پارتی چاوەڕێیە یەکێتی ئەو پۆستە پڕبکاتەوە، بەڵام دەستەوستانیی یەکێتی لە سازدانی کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی حیزبەکە، ئەو پۆستەی بە بەتاڵی ڕاگرتووە.

ڕۆژی 2017/12/26 د.یوسف محەممەد سادق، دەستکێشانەوەی خۆی لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاند. دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمان لە پۆستەکەی، دوای شەش ڕۆژ لە کشانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لە حکومەت هات، بەڵام تاوەکو ئێستا پەرلەمانی کوردستان دەستلەکارکێشانەوەکەی نەخستووەتە دەنگدانەوە.

بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دکتۆر یوسف لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەستی لەکارکێشاوەتەوە، ئەوە ئیشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە بیخاتە دەنگدانەوە".

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان ڕەخنە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگرێت کە تاوەکو ئێستا دەستلەکارکێشانەوەکەیان نەخستووەتە دەنگدانەوە و دەڵێ: "بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبوو بۆ دانیشتنی دواتر سەرۆکێکی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرێت".

بەپێی ماددەی 16 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمان بە نامەیەک دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی پەرلەمان دەکات، دوای ئەوەی بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پەسەند کرا، لە کۆبوونەوەی دواتری پەرلەماندا بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران (50+1) کەسێکی دیکە بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت.

ئەبوو کاروان، سەرۆکی فراکسیۆنی ئازادی لە پەرلەمانی کوردستان نەخستنە دەنگدانی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمانی بۆ ناکۆکی پارتی و یەکێتی گەڕاندەوە و ئەوەشی بە پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان وەسف کرد و بە (ڕووداو) گوت: "پارتی و یەکێتی نەیانشاردووەتەوە کە بەهۆی ناکۆکی و ڕێکنەکەوتن لەسەر بەدیلی دکتۆر یوسف، دەستلەکارکێشانەوەکەیان نەخستووەتە دەنگدانەوە، ئەمەش پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆیە".

لە دوای ڕووداوەکانی 12ی ئۆکتۆبەر و ڕێگری لە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان بۆ هەولێر، پارتی هەوڵی لەگەڵ چەند لایەنێکی نێو پەرلەمان دا کە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرن، بەڵام هیچیان بۆ ئەوە ئامادە نەبوون.

لە دوای کاراکردنەوەی پەرلەمان و پاشان درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، یوسف محەممەد ئامادە نەبوو بگەڕێتەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

ئەبوو کاروان دەڵێ: "وەکو حیزبی شیوعی ئامادەنین ئەو پۆستە وەربگرین، چونکە بەو شێوازە ئیشکردنەی ئەو پێنج لایەنە لە سەرەتای دامەزراندنی کابینەی هەشتەمی حکومەت و دابەشکردنی پۆستەکان ڕازی نین و نەبووین و ڕەخنە و تێبینی زۆرمان هەیە".

لە بۆشایی نەبوونی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستاندا، ڕەخنە و سەرنجەکان زیاتر لەسەر پارتییە، بەڵام پەرلەمانتارێکی ئەو حیزبە ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ "بژارەی یەکەم بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستەیە لەلایەن یەکێتییەوە".

نازم هەرکی، پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دەبێ لەگەڵ لایەنەکان سەرەتا بگەینە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کێ بکرێتە سەرۆکی پەرلەمان، ئینجا دەستلەکارکێشانەوەی یوسف محەممەد بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەگەر بەدیلەکەی دیاری نەکرێت پەرلەمانی پەکیدەکەوێ، هەتا ئێستاش بژارەی یەکەم بەلای پارتییەوە، وەرگرتنی ئەو پۆستەیە لەلایەن یەکێتییەوە، ئەگەر ئەوانیش وەرینەگرن، دواجار هەر دەبێ کەسێک ئەو پۆستە وەربگرێ".

لە ماوەی ڕابردوودا پارت و فراکسیۆنەکانی کریستیان، تورکمان و ئەرمەن لە پەرلەمانی کوردستان ئامادەیی خۆیان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە دەربڕیوە، ڕۆمیۆ هەکاری، سکرتێری حیزبی دیموکراتی بەیت نەهرێن پێشتر بۆ (ڕووداو)ی ئاشکرای کردبوو کە لە ڕێگای نامەیەکی فەرمییەوە داوای لە پارتی و یەکێتی کردووە لە نێو ئەو 11 پەرلەمانتارەی کۆتاکان کەسێک تاوەکو کۆتایی ئەم خولە لە شوێنی یوسف محەممەد بکرێتە سەرۆکی پەرلەمان.

نازم هەرکی دەڵێ: "دەمانەوێ کەسێک ببێتە سەرۆکی پەرلەمان کە هەڵەکانی ڕابردوو دووبارە نەکاتەوە، پۆستی سەرۆکی پەرلەمان گرنگ و هەستیارە، بۆیە دەمانەوێ بە ڕێککەوتنی سیاسی ئەو پۆستە یەکلابکرێتەوە".

عەباس فەتاح، پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لەلایەن حیزبەکەی بۆ بڕیاری سیاسی و کۆبوونەوەکانی پارتی و یەکێتی گەڕاندەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "پڕکردنەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لەلایەن یەکێتییەوە پێویستی بە بڕیاری سەرکردایەتی و کۆبوونەوەکانی نێوان شاندی باڵای پارتی و یەکێتی هەیە، هەر کاتێک بڕیاری سیاسی لێدراو ڕێککەوتنی لەسەر کرا ئەو کاتە هەنگاوە یاساییەکان ئاسانە، چونکە ئەو پرسە چەندی یاسایيە، ئەوەندەش سیاسییە".

لە دانیشتنی ڕۆژی 2017/10/24 دا پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگ ماوەی کارکردنی پەرلەمانی کوردستانی بۆ دوو خول درێژ کردەوە کە دەکاتە نزیکەی هەشت مانگ. ئەگەرچی پارتی داوای هەڵبژاردنی پێشوەخت دەکات، بەڵام یەکێتی داوای تەواوکردنی دوو خولەکە دەکات، هەرچی لایەنەکانی دیکەشن داوای هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام بە مەرجی پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران و هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن. دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی پەرلەمانی عێراق ڕۆژی 2018/5/12ی دیاری کرد بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، بەمەش ئەگەرێکی زۆر بەهێز هەیە، هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکەوێتە مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوو.

سەرکردەیەکی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "پارتی داوای لە ئێمە کردووە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرین، بەڵام مەکتەبی سیاسی هەڵوەشاوەتەوە و سەرکردایەتیش بە زەحمەت کۆدەبێتەوە. ئەگەر کۆشببێتەوە پرسی یەکلاکردنەوەی کۆنگرە بەلای یەکێتییەوە لەپێشترە، خواستێکی زۆریش لە نێو یەکێتی هەیە بەو ماوە کەمەی ماوە بۆ هەڵبژاردن باش نییە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرین، بە تایبەتی کە لە ماوەی ڕابردوودا ئەو پۆستە لای گۆڕان بووە".



ڕۆژی 2017/12/26 د.یوسف محەممەد سادق دەستی لە کار کێشایەوە

**سەرۆکی فراکسیۆنی ئازادی**

### نەخستنە دەنگدانی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمان پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆیە

**سەرکردەیەکی یەکێتی**

### باش نییە لەو ماوە کەمەی کە ماوە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەرگرین

## سلێمانی حیزبی نوێ دەنێرێتە پەرلەمان

# خولی داهاتووی پەرلەمان پڕ دەبێ لە لیستی بچووک

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

ئەو دوو هەڵبژاردنەی چاوەڕێی حیزبەکان دەکات، بووەتە تاقیکردنەوەیەکی قورس و پێشبینی ئەنجامەکەی دژوارە، بەڵام زۆرتر چاوەکان لەسەر سلێمانین. چونکە هەر سلێمانییە کە ژمارەی لیستەکانی نێو پەرلەمانی کوردستان زۆرتر دەکات، بەڵام بە کورسیی کەمتر.

نۆ ساڵ لەمەوبەر، نەوشیروان مستەفا بۆمبی لیستێکی لەپاڵ سەری یەکێتیدا تەقاندەوە و 24 کورسی پەرلەمانی بردەوە. بەوەش یەکێتی نیوەی کورسییەکانی لەدەستدا. هێشتا شۆکی لیستی گۆڕان بەتەواوی یەکێتیی بەرنەدابوو، جێگری دووەمی سکرتێری ئەو حیزبە هاوپەیمانییەکی بۆ هەڵبژاردن ڕاگەیاند. دێوەزمەی لیستەکەی بەرهەم ساڵح وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی باسی دەکات "وەک نەوشیروان مستەفا دەنگ لە یەکێتی ناکاتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانێ لانیکەم دوو کورسی یەکێتی ببات".

کێشەی یەکێتی کە ئێستا خاوەنی 18 کورسییە لە پەرلەمانی کوردستان، لەو هەڵبژاردنەدا تەنیا ئەوە نییە کە بەرهەم ساڵح بەرامبەریان وەستاوەتەوە، بەڵکو کێشە نێوخۆییەکانیان لەبارەی کۆنگرە و بەڕێوەبردنی یەکێتی و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسیش کێشەی گەورەن. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە داوایکرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتی: "یەکێتی هەوڵ دەدات بەرهەم ساڵح هەمان سیناریۆی گۆڕان دووبارە نەکاتەوە و هەندێک کادر و ئەندامی سەرکردایەتی نزیک لەخۆی وەک بۆمبی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لەناو یەکێتیدا بەبێدەنگی جێنەهێشتبێ، لیژنەیەک لەوە دەکۆڵنەوە".

بەڵام ڕێبوار کەریم گوتەبێژی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە لیستەکەیان چاوی لە دەنگەکانی یەکێتی بێت "ئێمە چاومان لە هەموو ڕووبەرە خۆڵەمێشییەکەیە. هەموو ئەوانەش کە لەو دۆخە ناڕازین و سەردەمێکی باشتر و ئەزموونێکی دەسەڵاتدارێتی باشتریان دەوێ".

لە ئۆفیسی سلێمانیی ئەو هاوپەیمانییە، ژمارەیەکی زۆر کادر و پەرلەمانتارە یەکێتییەکانی خولەکانی پێشووی پەرلەمانی عێراق و کوردستان و هەروا ژمارەیەک بەرپرس و کادری پێشووی کۆمەڵی ئیسلامی دەبینی کە بەچڕی سەرقاڵی کۆبوونەوەن. ئارام قادر، یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی جارانی کۆمەڵی ئیسلامی کە ساڵانێکە دانیشتووە، دەڵێ: "دوای یەکێتی ، بەرهەم ساڵح دەنگی زۆر لە کۆمەڵی ئیسلامی دادەڕنێ". بەڵام هاوژین عومەر، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی ئەوە بەدوور دەزانێ و دەڵێ: "ئەو حیزبانەی تازە دامەزراون گوتارێکیان هەیە کە ساڵانێکە ئێمە وەک ئۆپۆزیسیۆن و لەناو دەسەڵاتیش کارمان لەسەر کردووە".

کۆمەڵی ئیسلامی شەش کورسی هەیە لە پەرلەمانی کوردستان، چاوی لەوەیە کورسییەکانی زۆرتر ببن. هاوژین عومەر دەڵێ: "حیزب و لیستە نوێیەکان کاریگەرییان لەسەر دەنگدەری ئیسلامی نابێ، پێشتریش هەڵبژاردن هەبووە و کاک ئارام لە دەرەوەی کۆمەڵ بووە و ئێمە دەنگی خۆمان هێناوە".

### "نەوەی نوێ لە حەوشەی گۆڕان دەگەڕێ"

لیستی نەوەی نوێ کە لەلایەن شاسوار عەبدولواحیدەوە دامەزراوە و لە کۆمیسیۆنیش تۆمار کراوە، تاوەکو ئێستا چەندجارێک لەلایەن بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە هۆشداریی دراوەتێ کە لاسایی نەوشیروان مستەفا نەکاتەوە لە قسەکردن و تەنانەت لە پۆشینی جلوبەرگدا. بەڵام ئەوە ترسیشە لەوەی دەنگەکانیان ببات.

بەڵێن ئیسماعیل، ئەندامی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ بزووتنەوەی گۆڕان لە چوار ساڵی ناو دەسەڵات و پەرلەماندا ئەوەندە هەڵوێستی ڕاشکاوانە و بەرگریکارانەی هەبووە لە مافی خەڵک کە لە لیست و حیزبی نوێ نەترسێ "لەوانەیە هەندێک دەنگی ئێمە ببەن، بەڵام زۆر زیاتر لەوە دەنگی نوێ وەردەگرینەوە".

لیستی نەوەی نوێ زۆرتر کار لەسەر دەنگی گەنجان دەکات و بەشێکی زۆر لەوانەش کە ئێستا کار بۆ لیستەکە دەکەن، پێشتر لە نێو بزووتنەوەی گۆڕاندا بوون. یەکێک لە پەرلەمانتارەکانی فراکسیۆنی گۆڕان بەناوی ڕابوون مەعرووف، ئێستا یەکێکە لە سەرکردەکانی نەوەی نوێ.

> یەکێتی لیژنەیەکی بۆ بەرهەم ساڵح پێکهێناوە

### "ئێمە ناترسین"

ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کە حیزبەکەی 10 کورسی هەیە لە پەرلەمان، دەڵێت ئەم هەڵبژاردنە قورسە و لە سلێمانی ئاڵۆزترە، بەڵام پێیوانییە یەکگرتوو دەنگەکانی خۆی لەدەستبدات "یەکگرتوو لەو ماوەیە هەوڵی زۆری دا گرژیی سیاسی نێوان لایەنەکان زۆرتر نەبێ و لەهەمانکاتیشدا بەردەوام کاری بۆ ئاشتەوایی کردووە". مستەفا عەبدوڵڵا، هەروەها دەڵێ چەند حیزبێکی نوێ هاتوونەتە نێو کێبڕکێکەوە و ئەوەش وای کردووە پێشبینی ئەنجامەکان ئاسان نەبێ "ئێمە وەک یەکگرتوو ئامادەین بۆ هەڵبژاردن و پێشمانوانییە حیزبە نوێیەکان دەنگی ئێمە ببەن، لەوانەیە کاریگەرییان لەسەر دەنگی حیزبی دیکە هەبێ".

یەکگرتوو، زۆرتر چاوی لەسەر پارێزگای دهۆکە، بەڵام هەمیشە سەرکردایەتییە ڕەخنەگرەکەی لە سلێمانین، بەوپێیەی نایانەوێ دەنگەکانی ئەو پارێزگایەیان بچێتە تۆوڕەکەی گۆڕان و حیزبەکانی دیکەوە. سەرکردەیەکی یەکگرتوو لە سلێمانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، پێیوایە کۆمەڵی ئیسلامی دەنگی ئەوان نابات و هەوڵەکانی ئەمینداری گشتی حیزبەکەشیان بۆ دروستکردنی لیستی هاوبەشی ئیسلامی، بە کاریگەر دەزانێ بۆ ئەوەی ڕووبەری خۆڵەمێشیی ئیسلامییەکان بۆ یەکگرتوو بێ.

### "گەورەکان بچووکەکان قووت دەدەن"

بەرپرسێکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان، باسی جیاوازیی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و عێراق دەکات و دەڵێ قەوارەی زیاتر هەڵبژاردنەکە ئاڵۆزتر دەکات و کاریگەریشی هەیە لەسەر کورسییەکان "بەوپێیەی نرخی کورسی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دیاریکراوە، کاریگەریی ئەوتۆی نابێ، بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق وا نییە".

ئیسماعیل خورماڵی، بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی، دەڵێ "ئەگەر حیزبەکان زۆر بچووک بوون، ئەگەری هەیە ئەو دەنگانە نەگەنە کورسی و لەو حاڵەتەدا ئەو دەنگانە دەچن بۆ ئەو حیزبانەی زۆرترین دەنگیان هێناوە، بەڵام ئەگەر حیزبێک لە کورسی بەرەو ژوور بهێنێ، ئەو کێشەیەی نایەتە ڕێ".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بەرپرسانی نێو حیزبەکانەوە وەریگرتووە، ئەگەری بەهێز و چاوەڕوانکراو ئەوەیە، لە سلێمانی حیزبە نوێیەکان کورسی بهێنن و بەوەش کورسی لایەنەکانی دیکە کەم دەکەنەوە و ئەوەش وادەکات لیستەکانی نێو پەرلەمان زۆرتر ببن "بەڵام لیستی بچووک بچووک کە ڕەنگە نە گۆڕان 24 کورسی بهێنێ و نە یەکێتی 18 کورسییەکەی دەستبخاتەوە"، بەرپرسی یەکێک لە حیزبەکان وادەڵێ.

ئیسماعیل خورماڵی باسی نرخی کورسی دەکات و دەڵێت: "هەرێمی کوردستان یەک بازنەیە و ژمارەی کورسییەکانیش دیاریکراون، لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو نزیکەی 2 ملیۆن کەس دەنگیانداوە، ئەگەر ئەو دوو ملیۆنە دەنگ بدەنەوە، ئەوە هەر کورسییەک 20 تاوەکو 25 هەزار دەنگی دەوێ، بەپێی ڕێژەی بەشداربووانیش نرخی کورسی دەگۆڕێ".


پێشبینی دەکرێ نرخی کورسییەکی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان 20 هەزار دەنگ بێت

> لە ئارام قادر ناترسین
>
> بەرپرسێکی کۆمەڵ

> چاومان لە ڕووبەرە خۆڵەمێشییەکەیە
>
> گوتەبێژی لیستەکەی بەرهەم ساڵح

## بۆ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن

# کۆمیسیۆن چاوەڕێی گەڕانەوەی نێچیرڤان بارزانییە

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

ئەندامێکی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ڕایگەیاند کە ئەنجوومەنی کۆمسیاران بە تێکڕای دەنگ بڕیاریان داوە بۆ پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران پشت بە داتا و ژمارەکانی پسوولەی خۆراکی وەزارەتی بازرگانیی عێراق ببەسترێ.

جووتیار عادل گوتیشی کە ئەو تۆمارە ڕۆژانە نوێ دەکرێتەوە و پاک دەکرێتەوە "پاشان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێی وەزارەتەکانی تەندروستی، ناوخۆ، پێشمەرگە و داد تۆمارەکە پاک دەکەینەوە لە ناوی دووبارە، وەهمی و مردووان، دواتر دەیخەینە بەردەم ڕای گشتی و حیزبەکان".

هەر سەبارەت بەو پرۆسەیە، کارزان گەردی، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕێکارەکانی کۆمیسیۆن بۆ پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران بە باشی دەڕۆن، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە، تاوەکو ئێستا وەڵامی نووسراوەکانی کۆمسیۆنی نەداوەتەوە بۆ دەرهێنانی ناوی دووبارە و وەهمی و مردوو".

ئەگەرچی ئۆپۆزیسیۆن ڕەخنە لە پارتی و یەکێتی دەگرن و پێیانوایە ئەوان لە پشت پاکنەکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانەوەن، بەڵام ئەوانیش دەڵێن لەگەڵ پاککردنەوەی تۆمارەکەن.

بڕیار ڕەشید، گوتەبێژی دەزگای هەڵبژاردنەکانی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە لەگەڵ تۆمارێکی دەنگدەرانی پاکین کە دەستەبەری هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە بکات، ئەوە ئیشی کۆمسیۆن و حکومەتە ئەو تۆمارە خاوێن بکەنەوە".

هەر لەوبارەوە ڤیان سابیر، یاریدەدەری بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە پشتیوانیی کۆمسیۆن دەکەین بۆ پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بەڵام پرۆسەکە ئاسان نییە و ئاستەنگی گەورەی لەبەردەمە. وەزارەتی تەندروستی ناوی مردووانی بۆ کۆمیسیۆن ناردووە، وەزارەتی بازرگانیش لە ڕێگای پسوولەی خۆراکەوە ئەو چوار لەدایکبووەی کە مافی دەنگدانیان هەیە بۆ کۆمسیۆن دەنێرێ، دەتوانم بڵێم کارەکانی کۆمسیۆنی کوردستان لەوەی عێراق باشترە، چونکە ئەوان پشت بە بایۆمەتری دەبەستن".

### حیزبەکان ژمارەی جیاواز دەڵێن

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەست (ڕووداو) کەوتووە، 6343 ناو لە تۆماری دەنگدەراندا هەن کە داتاکانیان 100% هەڵەیە. 96 هەزار و 258 دەنگدەر ناوی سیانی و ساڵی لەدایکبوونیان وەکو یەکە، زۆربەشیان دەنگدەری تایبەتن، وەک پێشمەرگە و هێزەکانی پۆلیس کە لە دەنگدانی گشتیش ناویان هەیە. 786 دەنگدەریش وەکو سەرۆکی خێزان هەژمارکراون، بەڵام هیچ ئەندامێکی خێزانیان نییە.

بەڵام بەرپرسانی گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری ژمارەی زۆر لەوە زیاتر دەخەنەڕوو.

ڕۆژی 2018/1/7، سەروەر عەبدولڕەحمان، سەرۆکی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان کە لە هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری نزیکە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی 900 هەزار ناوی ساختە و دووبارە لە تۆماری دەنگدەراندا هەیە، بەڵام بەهزاد زێباری، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، باس لە 615 هەزار ناو دەکات، هەرچی هاوژین عومەر، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامیشە، باسی 500 هەزار ناو دەکات. وریا ئەحمەد، ئەندامی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەڵێت: "زیاتر لە 600 هەزار ناو هەیە لەو لیستەدا کە ئێمە تێبینیمان لەسەریان هەیە و پێمانوایە زیادەن و دەبێت لاببرێن".

بەڵام یاریدەدەری بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دەڵێ: "هێشتا زووە قسە لەسەر ژمارەی دەنگی مردوو و دووبارە بکەین، هەر کاتێک کۆمیسیۆن پرۆسەکەی تەواو کرد، ئەو کات لایەنەکان دەتوانن ڕەخنە و قسەی خۆیان لەسەر دوایین تۆماری دەنگدەران بکەن".

### کۆمسیۆن 105 ڕۆژی پێویستە

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 2017/12/17 بە نووسراوێک داوای لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد ڕۆژی هەڵبژاردن دیاری بکات کە ماوەی سێ مانگ تێپەڕ نەکات. خواستی پارتی ئەوە بوو هەڵبژاردنەکانی کوردستان پێش ئەوەی عێراق بکەوێ، بەڵام یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ ئەوە نەبوو.

بڕیار ڕەشید، گوتەبێژی دەزگای هەڵبژاردنەکانی یەکێتی دەڵێ: "هەڵوێستی یەکێتی ڕوونە، نە لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنە نە لەگەڵ پێشخستنی. لەگەڵ ئەوەین دوای تەواوبوونی تەمەنی یاسایی پەرلەمان، هەڵبژاردن بەڕێوەبچێ".

جووتیار عادل، ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەڵێ: "دوای گەڕانەوەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی داڤۆس، کۆمسیۆن، حکومەت و پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی بۆ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن دەکەین".

گوتیشی: "لە ڕۆژی دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنەوە، 105 ڕۆژمان پێویستە بۆ ئامادەسازییەکانی ئەو پرۆسەیە".

بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانیش کۆمسیۆن داوای 29 ملیار دیناری کردووە، حکومەت 10 ملیار دیناری خستووەتە سەر حیسابی کۆمیسیۆن، بڕیاریشە لە ناوەڕاست و کۆتایی پرۆسەکە بە دوو بەش، پارەکەی دیکەش بخرێتە سەر هەمان حیساب.

### یەکێتی: داوای کۆمیسیۆنی عێراقمان نەکردووە

بەپێی یاسای ژمارە چواری ساڵی 2014ی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران کە ژمارەیان نۆ کەسە، پێویستە بێلایەن بن و ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسی نەبن، بەڵام ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە لەنێوان هەر پێنج حیزبەکەدا دابەشکراون. ئەم کۆمسیۆنە تەنیا ئەزموونی بەڕێوەبردنی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی هەیە، هەندێک لایەن لەگەڵ ئەوەن هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان هەر لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە سەرپەرشتی بکرێ.

جووتیار عادل دەڵێ "ئەمە پێچەوانەی یاسای پەرلەمانی کوردستانە، برادەرانی یەکێتی داوایان کردبوو کە کۆمسیۆنی عێراق سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنە بکات، چونکە کۆمسیۆنی بەغدا لە ژێر کۆنترۆڵی ئێرانە و لە بەرژەوەندیی ئەوانە، ویستیان قەناعەت بە گۆڕان و کۆمەڵیش بکەن، بەڵام کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە کارەکانی بەردەوامە و ئەو داواکارییە سەری نەگرت".

بەڵام بڕیار ڕەشید، ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ: "یەکێتی بە فەرمی داوای لەم جۆرەی نەکردووە، ئێمە لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی کوردستان مامەڵە دەکەین، ئەو قسانە هیچ بنەمایەکیان نییە".


96 هەزار و 258 دەنگدەر ناوی سیانی و ساڵی لەدایکبوونیان وەکو یەکە

> **گۆڕان:** کارەکانی پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران باش ڕۆیشتووە

> **ئەندامێکی کۆمسیۆن:** یەکێتی داوای کردووە کۆمسیۆنی عێراق سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکات

> **پارتی:** پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران پرۆسەیەکی ئاڵۆزە



## ئێران کۆڵبەری قەدەخە دەکات

**ڕووداو – هەولێر**

حوسێن فەیروزی، جێگری ئابووری پارێزگاری سنە ڕایگەیاند کە حکومەتی ئێران پلانێکی دارشتووە بۆ ئەوەی چیدی کاری کۆڵبەری لەسنورەکانی کوردستان نەکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش سێ بازاڕ لە سنورەکانی ئیدارەی گومرگی پارێزگای سنە لە ناوچەکانی ملەخۆر لە سەوڵاوە، خانم شێخانی لەمەریوان و سەیرانبەنی بانە دەکرێنەوە. فەیروزی دەڵێت "پیلەوەری جێگەی کۆڵبەری دەگرێتەوە و هەموو جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی و کەلوپەلەکان لە سنوورە نافەرمییەکان ڕێکدەخرێن و دەوڵەت چاودێریان دەکات". هەروەها دەڵێت "پلانێکی زۆرباشە و کۆڵبەری لە ناوچەکە ڕیشەکێش دەکات و پیلەوەرەکان دەتوانن بە یاسایی کەلوپەل هاوردە بکەن و داهاتیشیان هەبێت".

## ولاتەکانیان وەریاناگرنەوە

# 300 چەکداری بیانیی داعش لە گرتووخانەکانی ڕۆژئاڤان

**ڕووداو – هەولێر**

لە ماوەی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی ڕەققە، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) سەتان چەکدار و ئەندامی خێزانی چەکدارانی داعشیان دەستبەسەر کرد و ئێستا لە چەند کەمپێک ڕایانگرتوون. بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا نیگەرانن لەوەی ئەو کەمپانە جارێکی دیکە ببنەوە بنکەی خۆڕێکخستنەوەی چەکدارانی داعش، پاشان ئەو هەڵەیە دووبارە ببێتەوە کە ساڵانێک پێشتر ئەوان خۆیان لە کەمپەکانی عێراق کردبوویان.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، ئیدارەی کۆشکی سپی وازی لەو چەکدارانە هێناوە کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لە 30 وڵاتی جیاوازەوە ڕوویان لە سووریا کردووە. زۆرینەی چەکدارە دەستبەسەرەکانی داعش لە کاتی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققەی پایتەختی داعشدا گیراون.

لە کاتی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، هێزە عێراقییەکان ژمارەیەکی زۆر چەکداری داعشیان دەستگیر کردبوو. بەشێک لەو چەکدارانە دراونەتە دادگا و بڕیاریان بۆ دەرچووە، بەڵام وەکوو لە ڕاپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکیدا هاتووە، چەکدارانی ژێر دەستی هێزە کوردییەکانی سووریا ڕووبەڕووی چارەنووسێکی نادیار بوونەتەوە، لەبەرئەوەی ڕۆژئاڤای کوردستان لەڕووی نێودەوڵەتییەوە تاوەکو ئێستاش بەشێکە لە سووریا، ئەمەش دەستی دادوەرانی ڕۆژئاڤای کوردستانی بەستووە.

زۆر لە وڵاتانی ئەورووپی نایانەوێ ئەو چەکدارە بیانییانە وەربگرنەوە کە پێشتر وڵاتی خۆیان بەرەو عێراق یان سووریا جێهێشتبوو. پارساڵ حکومەتی فەرەنسا بە بەرپرسانی ئەمنیی حکومەتی عێراقیان ڕاگەیاندبوو کە بەهیچ شێوەیەک ئامادەنین فەرەنسییەکانی نێو داعش وەربگرنەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، لە کاتی ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا هێزە تایبەتەکانی فەرەنسا ناوی 27 چەکداری فەرەنسییان بەهێزە عێراقییەکان دابوو، دواتریش 40 سەربازی هێزە تایبەتەکانی ناردبوو بۆ ئەوەی یارمەتیی دۆزینەوە یان کوشتنی ئەو گومانلێکراوە فەرەنسییانە بدەن. هەفتەی ڕابردووش دادگای عێراق سزای لە سێدارەدانی بۆ ئافرەتێکی ئەڵمانی بە ڕەچەڵەک مەغریبی بەناوی (لەمیا. ک) دەرکرد کە لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵدا دەستگیرکرابوو.

دۆسیەی چەکدارە بیانییەکانی داعش یەکێک لەو پرسانەیە کە هێزە ئەمریکییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژئاڤا کاری لەسەر دەکەن. بەپێی ڕاپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)، هێزی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمریکا پەنجەمۆر و بایۆمەتری لەو 200 – 300 چەکدارەی داعش وەردەگرن کە لە کەمپەکانی نزیک ڕەققە دەستبەسەرن. دواتریش لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکەن بۆ ئەوەی سەبارەت بە تۆڕی چەکدارە بیانییەکان و مەترسییەکانیان بۆ وڵاتەکانی خۆیان زانیارییان دەستبکەوێ.

ئەمریکییەکان ئەزموونی کەمپی (بۆکا)یان لە باشووری عێراق هەیە کە بەلای زۆربەی شارەزایانەوە لانکەی سەرهەڵدانی داعش و گرووپە توندئاژۆکانی دیکەی سەر بە قاعیدە بوو. ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە باڵاکانی داعش پێشتر لە کەمپی بۆکا ڕاگیرابوون، لەوانەش خودی ئەبوبەکر بەغدادی، ئەبو موسلیم تورکمانی، حاجی بەکر و ئەبو محەممەد عەدنانی کە هەموویان سەرکردەی باڵای ڕێکخراوی داعش بوون. هەر ئەم ئەزموونەش وای کردووە بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا بە ترسەوە لە مانەوەی چەکدارانی داعش لە کەمپە کاتییەکان بڕوانن.

ڕایان دیلۆن، گوتەبێژی هاوپەیمانان لەمبارەیەوە بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاند "پێشتر بینیومانە چی ڕوودەدات، کاتێک گرووپێک لە تیرۆریستە ڕاهێنراوەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە شوێنێک دەستبەسەر دەکرێن. نامانەوێت تووشی ئەمە ببینەوە". بەڵام ئەو هەوڵانەی بەشی سەربازیی حکومەتی ئەمریکا بێ کێشەش نین.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی (نیویۆرک تایمز)، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، تیمێکی لە سێ وەزارەتی دەرەوە، بەرگری و دادی ئەمریکا پێکهێناوە بۆ ئەوەی لە کێشەی چەکدارە بیانییەکاندا یارمەتی دەزگا ئەمنییەکانی ڕۆژئاڤا بدەن. لە هەمانکاتدا بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکی دەیانەوێت پرۆسەکە بە جۆرێک بێت کە واشنتن تێوەنەگلێ.

هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی دژی داعش لەمبارەیەوە ڕایگەیاندووە "ئەو بیانییانەی لە عێراق و سووریا چەکیان (بۆ داعش) هەڵگرتووە و لە مەیدانەکانی شەڕ دەگیرێن، پێویست ناکات ڕادەستی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بکرێنەوە، تەنانەت پێویستیش ناکات هاوپەیمانێتی ئاگادار بکرێتەوە".



زۆربەی چەکدارە بیانییەکانی داعش لە کاتی ئۆپەراسیۆنی ڕەققە گیراون

مارک ڕایمۆند، گوتەبێژی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی دەڵێت: "سەرقاڵی تاوتوێکردنی کێشەکانی پەیوەندیدار بەو چەکدارە بیانییانەی داعشین کە لە وڵاتانی دیکە (وەکوو سووریا و عێراق) دەستگیر دەکرێن. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ وڵات و لایەنە هاوبەشەکانیشمان لە پەیوەندیداین".

ڕێکخراوە مرۆییەکان داوای زانیاری زیاتر لەبارەی ڕەوشی کەمپەکان دەکەن، بە تایبەتیش ئەو کەمپانەی بێوەژن یان منداڵی چەکدارانی داعشیان لێیە. یەکێک لەو ڕێکخراوانە خاچی سووری نێودەوڵەتییە کە هەوڵ دەدات بەرپرسانی کەمپەکان ڕێگەیان بدەن دەستیان بەو کەمپانە ڕابگات.

ئارین شێخموس، ڕۆژنامەنووسی کورد، سەردانی سێ کەمپی کردووە کە تێیدا گیراوانی جەنگ ڕادەگیرێن، لەو کەمپانەشدا 100 ئافرەت و منداڵی بینیوە کە بڕیارە بۆ ئیندۆنیسیا، ڕووسیا و کازاخستان بگەڕێنرێنەوە. بەرپرسێکی ئەمریکیش دەڵێت لە یەکێک لە کەمپەکاندا زۆرینەی گیراوەکان توونسین.

مستەفا بالی، گوتەبێژی هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاڤا وێڕای ئەوەی کە دەڵێت ڕەوشی کەمپەکان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا یەکدەگرێتەوە، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە هێزە ئەمنییەکانی ڕۆژئاڤا سوورن لەسەر ئەوەی چەکدارانی ڕاستەقینەی داعش لەگەڵ ئەو هاووڵاتییە مەدەنییانە جیا بکەنەوە کە بەناچاری لە دامودەزگا مەدەنییەکانی داعشدا کاریان کردووە. بالی دەڵێت: "ئەوانەی دەستیان لە خوێنڕشتن و شەڕدا هەبووە ڕادەستی دادگا دەکرێن و سزا دەدرێن. بەڵام کەیسی ئەوانەی چوونەتە نێو داعش و لە کەرتە مەدەنییەکانی وەکوو تەندروستی و پەرستاری و شارەوانی کاریان کردووە، ڕادەستی پانێڵە نێوەندگیرەکان دەکرێن بۆ ئەوەی بڕیاریان لەسەر بدرێت". لەو پرۆسەیەشدا 400 کەسی سووری ئازادکراون.

بەڵام کێشەیەکی سەرەکی هێزە ئەمنییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هاوئاهەنگییە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی چەکدارەکانی لێوە هاتوون. وەکوو مستەفا بالی باس دەکات "هەندێک لە وڵاتان خواستێکی زیاتریان پیشان داوە بۆ ئەوەی چەکدارەکانیان بۆ بگەڕێننەوە. بەڵام حکومەتە ئەورووپییەکان خەمساردن لەوەی پەیوەندیمان پێوە بکەن بۆ وەرگرتنەوەی چەکدارەکانیان".

خالید ئیبراهیم، پارێزەر لە دادگای بەرگریی گەل لە ڕۆژئاڤای کوردستان، بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە: "هەموو گومانلێکراوێک دەتوانێت پارێزەری هەبێت. بڕیارەکان دوای چەندین دانیشتنی دادگا دەردەکرێن و بەڵگەکان دەخرێنەڕوو. جیا لەمەش ئێمە لە فیدراسیۆنی باکووری سووریا (ڕۆژئاڤای کوردستان) سزای لە سێدارەدانمان نییە و بە ئەشکەنجە گومانلێکراوەکان ناچار ناکەین دان بە تاوانەکانیاندابنێن".

## 40000 بیانی چوونەتە نێو داعش

لە سەرەتای سەرهەڵدانی داعشەوە نزیکەی 40 هەزار چەکداری بیانی و خێزانەکانیان لە 120 وڵاتی جیهانەوە ڕوویان لە سووریا و عێراق کردووە. لەو ژمارەیە 5000یان ئەورووپین و 1500یان گەڕاونەتەوە وڵاتەکانی خۆیان. هەزاران کەس لەو چەکدارانە لە مەیدانەکانی شەڕ یان لە بۆردومانەکانی هاوپەیمانانداندا کوژراون. بەڵام بەرپرسانی ئەمنی وڵاتانی ڕۆژئاوایی هۆشداری دەدەن لەوەی هەزاران کەس لەو چەکدارانە ڕوویان لە یەمەن، لیبیا و فلیپین کردووە یان لە وڵاتی وەکوو تورکیا خۆیان حەشارداوە.

## شەش ساڵە بۆ یەکگرتنەوە کۆدەبنەوە

# دیموکراتەکان نزیکن لە یەکگرتنەوە

## نابینە هۆکاری بیانووگرتنی ئێران بە هەرێمی کوردستان

**حەمەنەزیف قادری**

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو– هەولێر**

شەش ساڵە دیموکراتەکان بەمەبەستی یەکگرتنەوە پێکەوە دادەنیشن، چەندینجار شاندی دانوستانکاریان گۆڕاوە، لەم ماوەیەدا زۆرجار لێک زویر بوون و ئاشت بوونەتەوە، بەڵام هێشتا یەکیاننەگرتووەتەوە. ئێستا خولێکی نوێی دانیشتن بەڕێوەدەبەن و وەک جارانی پێشوو دەڵێن ئەمجارە ئومێدیان زۆرە یەکبگرنەوە.

بەگوتەی سەرۆکی شاندی هەردوولا، لە دانیشتنەکانی ئەمجارەدا بەپێچەوانەی ئەوانەی ڕابردوو، چەند هەنگاوێک زیاتر چوونەتە پێش، لەسەر هەندێ شت جۆرێک لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنیان هەیە، بەڵام هێشتا کۆمەڵێک وردەکاریش ماوە و هەندێ پرسیش باس نەکراون.

پرسی یەکگرتنەوەی ئەمجارەی دیموکراتەکان لە قۆناغێکی جیاوازتر لە جارەکانی پێشوودا بەڕێوەدەچێت. کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورە لە باشووری کوردستان، هەروەها لە ناوچەکە و لە ئێرانیشدا ڕوویانداوە کە پێویست دەکات نەک تەنیا دیموکراتەکان بەڵکوو لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش خۆیانی بۆ ئامادە بکەن.

سەبارەت بە پرسی یەکگرتنەوە، حەمە نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی شاندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) بە (ڕووداو)ی گوت: "بوار بۆ لەیەکگەیشتن لە ئاستێکی بەرزدایە، پرسی ڕێکخستنەکان، کۆنگرەی داهاتوو، پێکهاتەی ئیداری، ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی حیزب و شێوازی هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر ڕووداوەکان، باسیان لەسەر کراوە".

هەر لەوبارەوە کەماڵ کەریمی کە ئەویش ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی شاندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک)ە بۆ پرسی یەکگرتنەوە، دەڵێت دەستیان بە خولێکی نوێی دانوستاندن کردووە و بەپێچەوانەی جارەکانی پێشتر، ئەمجارە گەڵاڵەیەکی نووسراو لەبەر دەست شاندەکاندایە و خاڵ بە خاڵ باسی دەکەن و هەوڵ بۆ لێکتێگەیشتن لەسەر خاڵەکان دەدەن.



تاوەکو کۆنگرەی داهاتوو کە کۆنگرەی هاوبەش دەبێ، دەستەیەک دیموکراتەکان بەڕێوەدەبات (فۆتۆ: ڕووداو)

بەگوتەی کەریمی، لەسەر هەندێ شت ڕێککەوتنی زارەکی هەیە و دەڵێ: "ئەگەر ڕێککەوتنی یەکجارییان لەسەر بکەین دەچینە قۆناغێکی نوێوە کە ئەویش شێوازی جێبەجێکردنی ئەو شتانە دەبێت".

ئەوان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی تا کۆنگرەی داهاتوو کە کۆنگرەی هاوبەشی نێوان دیموکراتەکان دەبێت، دەستەیەکی هاوبەش حیزب بەڕێوەببات. بەمەش بەگوتەی کەریمی، پێش کۆنگرە حیزب تێکەڵ دەکرێتەوە. حەمەنەزیف قادری دەڵێ لەسەر ئەوەش ڕێککەوتنی زارەکی کراوە کە تا کۆنگرە بە ناوی حدکا درێژە بە چالاکی بدەن. دواتریش دەستەیەکی تایبەت پێکدێ بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکانی پێش کۆنگرە و کۆنگرەش بەڕێوە ببات. بەڵام هێشتا باس لەوە نەکراوە کە پێکهاتەی کۆنگرە چۆن دەبێ.

قادری و کەریمی دەڵێن هێشتا باس لەوەش نەکراوە کێ سکرتێری گشتی حیزب دەبێت. حەمەنەزیف قادری دەڵێ: "ئەوەی گرنگە ئیرادەی یەکگرتنەوە لەلای ئێمە هەیە، کێشەی بەرپرسایەتیمان نییە، بەڵکوو کێشە یەکخستنەوەی دیموکراتە".

کەماڵ کەریمیش گوتی "لایەنی حدکا پێشتر وەک بەشێک لە حدکا چاویان لە حدک دەکرد، بەڵام ئێستا ئەم ڕوانگەیە گۆڕاوە و قبوڵیان کردووە کە حدک ڕێکخستنێکی جیاوازە. کۆمەڵێک نموونەش بۆ ئەم گۆڕانە هەیە، لەوانە پێکهێنانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەگەڵ سێ لایەنی سیاسی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکیانهێناوە".

ڕۆژی 2006/12/6 جیابوونەوە لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا ڕوویدا و شەش ساڵی پێچوو تاوەکوو یەکەم دانیشتن لەنێوان هەردوو لایەندا ڕوویدا، ئەوە شەش ساڵە هەردوو دیموکراتەکە بە مەبەستی یەکگرتنەوە کۆدەبنەوە.

دانیشتنەکانی ئەمجارەی هەردوو باڵی دیموکرات نزیکەی هەشت مانگە دەستی پێکردووە، بەڵام لەم ماوەیەدا زۆر گۆڕانکاری ڕوویان داوە. هەر بەهەستکردن بەم گۆڕانکارییانە بوو کە دوو لایەنی کۆمەڵە، دوو لایەنی دێموکرات و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان پێکهێنا.

یەکێک لەو گۆڕانکارییانە پرسەکانی دوای گشتپرسی باشووری کوردستانە، واتە شوێنێک کە ساڵانێکی زۆر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیدا بنکە و بارەگایان داناوە.

لە دوایین سەردانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ ئێران، بەرپرسانی پایەبەرزی ئێرانی هەڕەشەیان لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و گوتیان نابێت نائارامی بکەوێتە سنوورەکان، ئەمەش وەک هەوڵێکی نوێی ئێران هاتە پێشچاو کە بیەوێ گوشار بخاتە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکییەکانی ئەوان سنووردارتر بکاتەوە.

کەماڵ کەریمی دەڵێ: "دوای 16ی ئۆکتۆبەر هەستمان بە مەترسی کردووە و ڕەوشی هەرێمی کوردستان بۆ نفوزی ئێران گونجاوە، پێگەی هەرێمی کوردستان وەک پێشتر نەماوە، مەترسی زیاترە، هەروەها ئێران لەڕێی پەرلەمان و حکومەتی عێراقەوە دەتوانێت گوشارمان لەسەر دروست بکات".

حەمەنەزیف قادریش دەڵێ: "سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە نەبینە هۆکاری بیانووگرتن بە هەرێمی کوردستان، بەڵکوو هێزی ناوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاک بکەین، خەباتی مەدەنی و جوڵانەوەی چەکداری لە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرنامەی کارمانە".

قادری قسەی بەرپرسانی ئێرانی وەک بیانوویەک دەبینێ بۆ دەستوەردان لە کاروباری هەرێمی کوردستان. ئەو دەڵێت تەوەری چالاکییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هیوادارن سیاسەتی هەرێمی کوردستان لە ئاست ئەو چاوەڕوانییەدا بێت کە خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حکومەتی هەرێمیان هەیە.

کەمال کەریمی دەڵێ: "حکومەتی عێراق لەڕزۆکە و دەستی بە گۆچانی ئێرانەوە گرتووە و ئەو مەترسییەمان هەمیشە لەسەر بووە کە حکومەتی عێراق بکرێتە ئامرازی گوشار بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان".

بۆ هەر ئەگەرێکیش کە ڕووبدات، کەماڵ کەریمی دەڵێ: "بیرمان لێکردووەتەوە و پلانیشمان بۆ داناوە". بەگوتەی کەریمی ئەگەر ئێران لە پەیوەندیی لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گوشار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بێنێ، پێشمەرگەی حیزبەکان ڕوو لە شاخەکانی ڕۆژهەڵات دەکەنەوە و ئێرانیش ئەوەی پێخۆش نییە.

حەمەنەزیف قادری پێیوایە، هەڕەشە و گوشارەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندی بڕیارەکانی حکومەتی بەغدا بێت و لەم ڕێگەیەشەوە ئێران ئیرادەی خۆی بسەپێنێ.

## دوای 16ی ئۆکتۆبەر مەترسییەکانی سەرمان زیاتر بوون

**کەماڵ کەریمی**



## دوای 20 ساڵ دوو ڕووداوی جیاواز لە داڤۆس: بەفرێکی زۆر و هاتنی ترەمپ

# داڤۆس نەیتوانی "جیهانە لێکترازاوەکە" کۆبکاتەوە

**هێمن لهۆنی**
**ڕووداو - داڤۆس**

لــە داڤــۆس نزیکــەی دوو مەتــر بەفــر باریوە، هاووڵاتیانی شــارۆچکەکە باس لــەوە دەکەن کە 20 ساڵە بەفری وەکو ئەمساڵ نەباریوە، بەڵام بەفرەکە نەیتوانی وا بکات، هاتنی دۆناڵد ترەمپی ســەرۆکی ئەمریکا، نەبێتە هەواڵی یەکەم.

لە داڤۆســین بــۆ 48ەمین کۆڕبەنــدی ئابووریی جیهان. ناونیشــانی ئەمجــارە باس لــە دۆزینەوەی داهاتوویەکــی هاوبەشــە بــۆ جیهانــی لێکتــرازاوی ئێســتا. هۆکاری ئەم لێکترازانە بەڕای بەڕێوەبەرانی کۆڕبەندەکە هەر میوانە چاوەڕوانکراوەکەی خۆیانە کە سەرۆکی ئێستای ئەمریکایە: ترەمپ، وەک سەرۆکی بەرەیەکی نوێی پۆپۆلیزم کە کۆنسێپتەکانی دەوڵەت و بلۆکە باوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گۆڕیوە.

داڤۆســی ئەمساڵ درووشــمەکەی "دروستکردنی داهاتوویەکی هاوبەش لە جیهانێکی لێکترازاودا" بوو، بەڵام سەرکردەکانی جیهان نەیانتوانی ئەو داهاتووە هاوبەشــە مســۆگەر بکــەن. دوو دیــدگای جیــاواز بەرگرییــان لە بۆچوونەکانی خۆیان کرد، نەک هەوڵ بدەن بۆشاییەکانی نێوانیان کەمبکەنەوە.

"جیهانێکی لێکترازاو" مەبەست لێی دابەشبوونی جیهانە لەنێوان بەرەی پۆپۆلیزم و لیبراڵ دیموکرات، ئــەوەی یەکەمیــان لــە دۆناڵد ترەمپدا بەرجەســتە دەبێت، دووەمیشــیان هەریەک لە ئەنگێلا مێرکڵ و ئیمانوێل ماکرۆن لە ئەڵمانیا و فەرەنساوە بە ئایکۆنی دادەنرێن.

## چوار ڕۆژ

ڕۆژی یەکەمــی کۆڕبەنــدی ئابووریــی جیهان لە داڤــۆس ڕۆژی ئابووریــی هیندســتان بــوو، زۆربەی پانێڵەکانیــش لەبارەی ئەو وڵاتە بوون. ڕۆژی دووەم ڕۆژی ئەورووپــا بــوو کــە ماکــرۆن و مێرکڵ باســی سیاســەتی ئەورووپایان بۆ ساڵی 2018 کرد. پرسە گــەرم و ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت بۆ ڕۆژی سێیەمی داڤۆس دانرابوون. لەگەڵ گەیشتنی ترەمپ-یش ڕۆژی چوارەم بوو بە هی ئەمریکا.

کۆڕبەندەکــەی ئەمســاڵ ســەرنجڕاکێش بــوو، زەقترین هۆکاری ئەو سەرنجڕاکێشــیەش بەشداریی دۆناڵد ترەمپ بوو، چونکە 18 ساڵە هیچ سەرۆکێکی ئەمریکا بەشــداری کۆڕبەندەکەی نەکردووە. ســاڵی 2017 بــاس لــە ئەگەرەکانــی بوونــی ترەمــپ بە سەرۆک و مەترسییەکانی ئەو ئەگەرە کرا، لە 2018 کۆڕبەندەکە شاگەشــکە بوو بە بەشــداریی سەرۆک ترەمپ.

## قوڵبوونەوەی دابەشبوونەکان

ئەمســاڵ 340 ســەرکردەی سیاســی بەشداری کۆڕبەندەکە بوون، 70 کەســیان ســەرۆک، پادشا، ســەرۆکوەزیران و ئەمیر بوون. ســێ هەزار کەســی دیکــەش لــە ســەرمایەدار، بــازرگان، کۆمپانیــا زەبەلاحــەکان، میدیــا و ئابووریناســان هاتبوونــە داڤــۆس، بۆ ئەوەی دڵنیایی وەربگرن لە ســەرکردە سیاســییەکان کە سەرەڕای دابەشبوون و لێکترازانە زەقــەکان، گۆشــەیەک بــۆ کار و ژیانــی هاوبــەش بدۆزرێتەوە.

## دڵنیایی درا؟

بەداخەوە، نەخێــر. ئەوانەی لە داڤۆس تاوتوێی پرسە جیهانییەکان دەکەن گومانیان بۆ دروستبووە لەبارەی پێشــبینی بــۆ ڕووداوەکان. ســاڵی ڕابردوو زۆرینــە هاوڕابوون لەســەر ئــەوەی ترەمــپ نابێتە ســەرۆک، بــەڵام بــوو. دواتریش گشتپرســییەکەی بەریتانیــا بۆ چوونــە دەرەوە لە یەکێتیــی ئەورووپا دەنگی هێنا کە ئەوەش بۆ ئەوان چاوەڕواننەکراو بوو. ئێســتا ئەگەرەکان بوون بە ڕاستی، هەڵوێستەکانی ترەمــپ دژی ڕێکخــراو و هاوپەیمانــی و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان مەترسین لەسەر لێکترازانی زیاتری جیهــان. چوونــەدەرەوەی بەریتانیــای مەزنیش لە یەکێتیی ئەورووپا مەترسییەکەی زیاتر کرد.

ئەمساڵ لە داڤۆس بەریەککەوتن و دابەشبوونێک هەبوو، بەپێچەوانەی کۆڕبەندەکانی ساڵانی ڕابردوو. لەنێو میوانانی کۆڕبەندەکــەش دوو دیدگای زۆر جیــاواز هەبــوون، ئەمــە بەتایبەتــی لــە گوتاری مێــرکڵ و ماکرۆندا بــە تەواوی ڕەنگیدایەوە کە داوای هاوکاریی نێودەوڵەتی و بەهێزکردنــی ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییەکانــی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپایان دەکرد. داوایان کرد هەمووان لە سیاســەتی پرۆتێکشــنیزم دووربکەونــەوە و کــەس خۆی بــە گەورەتر نەزانێت لەوانــی دیکــە، ئەگــەر پێکــەوە کارنەکرێت جیهان تووشی مەترسی دەبێت.

لــە بەرامبەردا ترەمــپ و هاودیدەکانــی دەڵێن، ئیدی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە هیچ سوودێکیان نییــە، دەبێت هەرکەس بگەڕێتــەوە بۆ وڵاتی خۆی. ئەم سیاســەتەی ترەمپ بووەتە مایەی دڵەڕاوکێ بۆ وڵاتانــی دیکە، بەتایبەتی ئــەو وڵاتانەی بەرگری لە بەها جیهانییەکان و دیموکراسی و ئازادی دەکەن.

لــە ئەڵمانیــا، فەرەنســا، هۆڵەنــدا و تەنانــەت ئیتاڵیــاش حیزبە پۆپۆلیســتەکان لە گەشــەکردنی خێــرادان. بــەرەی لیبراڵ دیموکرات کــە لە ئەورووپا ئەنگێلا مێرکڵ و ئیمانوێــل ماکرۆن نوێنەری بوون، لە داڤۆس ترسی خۆیان خستەڕوو.

## مێرکڵ: دراوسێیەتی باش، نەک دیوار

پێــش ئەوەی ترەمپ بگاتە داڤۆس و بەرگری لە سیاسەتی "ئەمریکا لە پێش هەموو شتێکەوە" بکات، مێرکڵ گوتی "پێویستمان بە هاوئاهەنگی جیهانییە نەک دروســتکردنی دیوار. سیاسەتی بەرگریکارانەی ئابووری چارەسەر نییە".

> ئەمریکا پێش هەمووان
> دروشمە سواوەکەی ترەمپ

لە ماڵەکەی خۆی لە بەرلین تووشی گرفت بووە، چــوار مانگە حکومەتی بۆ پێکنەهێنــراوە، ئەوەش دوای کەمبوونــەوەی دەنگەکانــی لــە هەڵبژاردنــی ئەیلولی 2017. ئەنگێلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا کە دۆستی کۆچبەرانە، بوێرانە بەرگری لە سیاسەتی گلۆبالیزەیشن کرد و دژی دیوار دروستکردنی ترەمپ قسەی کرد.

مێــرکڵ جەختــی لــە گرنگیــی چەمکــی "Multilateralism" کــردەوە، کــە مەبەســت لێــی هاوپەیمانی و هاوئاهەنگی نێوان وڵاتانە. هۆشداریشی دا لــەوەی "وانەمــان لــە ڕۆژە ڕەشــەکانی مێــژوو وەرنەگرتبێ".

مێرکڵ خۆی وەڵامی دایەوە و گوتی: "لەڕاســتیدا وانەمــان وەرنەگرتــووە، دەبینیــن پۆپۆلیــزم لــە گەشــەکردندایە. دەبێ هەســت بە بەرپرســیارێتی بکەیــن، داهاتــووی خۆمــان لەدەســتی خۆمانــدا بهێڵینەوە".

## ماکرۆن: لە دۆڕاندایین

ســەرۆکە گەنجەکــەی فەرەنسا جەختــی لــە گەڕانــەوەی وڵاتەکــەی بۆ "چەقی هێــزی ئەورووپا" کردەوە، بەڵام بەڕوونیش گوتی: "فەرەنسا بەبــێ ئەورووپــا ســەرکەوتوو نابێــت". ئــەوەش وەک ئاماژەیــەک بــۆ چوونە دەرەوەی بەریتانیــا لە یەکێتییەکە کە ئێستا لە فەرەنساش ماری لوپێن-ی پۆپۆلیست بانگەشەی بۆ دەکات.

لــە گوتــارە یــەک کاتژێرییەکەیــدا لــە داڤۆس، ئیمانوێــل ماکرۆن جەختی لــە شــەڕکردن دژی گۆڕانــکاری کەشــوهەوا کــردەوە و ڕایگەیانــد "لە بواری گۆڕانی کەشــوهەوادا لە دۆڕانی جەنگەکەداین. دەبێ جیهان تاوەکو ساڵی 2020 هەنگاوی کۆنکرێتی لەو بوارەدا بنێت".

> لە جەنگی گۆڕانی کەشوهەوادا خەریکە دەدۆڕێین
> ماکرۆن

نارێنــدرا مۆندی، ســەرۆکوەزیرانی هیندســتان، تێریزا مــەی، ســەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، ئیمانوێل ماکــرۆن، ســەرۆکی فەرەنســا، ئەنگێــلا مێــرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و جەستن ترودۆ، سەرۆکوەزیرانی کەنەدا بەرگرییان لە بازرگانیی ئازاد و هاوئاهەنگیی جیهانــی کــرد و گوتیــان وڵاتەکانیــان "کراوەیە بۆ بازرگانی".

ڕۆژە چاوەڕوانکراوەکــە هــات، دۆناڵــد ترەمــپ گەیشتە داڤۆس. هەمووان تامەزرۆ بوون بزانن ترەمپ چۆن وەڵامی بەرەی لیبراڵ دیموکرات و جیهانگەرایی دەداتەوە، ئەویش پێش هەموو شت گوتی "ئەمریکا پێش هەمووان". بەڵام ڕوونکردنەوەشــی دا و گوتی "ئەمریکا پێش هەمووان بە مانای ئەوە نییە ئەمریکا تەنیایــە". جەختیشــی لــەوە کردەوە کە واشــنتن جارێکی دیکە "بازرگانی نادادپەروەرانە" قبوڵ ناکات.

ئــەوە ئەو جیهانە دابەشــبووە بوو کە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس ئەمساڵ باسی کرد.

## ئەنجام: خراپە بۆ ئەورووپا، ئەمریکا و جیهانیش

ریچــارد هاس، ســەرۆکی دامــەزراوی پەیوەندی نێودەوڵەتی (Council on Foreign Relations) دوای کۆتاییهاتنی داڤۆس دەڵێت "داڤۆس نیشانیدایــن کە ئیمانوێل ماکرۆن و سەرکردەکانی دیکە لە ئەورووپا دیدگایەکــی گلۆباڵیــان هەیە بــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحــەداکان، بــەڵام توانایان نییــە. دۆناڵد ترەمپی ئەمریکا توانای هەیە بۆ سەرکردایەتی، بەڵام چیدیکە ئــەو دیدگایەی قبــوڵ نییە. ئەنجامەکــە خراپە بۆ ئەورووپا، ئەمریکا و جیهانیش".

## عەبادی دوای داعش

ئەمســاڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی جیاواز بوو. دوای سەرکەوتن بەسەر داعشدا هاتبووە داڤــۆس. وایزانی بۆ دەستخۆشــی ئەو ســەرکەوتنە هەمــووان باوەشــی بۆ دەکەنــەوە، بــەڵام وانەبوو. ســەرۆکی ئەمریکا کە هاوکات سەرۆکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتییــە دژی داعــش لــە عێــراق و ســووریا لەگــەڵ عەبادی کۆنەبــووەوە. زۆرینەی ســەرۆک و سەرۆکوەزیرانی وڵاتانی دیکەش لە کاتی ئێوارەخوان، کاتی پشــوو یان لە نزیک ڕێڕەو و ئاسانســۆرەکان چاویان بە عەبادی کەوت.

**پرســیارە ئەوەیە:** بۆچی ئەمســاڵ عەبادی وەک سەرکەوتووی جەنگ پشتی نەگیرا؟

عەبادی لە داڤۆسی 2016دا بەهێزتر دەردەکەوت کاتێــک هەمــوو جیهان لە پشــتی بوو لە شــەڕی تیرۆر. ئەمســاڵ عەبادی زۆر بە قەڵەقییەوە قسەی دەکرد، هەستدەکات قۆناخی دوای داعش سەرەتای دروستبوونی کێشــەی گەورەی درێژخایەنی دیکەن و دوای نەمانــی داعــش، بەغدا دەبێتــەوە مەیدانی ڕکابەرییە جیهانی و ئیقلیمییەکان. هەروەها وڵاتانیش بەگەرمییەوە نایەن بــۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی کــە بە قســەی خــۆی 100 ملیــار دۆلاری دەوێت. زۆربەی ســەرکردەکانی جیهان ئەمســاڵ دەیانزانی عەبــادی داوای پــارە دەکات، بۆیــە وەک داڤۆســی 2016 کۆبوونەوەی دووقۆڵی و پرۆتۆکۆڵییان لەگەڵ نەدەکرد.

عەبادی دەبوایە وەک سەرۆکی وڵاتێک کە کۆتایی بــە داعش هێنابوو، کۆبوونەوەی باشــتری بکردایە، تەنانــەت زۆربەی کۆبوونەوەکانی بەپێوەبوو و چەند خولەکێکــی دەخایانــد کە لــە هەندێ لــە وێنەکان دەردەکەوێــت بەشــێک لــە دیدارەکانــی لــە نزیک ئاسانســۆرەوە کــراون، نموونەکــەی لەگەڵ ئەنگێلا مێرکڵ تێرێزا مــەی، کە کۆبوونەوەی کورت بوون و بەدەم ڕێگاوە کران.

ئەمســاڵ هیــچ جیاوازییــەک لەنێــوان ئــەو کۆبوونەوانــەی شــاندی هەرێمــی کوردســتان بــە ســەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانــی و حەیدەر عەبادی ئەنجامیاندا، نەدەبیندرا. عەبادی و نێچیرڤان بارزانی دیدارەکانیان هاوشــێوەبوون و ئەگەر ڕەچاوی ئەوە بکەیــت کە عێــراق دەوڵەتە و هەرێمی کوردســتان دەوڵــەت نییە، کەچی وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا و شاندە بیانی و سەرکردەکانیان دەبینی.

## نەبابە!

عەبــادی لــە قســەکانیدا لــە داڤۆس باســی لە ڕکابەری هەرێمی بەتایبەتی ئێران و سعودیە، یاخود ڕکابەری گەورەتری ئێران و ئەمریکا کرد، باوەڕیشی وابوو ئەوە هۆکاری ســەرەکی ناســەقامگیری دەبێ لە ناوچەکەدا. عەبادی خۆی وا نیشــاندا وەک یەک تەماشای سعودیە و ئێران دەکات. بەئاشکرا دەیگوت هەردووکیــان لایەنــی باش و خراپیــان هەیە. بەڵام ئەو قســەیە بــۆ ڕۆژنامەنووســە ئەمریکییەکەی کە هەڤپەیڤینی لەگــەڵ دەکرد زۆر جێگەی باوەڕنەبوو، بۆیە کاتێک عەبادی گوتی ئێران هیچ کاریگەری نییە بەسەر بڕیاری سیاسییەوە لە بەغدا، ڕۆژنامەنووسەکە گوتی: "نەبابە!".

> دراوسێیەتی باش، نەک دیوار
> مێرکڵ

## ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکان دەبنە قوربانی

ئەمساڵ کۆڕبەندی داڤۆس ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەژێر ناوی "گلۆباڵ ریســک- تەحەدا جیهانییەکان" بڵاوکردەوە کە باس لەو تەحەدایانە دەکات لە 2018 ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە.

ئــەو ڕاپۆرتــە لەلایەن هەزار پســپۆڕ و توێژەری هەموو بوارەکانەوە ئامادەکراوە. ریســکی سەرەکی بریتییــە لــە گۆڕانــکاری جیۆپۆلەتیکــس کــە بــە خێرایــی ڕوودەدەن. ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە جیهان بەرەو فرەجەمســەری دەڕوات و جەمســەرە تەقلیدییەکان نامێنن. ڕێگەی ئەم فرەجەمسەرییەش لــە دروســتبوونەوەی بیرۆکــەی حکومەتی بەهێز لەلایــەن ســەرکردەکانی هەنــدێ وڵاتــەوە دەســتیپێکردووە. ئێستا هەر وڵاتێک دەیەوێ حکومەتێکی بەهێز دروستبکات و بلۆکێکی خۆی هەبێت، نەک وەک جاران دوو بلۆکی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤییەت کۆنترۆڵی جیهان بکەن. وەک چۆن ئێســتا ترەمپ دەڵێــت "یەکــەم ئەمریــکا"، فەرەنســا، بەریتانیا، ڕووســیا و تورکیاش دەیانەوێ حکومەتی بەهێزدروستبکەنەوە.

**کۆنسێپتی حکومەتی بەهێز دەبێتە هۆی ئاڵۆزی زیاتر لە 2018دا، بەمشێوەیە:**

**یەکــەم:** ئەگــەر هــەر حکومەتێــک لــە بیــری گەورەکردنــی هێزی خۆی بێ، ئــەوا وردەوردە کاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەرووی هەموشیانەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بــەرەو لاوازتربوون دەڕوات و ئیفلیج دەبــێ. هەروەها وەک بینیمــان بەریتانیاش چۆن یەکێتیی ئەورووپای لاوازکرد کە لەندەن باوەڕی وایە خۆی شتە و پێویستی بە کەس نییە.

**دووەم:** دروســتبوونەوەی حکومەتــە بەهێزەکان دەبێتــە هۆی ئەوەی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی وەک کورد ببنە قوربانی زیاتر کە ئەکتەرێکی نا-دەوڵەتییە (Non-state actors). باشترین نموونەش بینیمان چــۆن کورد لە عێراق و ســووریا بوونەتــە قوربانی حەزەکانی دروستبوونەوەی حکومەتی بەهێز.

**سێیەم:** ئەم جۆرە لە حکومڕانییە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتانە بەوە نەوەســتن کە تەنیا خۆیان بەهێز بکەن، بەڵکو دەســتوەردان دەکەن لە وڵاتانی دیکەش و دەیانەوێ لەوێش گرووپی خۆیان هەبێ، بۆ ئەمەش لوبنان و لیبیا و سووریا نموونەن.

**چــوارەم:** حکومەتــی بەهێز بەوە ناوەســتێ کە ئەکتــەرە نادەوڵەتییەکان قوتــدەدەن، بەڵکو وڵاتە بچووکەکانیــش دەخەنە مەترســییەوە و ناهێڵن بە ســەربەخۆیی جموجۆڵ بکەن. قەتەر وڵاتێکی بەهێز و دەوڵەمەندە، بەڵام چونکە بچووکە ئێســتا بووەتە ئامانجی حکومەتە بەهێزەکانی دراوســێ و هەروەها پرۆکسی وڵاتە بەهێزەکانی دیکە.

## باسی هەژاران لە داڤۆس

داڤــۆس شــوێنی کۆبوونــەوەی ســەرکردە و ســەرمایەدار و کۆمپانیا زەبەلاحەکانــە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە باســی هەژاران ناکرێت. لە داڤۆس سەرکردەکان و سەرمایەداران باس لەو ڕێگە و پلانانە دەکەن کە پێویســتە بگیرێنەبەر بــۆ کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان دەوڵەمەند و هەژاران.

لە ڕاپۆرتی ئەمســاڵی ئۆکســفام کــە لە داڤۆس باســکرا، هاتووە "لە 82%ی سەرمایەی نوێی ساڵی ڕابــردوو بــۆ ڕێژەی لــە 1%ی دانیشــتووان بووە کە دەوڵەمەندەکانــن، لەکاتێکــدا 3.7 ملیار کەس، کە نیوەی هەژارترین خەڵکی ســەر زەوین، داهاتەکەیان لەو ساڵەدا هیچ زیادی نەکردووە".

ســەرمایەی دەوڵەمەندەکان لە ساڵی 2010ـەوە ســاڵانە بە ڕێژەی 13% زیاددەکات، ئەوەش شــەش هێندە لە هی لە کرێکار و کارمەندانی ئاسایی خێراترە کە ساڵانە داهاتەکەیان تەنیا لە 2% زیاددەکات.

بەڕێوەبــەی براندێکی فاشــیۆن لــە بەنگلادیش لەمــاوەی "چــوار ڕۆژ"دا هەمــوو ئــەو پارەیــە بەدەستدەهێنێ کە کارمەندێکی ئەو وڵاتە لە "هەموو تەمەنی"دا کۆیدەکاتەوە. لە ئەمریکا دۆخەکە باشترە، بەڵام هێشتا بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک بە "یەک ڕۆژ" هێندەی داهاتی "یەک ســاڵ"ی کارمەندێکی ئاسایی دەستدەکەوێت.

ئۆکسفام دەڵێت "ئەگەر ملیاردێرەکان لە 1.5%ی باجی سەرمایەکانیان بدەن، دەتوانن هەموو منداڵانی سەر زەوی بنێرنە قوتابخانە".


پەیامنێری ڕووداو لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا لە داڤۆس

## داتاکانی داڤۆس

ئەگەر 100 کەس لەسەر زەوی بژین، ئەوا:

**%50**
پارەی یەک کەس لەسەر زەوی

**56**
کەس ئینتەرنێتیان نییە

**14**
کەس ناتوانن بخوێننەوە

**13**
کەس ئاوی پاکیان بۆ خواردنەوە دەستناکەوێت

## چەند داتایەکی دیکە لە داڤۆسەوە:

**ساڵی 2030**
ڕۆبۆتەکان دەتوانن 800 ملیۆن هەلی کار پڕبکەنەوە.

**%90ی**
ملیاردێرەکانی جیهان پیاون.

**42**
ملیاردێر هێندەی نیوەی دانیشتووان سەرمایەیان هەیە

**2255**
سەعاتی کارکردنی مەکسیکییەکانە لە ساڵێکدا

**1363**
سەعاتی کارکردنی ئەڵمانییەکانە لە ساڵێکدا

**ساڵی 2030**
زۆربەی کرێکار و کارمەندان دەبنە فریلانس

**%73**
ڕێژەی ئەو نەوجەوانانەیە کە تاوەکو ساڵی 2015 بوونەتە خاوەنی مۆبایلی زیرەک، ئەوەش ڕێژەی خۆکوشتنی زیادکردووە.





## ڕۆژانە 5000 گەشتیار دەچنە چیای کۆڕەک

**ڕووداو — سۆران**

بارزان محەممەد، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند چیای کۆڕەکی گەشتیاری کاری کردەسەر وەرزی گەشتیاری کوردستان، بەتەنیا هەتنی گەشتیاری لە بەهار و هاوین نەهێشتەوە، بەڵکو وەرزی زستان گەشتیاری زۆر ڕادەکێشێت. لەو وەرزەدا ڕۆژانە نزیکەی پێنج هەزار گەشتیار گەشت بۆ چیاکە دەکەن". دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ 85 کۆمپانیا کردووە بۆ هێنانی گەشتیار کە ڕۆژانە لە خوارووی و ناوەڕاستی عێراقەوە گەشتیار دەهێننە کوردستان نەشمە عەدنان، کارمەندی کۆمپانیای گەشتیاری دەڵێت "ئێمە لە شارەکانی بەغدا، بەسرە و چەند شارێکی دیکەی عێراقەوە گەشتیار دەهێنین. لەم وەرزەدا زیاتر بۆ چیای کۆڕەک و شنگلبانە لە ڕواندز".

## ڕۆژانە 7000 گوڵ بەرهەمی هەیە

# گەورەترین کێڵگەی بەرهەمهێنانی گوڵەباخ لە کوردستان دروست دەکرێ

### لە هۆڵەندا، ئیکوادۆر و کۆڵۆمبیا و کینیاوە گوڵ دەهێنێ

**ڕووداو – هەولێر**

سدقی، 19 ساڵ لەمەوبەر بە چنینی دەسکە گوڵێک بۆ مێزی بەردەم میوانەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئارەزووی دەکەوێتە سەر گوڵ، ئیدی لەو کاتەوە بەبێ گوڵ ناژی و ئێستاش یەکێکە لە گەورەترین هاوردەکارانی گوڵ بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام خەونی ئەوەیە کە چیدی پارە بۆ هەناردەکردنی گوڵ نەچێتە دەرەوە و خۆی لە کوردستان گوڵ بەرهەم بێنێ.

ئێستا سدقی بەرواری کۆمپانیایەکی تایبەت بە بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی گوڵی دامەزراندووە بەناوی "کوردستان فلاوەر"، بەشی بەرهەمهێنانی کۆمپانیاکەی 70 %ی تەواو بووە.

سدقی سەرەتا بەدانانی گوڵخانەیەک و هاوردەکردنی گوڵ دەستیپێکرد، وەک خۆی دەڵێت لەکاتی هاوردەکردنی گوڵ زۆرجار کێشەی بۆ دروست دەبوو، بە تایبەتی لە تورکیا. سدقی کە 13 ساڵە گوڵ هاوردە دەکات، دەڵێت "لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکەم ناوی کوردستان بوو، لە فڕۆکەخانەکانی تورکیا کێشەی زۆریان بۆ دروستدەکردم، بۆ نموونە دەیانگوت ئەمڕۆ تەرمێکمان هەیە و ناتوانین گوڵەکانی تۆ بهێنینەوە، هەفتەیەک دوایاندەخست، ئەمەش زیانی زۆری لێدەدام، چونکە گوڵ ناسکە و بەرگەی زۆر مانەوە ناگرێ".

سدقی سەرەتا لە تورکیا و ئێرانەوە گوڵی هاوردە کردووە، پاشان دوورتر ڕۆیشتووە و ئێستا لە هۆڵەندا، ئیکوادۆر و کۆڵۆمبیا و کینیاوە گوڵ دەهێنێ. ئەوە دوو ساڵیشە کێڵگەیەکی بەرهەمهێنانی گوڵەباخی دروستکردووە.

سدقی دەڵێت: "ئێستا بەنیازی دروستکردنی گەورەترین کێڵگەی بەرهەمهێنانی گوڵم لەسەر ئاستی عێراق، ڕووبەرەکەی 20 دۆنم زەوییە، بەڵام وەکو تێست زەوییەکی 4000 مەتریم بە کرێ گرتووە و گوڵەباخم تێدا چاندووە".

ئێستا سدقی ڕۆژانە 1500 — 2000 گوڵەباخ لێدەکاتەوە و دەیداتە گوڵفرۆشەکانی بازاڕ، بەشێکیشی هەناردەی بەغدا و مووسڵ دەکات. بەڵام دەڵێت ئەگەر پرۆژەکەی تەواو ببێ، ئەوە دەتوانێ مانگانە 200 هەزار گوڵەباخ بخاتە بازاڕەوە، بەڵام هێشتا بەشی ناوخۆ ناکات، چونکە بە گوتەی سدقی، مانگانە 400 هەزار گوڵەباخ لە عێراق ساخ دەبێتەوە. سدقی دەڵێت تەنیا سێ ملیۆن دۆلاری پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێ کێڵگەیەک دابمەزرێنێ بەشی هەموو عێراق گوڵەباخ دابین بکات.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە وەزارەتی کشتوکاڵ، ساڵانە نزیکەی حەوت ملیۆن نەمام و گوڵی سروشتی هاوردەی کوردستان دەکرێ، بەو هۆیەشەوە ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ هاوردەکردنی گوڵ دەچێتە دەرەوە.

سدقی کە گەورەترین هاوردەکاری گوڵی سروشتییە، دەڵێت: "بە تەواوبوونی پرۆژەکەم دەتوانم بڵێم ساڵانە 3- 4 ملیۆن دۆلار دەگەڕێنمەوە بۆ کوردستان کە تەنیا بۆ هاوردەکردنی گوڵەباخ دەچێتە دەرەوە".

لە کوردستان گەورەترین گرفتی خاوەن پرۆژەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵی، ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیانە، بەڵام سدقی ترسی لە ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی نییە، چونکە بە گوتەی خۆی توانیویەتی متمانەی بازاڕ بەدەستبێنێ، جگە لەوەش تایبەتمەندی و نرخی گوڵەکانی وای کردووە بەردەوام موشتەری هەبێ.

سدقی باسی تایبەتمەندی گوڵەکانی دەکات



ئوردنی و لوبنانییەکان داوایان لە سدقی کردووە لە گوڵەکانی بێبەشیان نەکات

> **ساڵانە 3-4 ملیۆن دۆلار بۆ بەرهەمهێنانی گوڵ دەچێتە دەرەوە**
>
> خاوەنی کێڵگەکە

و دەڵێت: "کاسەی گوڵەکانی من زۆر گەورەن و نزیکەی 9 سانتیمەتر دەبن، بەڵام گوڵی بیانی کاسەکەی 7 سانتیمەترە. گوڵەکانی من قەدەکەیان زیاتر لە مەترێک دەبێ. لە هەمووشی گرنگتر ماوەی مانەوەی گوڵەکانە. گوڵەکانی ئێمە کە تێستمان کردوون بەبێ بەکارهێنانی دەرمان 18 ڕۆژ بەرگە دەگرن و وشک نابن، بەڵام ئەو گوڵانەی دەهێندرێنە کوردستان کە دەرمانیشیان بۆ بەکارهاتووە، لە هەفتەیەک زیاتر نامێننەوە".

گوڵ لەنێو بازرگانان بە نەوتی سوور ناسراوە و بۆرسەی تایبەت بەخۆی هەیە و ڕۆژانە نرخەکەی لە بۆرسە دیاری دەکرێ. گەورەترین فرۆشیاری گوڵ هۆڵەندایە کە ساڵانە 3.5 ملیار دۆلاری لە هەناردەکردنی گوڵ دەستدەکەوێ. دوای ئەویش کۆڵۆمبیایە کە 1.3 ملیار دۆلاری دەستدەکەوێ، ئیکوادۆر لە پلەی سێیەمی فرۆشیارانی گوڵ دێت کە ساڵانە 800 ملیۆن دۆلاری دەستدەکەوێ.

سدقی دەڵێت هاوردەکارانی گوڵ، دەبێ هەفتەیەک زووتر داوای گوڵ لە وڵاتانی بەرهەمهێن بکەن و پارەکەشیان بۆ حەواڵە بکەن. کاتێک سدقی گوڵ لە کینیا دەکڕێ، دەبێ سێ ڕۆژ چاوەڕێی گەیشتنی بکات. هەروەها باری گوڵەکانیشی لە هۆڵەندا و ئێران بە دوو ڕۆژ دەگاتە کوردستان.

سدقی لەو باوەڕەدایە بە تەواوبوونی پرۆژەکەی، جگە لەوەی ڕێگای بازرگانانی گوڵی سروشتی کورت دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا کاریگەریشی لەسەر دابەزاندنی نرخی گوڵ دەبێ و هاووڵاتیان لە جاران زیاتر گوڵ بۆ دەستە و دیاری دەکڕن.

سدقی دەڵێت: "هەر لقێکی گوڵەباخ کە لە دەرەوە هاوردەی دەکەین، خراپترینیان بە 34 سەنتە، باشترینەکەشی بە یەک دۆلارە. ئەوانەی من ڕواندوومن لە دەرەوە لە دۆلارێک کەمترت پێ نافرۆشن، بەڵام من بە 50 سەنت و کەمتریش بە دوکاندار و بازرگانەکانی دەفرۆشمەوە".

سدقی چاوی لە بازاڕی دەرەوەیە و دەڵێت موشتەریم هەیە لە ئێران و ئوردن و لوبنان، بەڵام بەرهەمی کێڵگەکەی هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی گوڵ هەناردە بکات.

گوڵەباخ کە بە قەڵەم دەچێندرێ، شەش مانگی پێدەچێ تاوەکو گوڵ دەدات، هەر قەڵەمێکیش لە ماوەی 45 ڕۆژدا 6-7 گوڵ دەدات، تەمەنی هەر بنەگوڵێکیش شەش ساڵە.

> **کینیا چاوی لە ئەزموونی کوردێکە**
>
> سدقی دەڵێت پرۆژەکەی لە قۆناغی تێست دەرچووە و ئێستا لەخۆی رادەبینێ گەورەترین گرێبەست بۆ بەرهەمهێنانی گوڵ بکات. سدقی گوتی: "پرۆژەکەم بە جۆرێک دیزاین کردووە، ئەگەر داهاتی مانگانەم 100 هەزار دۆلار نەبێ، دروستم نەدەکرد". سدقی هیچ بڕوانامەیەکی لەو بوارەی کارێ تێدا دەکات نییە، بەڵام لە ماوەی 19 ساڵ کارکردنیدا لەنێو گوڵ، ئەزموونێکی زۆری پەیدا کردووە. سدقی دەڵێت: "بەداخەوە لە کوردستان هاوکاری نەکرام، بەڵام لە کینیا بۆیان دەرکەوت کە ساڵانە گوڵێکی زۆر دەفرۆشم، هەموو شتێکیان بۆ دابین کردم تەنیا بۆئەوەی بچم لەوێ کار بکەم".

## 57%ی بەرهەمی ناوخۆیە

# لە کوردستان ساڵانە 470 هەزار تۆن شیر دەخورێتەوە



لە کوردستان 62 پڕۆژەی بچووک و مامناوەندی بەخێوکردنی مانگای شیر هەن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت، بەهۆی کەمیی پرۆژەی هاوچەرخ هێشتا هەرێمی کوردستان لە پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی شیر لە ئاستێکی لاوازدایە، بۆیە ساڵانە بۆ پڕکردنەوەی 43 %ی پێویستییەکانی پشت بە شیری هاوردەکراو دەبەستێ.

بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان، پێویستیی خەڵک بۆ بەرهەمی شیر و شیرەمەنییەکان ساڵ بەساڵ زیاد دەبێ، بۆیە بەرهەمی پرۆژەکانی ناوخۆ دەرەقەتی ئەو پێویستییە نایەت.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، ساڵانە هەرێمی کوردستان پێویستی بە نزیکەی 472 هەزار تۆن شیر هەیە، ئەگەر هەر تاکێک ساڵانە تەنیا 82 لیتر شیر بخواتەوە، ئەم پێویستییە لەساڵی 2020 بۆ 506 هەزار و 28 تۆن زیاد دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە توانای بەرهەمهێنانی سەرجەم پرۆژەکانی ناوخۆ لە ساڵی ڕابردوودا گەیشتبووە 270 هەزار تۆن، ئەم بڕەش تەنیا نزیکەی 57 %ی پێویستییەکانی هەرێمە بۆ بەرهەمی شیر.

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت: "هەرێمی کوردستان لەڕووی پرۆژەی بەرهەمهێنانی شیرەوە هێشتا لاوازە، چونکە پرۆژەی مۆدێرنمان کەمە، هەتا ئێستاش شێوازی کلاسیک لە پرۆژەکانی بەخێوکردنی ئاژەڵی شیردەر پەیڕەو دەکرێ".

ڕەمەزان پێیوایە بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی شیر پێویستە حکومەت لەڕێی بەخشینی قەرزی تایبەت بە پرۆژەی بچووک و مامناوەند، هەوڵ بۆ زیادکردنی پرۆژەکانی بەخێوکردنی مانگای شیر بدات، دواتریش لەڕێگەی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیانەوە سەرنجی سەرمایەداران رابکێشێ بۆ دامەزراندنی پرۆژەی هاوچەرخ و هێنانی مانگای باش.

لە هەرێمی کوردستان 62 پرۆژەی بچووک و مامناوەندی بەخێوکردنی مانگای شیر هەن (لە هەولێر 31 پرۆژە، دهۆک 13 پرۆژە، سلێمانی 18 پرۆژە و گەرمیان یەک پرۆژە) بە سەرجەم پرۆژەکان 2022 مانگایان هەیە.

ڕەمەزان دەڵێ: "گەورەترین کێشەی ئەم پرۆژانە ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیانە، چونکە بەهۆی زۆریی تێچووی بەرهەمهێنان وەک پێویست ناتوانن بەرهەمەکانیان ساخ بکەنەوە، زۆربەی کارگەکانی بەرهەمهێنانی ماست و شیرەمەنییەکانیش، شیری وشک بەکاردێنن، بۆیە نەبوونەتە هۆی ساخکردنەوەی بەرهەمی پرۆژەکانی ناوخۆ، بۆیە پێوستە وەزارەتی پیشەسازی هانی کارگەکان بدات بەشێک لە شیری پرۆژەکانی ناوخۆ بکڕنەوە".

> **سەرجەم کارگەکانی کوردستان شیری وشک بەکاردێنن**
>
> بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، لە 4 ساڵی ڕابردوودا زیادبوونێک لە بەرهەمی شیر لە هەرێمی کوردستان بەدی کراوە، بەجۆرێک لە ساڵی 2013 دا بەرهەمی سەرجەم پرۆژەکان تەنیا 226 هەزار و 128 تۆن بووە، کەچی ساڵی ڕابردوو گەیشتووەتە نزیکەی 270 هەزار تۆن، بەڵام هێشتا بەشی ناوخۆ ناکات.

ڕەمەزان محەممەد دەڵێت: "بۆ ئەوەی گەشە بە بەرهەمی شیر بدەین، دەبێت جۆری مانگاکانی هەرێمی کوردستان بەمانگای باش و بەرهەمدار بگۆڕین، چونکە لەکۆی نزیکەی 270 هەزار مانگا کە لە کوردستان هەن، تەنیا نزیکەی 5 %یان لە جۆری باشن، ئەوانیش بەشێکیان دوورەگن، بۆیە وەک پێویست بەرهەمیان نییە، بۆ نموونە ئەو مانگا باشانەی لە ئەوروپا ڕۆژانە 40 کیلۆ شیریان هەیە، لێرە تەنیا 20 کیلۆ شیر دەدەن".

لە سنووری پارێزگای هەولێر 31 پرۆژەی مۆڵەتدراوی بەخێوکردنی مانگای شیر هەن کە نزیکەی 4000 مانگایان تێدا بەخێودەکرێ.

سوڵحی عەبدولمەناف، خاوەنی پرۆژەیەکی بەخێوکردنی مانگای شیرە لە سنووری ناحیەی بەحرکەی شاری هەولێر، ئێستا 20 مانگای هۆڵشتاینی هەیە، 10 مانگایان بەرهەمیان هەیە و بەرهەمی ڕۆژانەیان دەگاتە 150 کیلۆ شیر، سوڵحی دەڵێت "مانگاکانمان وەک پێویست شیریان نییە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئالیکی باشمان دەستناکەوێت".

سوڵحی وەکو سەرجەم خاوەن پرۆژەکانی دیکە بەدەست ساخنەبوونەوەی بەرهەمەوە دەناڵێنێ و دەڵێت: "زۆربەی کارگەکانی ناوخۆ شیری وشک بەکاردێنن. بەهۆی بەرهەمی هاوردەش شیر وەک پێویست لە بازاڕەکاندا ساخ نابێتەوە".

ڕووبەری کێڵگەکەی سوڵحی 80 دۆنم زەوییە، 10 دۆنمی بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە، ئەوانی دیکەشی بۆ چاندن و بەرهێنانی ئالیک تەرخان کردووە. لەو ڕێگەیەوە ئالیک بۆ پرۆژەکەی خۆی و هەندێ پرۆژەی دیکە بەرهەمدێنێ.

> **مانگاکانی کوردستان نارەسەنن**
>
> لە هەرێمی کوردستان جگە لە مانگای خۆماڵی و دوورەگ، مانگای هۆڵشتاین و فریزیان و سمیتال و جێرسی هەن، بەڵام وەک پێویست شیریان نییە.
> سوڵحی عەبدولمەناف کە خاوەنی پرۆژەیەکی بەخێوکردنی مانگایە، دەڵێت:
> "زۆربەی ئەو مانگا ئەوروپیانەی لە هەرێمی کوردستان هەن، مانگای دوورەگن و ڕەسەن نین، چونکە لە ئێران و تورکیاوە هاوردەکراون، ئەوانیش لەگەڵ مانگای دیکەیان لێکداوە ئینجا فرۆشتوویانەتە بازرگانانی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵ هاوکاریی خاوەن پرۆژە و بازرگانان بکات بۆ ئەوەی مانگای ڕەسەن هاوردە بکەن".

### دهۆکی ماستی مانگا ناخۆن

لە پارێزگای دهۆک 13 پرۆژەی بەرهەمهێنانی شیر هەن، بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 62 هەزار و 500 تۆن کە دەکاتە 23 %ی کۆی بەرهەمی هەرێمی کوردستان.

ڕێبەر سدیق، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە پارێزگای دهۆک، دەڵێت: "گرفتی پێشنەکەوتنی پرۆژەکانی مانگای شیر لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای دهۆک بەتایبەت، ساخنەبوونەوەی بەرهەم و گرانیی نرخی ئالیکە".

گوتیشی: "خەڵکی دهۆک تا ماستی مەڕ هەبێت ماستی مانگا ناکڕن، زیاتر لە 20 کارگەی بەرهەمهێنانی ماست و بەرهەمەکانی شیر لە دهۆک هەن، هیچیەک لەو کارگانە شیری پرۆژەکان ناکڕنەوە و شیری وشک بەکاردێنن، بۆیە پرۆژەکان وەک پێویست گەشەیان نەکردووە".

بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی شیر و بەرهەمەکانی دیکە، ماوەی چەند ساڵێکە چەند کۆمپانیا و وەبەرهێنێک لە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی هاوچەرخیان وەرگرتووە، بەڵام بەهۆی کێشەی زەوی و قەیرانی داراییەوە، زۆربەی پرۆژەکان هێشتا لەسەر کاخەزن.

ڕەمەزان محەممەد، دەڵێت: "هەندێ لە پرۆژەکان لەلایەن دەستەی وەربەهێنانەوە زەویی باشیان بۆ تەرخانکراوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی سستیی بەدواداچوونی دەستەی وەبەرهێنان بۆ تەواوکردنی پرۆژەکان و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، پرۆژەکان جێبەجێ نەکراون، ئەگەر پرۆژەکان تەواوبن، ساڵانە 180 هەزار تۆن شیر دەچێتە سەر بەرهەمی ناوخۆ".

**بەرهەمی شیر (بە تۆن) لە چوار ساڵی ڕابردوودا**

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 2014 | 61.647 | 82.775 | 60.000 | 21.706 | 226.128 |
| 2015 | 75.300 | 91.500 | 64.000 | 21.200 | 252.000 |
| 2016 | 77.500 | 87.000 | 62.500 | 33.000 | 260.000 |
| 2017 | - | - | - | - | 270.000 |

# بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتی کوردستان لە فلتەری (دیلۆیت) دا

عومەر ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

شارەزایانی ژمێریایی جیهان، ئەستەمە تەحەددای ڕاپۆرت و ژمارەکانی چوار گەورە کۆمپانیای بواری ژمێریاری (دیلۆیت، Pwc ، E&Y و KPMG ) بکەن کە بە " چوار گەورەکە" ناسراون، هۆکارەکەشی بە سادەیی ئەوەیە کە ئەوان هەموو نوخبەکانی بواری ژمێریارییان لەدەوری خۆیان کۆکردووەتەوە. ناوەندە گەورەکانی دارایی جیهان وەک سندووقی نێودەوڵەتی دراو و بانکی جیهانی، ئەو چوار کۆمپانیایە بە پێشەبیترین کۆمپانیاکانی بواری ژمێریاری و وردبینی دەستنیشان دەکەن. ئەم کۆمپانیایانە پسپۆڕن لە وردبینی، خزمەتگوزارییەکانی بیمە، باج و ژمێریاری. لە بازنەیەکی فراوانی نێودەوڵەتیدا، کاری ڕاوێژکاری دەدەنە زۆر لە کۆمپانیا حکومی و تایبەتەکان.

کۆمپانیای دیلۆیت کە بە گەورەترینی ئەو چوار کۆمپانیایە دەناسرێ، لە کۆتایی ساڵی 2016دا حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کرد بۆ وربینی لە داتاکانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان. ئەم کۆمپانیایە ساڵی 2017، نزیکەی 38 ملیار دۆلار داهاتی هەبووە، هەروەها نزیکەی 264 هەزار کارمەندی هەیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی وردبینی پارەی شیرینیی گرێبەستە نەوتییەکانیشی بەخشییە یەکێکی دیکە لە چوار گەورەکە کە ئەویش کۆمپانیای E&Y یە.

ناوەڕاستی ئەم مانگە کۆمپانیای دیلۆیت دوای نزیکەی یەک ساڵ کارکردن، داتاکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و بەکارهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستانی لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا بڵاوکردەوە. بەنیازیشە لەم نزیکانەدا ڕاپۆرتی نیوەی دووەمی ساڵی 2017 بڵاوبکاتەوە. هەرچەندە لەبەر پرۆسەیەکی دووردرێژی لێکۆڵینەوەی مەیدانی و کۆکردنەوەی داتا، بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی یەکەمی کۆمپانیای دیلۆیت دواکەوت، بەڵام کۆمپانیاکە ڕایگەیاندووە کە ڕاپۆرتەکانی داهاتووی زووتر ئامادە دەکات. ئەنجوومەنی هەرێمیی نەوت و گازیش دەتوانێت ماوەی ڕاپۆرتەکان بۆ ڕاپۆرتی مانگانە کورت بکاتەوە. لە ئەنجامی پرۆسەی وردبینی داتاکانی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2017دا، کۆمپانیاکە دواجار بەو ئاکامە دەگات کە دەڵێت: "بۆ هەناردەکردن و بەکاربردن و فرۆشتنی نەوت، هیچ بەیانێکی نادروستمان بەدی نەکرد لە زانیارییەکانی هەناردەکردن و بەکاربردن و فرۆشتنی نەوت لەماوەی نێوان 1ی کانوونی دووەمی 2017 تا 30ی حوزەیرانی 2017". لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو ژمارە و داتا سەرەکییانەی کە لە ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت-دا هاتوون.

## هەناردەکردن و بەکارهێنانی مانگانە

بەپێی خشتەیەک، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2017دا 110 ملیۆن و 852 هەزار و 276 بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە کە 10 ملیۆن و 160 هەزار و 635 بەرمیلی بۆ ناوخۆ بەکارهێناوە. 100 ملیۆن و 691 هەزار و 642 بەرمیلیشی هەناردە کردووە. لە مانگی کانوونی دووەمدا زۆرترین نەوتی بەرهەمهێناوە کە 19 ملیۆن و 645 هەزار و 87 بەرمیل بووە. زۆرترین نەوتیش هەر لە مانگی یەکدا هەناردە کراوە کە 17 ملیۆن و 596 هەزار و 848 بەرمیل بووە.

زۆربەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێی بۆڕیی نەوتی کوردستان-جەیهان هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێت، بەشێکی کەمیش بە تانکەر. ئەو نەوتەش کە بە تانکەر هەناردە دەکرێت نەوتی قورسی کێڵگەی شێخانە کە هەندێجار بۆ ئەوەیە کوالیتی هەموو نەوتی کوردستان دانەبەزێنێ، بۆیە تێکەڵ بە بۆڕیی نەوتی کوردستان ناکرێت. ئەوەش پەیوەستە بە سیاسەتی بەبازاڕکردنی نەوتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کە هەندێجار بڕیار دەدات بە تانکەر نەوتی قورس هەناردە بکرێت و هەندێجاریش تێکەڵ بە بۆڕی سەرەکیی نەوتی کوردستان دەکرێ.

## تێکڕای هەناردەکردنی ڕۆژانە

لە مانگی یەکدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرترین نەوتی هەناردە کردووە کە ڕۆژانە 567 هەزار و 640 بەرمیل بووە. بەڵام لە مانگی شەشدا ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دابەزیوە بۆ ڕۆژانە 536 هەزار و 413 بەرمیل. ئاستی هەناردەکردنی نەوت پەیوەستە بە ئاستی بەرهەمهێنان و ئەو بڕەی کە لێی کەمدەکرێت و بە مەبەستی ناوخۆ بەکاردێت. لەبەر ئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەپێی هەلومەرجەکانی کێڵگەکە و ڕەوشی کۆمپانیای بەکارخەر گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت ، هەر مانگێک لەگەڵ مانگێکی دیکە جیاوازە. بە لێکدانەوەی داتاکان دەردەکەوێت کە لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2017دا ، حکومەتی هەرێمی کوردستان تێکڕا ڕۆژانە 556 هەزار و 399 بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە.

> **حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2017دا 100 ملیۆن و 167 هەزار و 897 بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە**

## داهاتی نەوتی هەناردەکراو

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2017دا 100 ملیۆن و 167 هەزار و 897 بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە کە لەو ڕێگەیەوە داهاتی 4 ملیار و 69 ملیۆن و 634 هەزار و 337 دۆلاری دەستکەوتووە. لەو ماوەیەدا تێکڕای نرخی هەر بەرمیل نەوتی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستان 40 دۆلار و 63 سەنت بووە. نرخی نەوتی هەرێمی کوردستان و تەنانەت نەوتی ڕێکخراوی ئۆپێکیش بە کەمتر لە نەوتی برێنت دەفرۆشرێن. نەوتی برێنتی دەریای باکوور سووکترین نەوتە لەسەر ئاستی جیهان و پاڵاوتنی ئاسانترە، ئەمەش بەو مانایەیە کە پاڵاوتنی نەوتی برێنت تێچوویەکی کەمتری هەیە بەراورد بە نەوتی شوێنەکانی دیکە، هەر بۆیە نرخەکەشی بەرزترە لە نەوتی دیکە.

لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2017دا بەردەوام نرخی نەوتی برێنت گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ئاراستەکەشی ئاراستەی دابەزین بووە. لە کاتێکدا لە مانگی یەکدا، نرخی هەر بەرمیل نەوتی برێنت 54 دۆلار و 67 سەنت بووە، کەچی لە مانگی شەشدا نرخی نەوت دابەزی بۆ 46 دۆلار و 52 سەنت. واتا لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا نرخی نەوتی برێنت بەڕێژەی 17 % دابەزیوە. دابەزینی نرخی نەوت بەو ڕێژەیە کاریگەری کردووەتە سەر نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان. بەگشتی نرخی نەوتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 10 دۆلار کەمتر لە نرخی نەوتی برێنت دەفرۆشرێ، ئەوەش بەهۆی کوالیتی نەوتەکەی، هەروەها بەهۆی ئەو مەترسییە جیۆسیاسیانەی کە کار دەکاتە سەر پێگەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە بازاڕی نەوتدا. نرخی نەوتی فرۆشراوی هەرێمی کوردستان لە مانگی شوبات بەڕێژەیەکی کەم زیاتر بووە لە مانگی یەک، لە مانگی یەکدا هەرێمی کوردستان نەوتی زیاتری هەناردە کردووە بەراورد بە مانگی دوو، بەڵام داهاتی مانگی دووی زیاتر بووە کە 754 ملیۆن و 507 هەزار و 964 دۆلار بووە. لە مانگی شەشیش بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ نزیکەی 35 دۆلار، کەمترین داهاتی مانگانەی دەستکەوتووە کە 579 ملیۆن و 98 هەزار و 876 دۆلار بووە.

## خەرجییەکان

بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت تێچووی خۆی هەیە، ئەم تێچووانە بریتین لە حەقدەستی ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتییانەی کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن. هەروەها گواستنەوەی و عەمبارکردن و کارەکانی دیکەی پەیوەست بە هەناردەکردن. لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان مانگانە پارەی تەرخان کردووە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی بۆرییە نەوتەکان، مانگانە پارەی پێترۆدۆلاری کەرکووکیشی داوە. پارەی کۆمپانیای داناگازیشی بەجیا داوە کە بەردەوامە لە پێدانی گازی سرووشتی بۆ دوو وێستگەی سەرەکی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەولێر و سلێمانی. بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت مانگانە 70 ملیۆن تاوەکو 124 ملیۆن دۆلار حەقدەستی کۆمپانیاکانی نەوت دراوە. هەروەها 40 ملیۆن تا 200 ملیۆن دۆلار خەرجی تێچووی خزمەتگوزارییە نەوتییەکان بووە. 25 تا 45 ملیۆن دۆلاریش بۆ پێترۆدۆلاری کەرکووک و دابینکردنی ئاسایشی بۆرییەکانی نەوت و کۆمپانیای دانا گاز چووە.

## کۆی داهات

حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێک لەو کارانەی کە کردوویەتی وەرگرتنی پارەی پێشەکی بووە لە کڕیارانی لە پێناوی ئەو نەوتە خاوەی پاشان فرۆشتوویەتی. لە ماوەی ساڵانی 2016 و 2017دا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بووە لەم پرۆسەیە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هێندە بازاڕی نەوت ناسەقامگیر بووە و نرخی نەوت و داهاتی نەوتی فرۆشراو هێندە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە کە تەنانەت هەندێ مانگ حکومەت نەیتوانیوە پارەی فەرمانبەرانیشی بدات. بۆ نموونە مانگی دووی ساڵی 2016 نرخی نەوتی برێنت دابەزی بۆ 26 دۆلار و نرخی نەوتی هەرێمی کوردستان دابەزی بۆ نزیکەی 17 دۆلار. لەبەر کەمبوونەوەی داهاتی مانگانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بووە لە هەندێ مانگدا پارەی پێشەکی لە کۆمپانیاکان وەرگرێت بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بە پاشەکەوتەوە بتوانێت مووچە بدات و خەرجییە سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگە دابین بکات کە لە بەرەی شەڕی داعش بوون. لەبەر ئەوە لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2017 شدا ، حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە پارەی پێشەکی وەرگرتووە، ئەو پارەیە بە نەوت لە داهاتوودا و لە مانگەکانی دیکەدا دەداتەوە بە کۆمپانیا نەوتییەکان. بەپێی داتاکانی کۆمپانیای دیلۆیت، حکومەتی هەرێمی کوردستان 808 ملیۆن و 446 هەزار و 750 دۆلاری وەک پارەی پێشەکی وەرگرتووە کە زیاترین پارەی پێشەکی بووە لەو شەش مانگەدا. لە مانگی شەشیشدا کەمترین پارەی پێشەکی نەوتی وەرگرتووە کە 3 ملیۆن و 661 هەزار و 827 دۆلار بووە.

### شیکاری داهاتی نەوتی هەناردەکراو




### تێکڕای هەناردەکراوی ڕۆژانە بەپێی مانگ (بە بەرمیل)




### هەناردەکردن و بەکارهێنانی مانگانە و کۆی گشتی

هەناردەکردن و بەکارهێنانی مانگانە و کۆی گشتی

| | کانوونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەناردەکراو (بە بەرمیل) | 17,596,848 | 15,850,370 | 17,232,434 | 16,921,450 | 16,998,146 | 16,092,393 | 100,691,642 |
| بەکارهێنراوی ناوخۆیی (بە بەرمیل) | 2,048,239 | 1,656,594 | 1,571,209 | 1,647,576 | 1,603,287 | 1,633,730 | 10,160,635 |
| کۆی گشتی (بە بەرمیل) | 19,645,087 | 17,506,964 | 18,803,643 | 18,569,026 | 18,601,433 | 17,726,123 | 110,852,276 |

### خەرجی و داهاتی نەوت لە 6 مانگی یەکەمی 2017 (بە دۆلاری ئەمریکی)



هونەری
ڕووداو
ژمارە ( 491 ) - دووشەممە 2018/1/29



## ئاری محەممەد یارەکەی نوێ دەکاتەوە

**ڕووداو – هەولێر**

هونەرمەندی کورد ئاری محەمەد، نوێترین ڤیدیۆکلیپی خۆی بەناوی "هەی یارێ" بڵاوکردەوە کە ئەم گۆرانییە لە ساڵی 1998 بڵاوکرابووەوە، بەڵام ئاری بەستایلێکی نوێ دووبار تۆماری کردووەتەوە .ئاری محەممەد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گۆرانیی هەی یارێ، بەشێوازێکی نوێ کارمان لەسەر کردووە، دووبارە پێشکەشی هەوادارانی گۆرانی و میوزیکی کوردی دەکەینەوە". ئاری لەبارەی ڤیدیۆکلیپەکە دەڵێت" لەگەڵ ستافێکی پرۆفیشناڵ، ڤیدیۆکلیپەکەمان تۆمارکردووە، کە لە دەرهێنانی کاوە موحسینە و حوسێن دۆسکی کاری مۆنتاژی بۆ کردووە، هەروەها کاری دابەشکردن و میوزیکی لەلایەن هونەرمەند ئەحمەد ئازاد جێبەجێکراوە، لە ستۆدیۆی تارق خانەقینی کاری تۆمارکردنی بۆ کراوە".

## گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا

# هاوژینی ئۆجەلان بە شڤانی گوتبوو دەست لە گوڵستان بەردە



لەگەڵ دایکم بە کاسێت قسەمان دەکرد
•
نەمدەتوانی تەلەفۆن بۆ ماڵی باوکم بکەم
•
بەهۆی جگەرخوێنەوە بەناوبانگ بووم
•
خۆم بەرامبەر کوڕەکەم بە گوناهبار دەزانم

دەترسام پشتم تێبکەن، بۆیە لە کار و خەبات بەردەوام بووم

خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە ڕادیۆی ڕووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هێڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسیی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە. ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە، بە باشمان زانی لە هەفتەنامەی ڕووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە.

گوڵستان لەم بەشەی هەڤپەیڤینەکەدا باس لەوە دەکات کە لە دووڕیانێکدا بووە: ئایا کوڕەکەی گەورە بکات، یان شەڕی سەلماندنی وجودی خۆی بکات و وەڵامی هەڤاڵەکانی بداتەوە کە ئەو بەهۆی دایکایەتییەوە لە چالاکی نەکەوتووە.

**هەڤپەیڤین: هێڤیدار زانا**

### بەشی هەشتەم

**ڕووداو: لە لوبنان دەگەڕێنەوە ئەڵمانیا، پێشتر باست کرد کە ڕەوشی ئابووریتان لە ئەڵمانیا زۆر خراپ بوو، شوێنەکەتان زۆر تەنگ بوو. بڕیارتان نەدا شوێنەکەتان بگۆڕن، چونکە ئیدی دەبوون بە سێ کەس؟**

**گوڵستان:** نەخێر. من بیرم لەوە نەدەکردەوە کە دەبم بە دایک و بەرپرسیارێتیم دەکەوێتە ئەستۆ، شڤانیش هەر وابوو. شڤان هەر خەریکی ئەوە بوو چۆن گۆرانییەکی باش بەرهەم بێنێ، چۆن کۆنسێرتێکی باش بکات. کوردێک لە کوێ هەبێ ئەو بچێ کۆنسێرتی بۆ بکات. منداڵێک دێت، بەڵام هیچ ئامادەکارییەکی بۆ نەکراوە. کە منداڵەکەی ناوسکم کەمێک گەورە بوو، زۆرتر لە ماڵەوە دەمامەوە، بەڵام شڤان هەر لە دەرەوە بوو.

**ڕووداو: هەر لە خانووە کۆنەکەتان مانەوە؟**

**گوڵستان:** ڕاستییەکەی کوردێک لەوێ هەبوو پێیگوتم گوڵستان تۆ دەتوانی بچی داوا لە شارەوانی بکەی خانوویەکی گەورەترت بدەنێ، چونکە تۆ منداڵت دەبێ. چووینە شارەوانی و داواکارییەکەمان پێشکەشکردن. من لە نەخۆشخانە بووم کە شڤان هات گوتی شارەوانی خانووی نوێی پێداوین. دواتر داوای لە کوڕێکی ماردینی کرد کە وەکو تەکنیککاری دەنگ لە گرووپەکەمان کاری دەکرد، خانووەکەمان بۆ نۆژەن بکاتەوە. دوای هەفتەیەک هاتمەوە ماڵ، ماڵەکە یەک شتی تێدا نەبوو. من نەخۆش و منداڵ ناحەوێتەوە. منێکی منداڵ تەمەنم 17 ساڵە نەمدەزانی چی بکەم. لەو کاتەدا ئەو کوڕە هات کە ناوی خەلیل بوو، پێمگوت کاکە ئەو خانووە تەنانەت تەباخێکی تێدا نییە خواردنێکی پێ ئامادە بکەم، ئاوێکی پێ گەرم بکەم، شیرێک بۆ سەرخۆبوون دروست بکەم. خەلیل چوو فرنێکی بۆ کڕیم، دواتر شڤان هەندێک شتی هێنا. پاشان کاک خەلیل هەندێک شتی لە دەستی دوو بۆ کڕین.

**ڕووداو: بۆ تۆ ناخۆش نەبوو ئافرەتێکی پڕ چالاکی، لە ماڵەوە دابنیشی؟**

**گوڵستان:** سەرخۆبوون تەمەنی بووە 40 ڕۆژ، شڤان لە بۆخوم گەڕایەوە کوێڵن، پێمگوت ناتوانم لە ماڵەوە دابنیشم، چونکە بە تەنیا بووم و کەسیش سەردانی نەدەکردم.

**ڕووداو: ئەی هەڤاڵەکانت بۆ پشتیان تێکردی؟**

**گوڵستان:** ئەوان وایان بیردەکردەوە کە مادام من بووم بە دایک، ئیدی سوودم بۆ ئەوان نەماوە و بە کەڵکی کاری ئەوان نایەم و ڕۆڵی من تەواو بوو. ئەوان پێیان سەیر بوو من چۆن منداڵم دروستکردووە، وەکو ئەوەی قەباحەتێکم کردبێ. شڤان گوتی ئەگەر دەتەوێ تێکەڵی خەبات ببیتەوە، سەرخۆبوون بدە ماڵێک. شڤان برادەرێکی هەبوو لە فرانکفۆرت، ژنەکەی ئەڵمان بوو. گوتی منداڵەکە بدە ئەوان با بۆمان بەخێوبکەن. ئێستا من بیر لەوە دەکەمەوە بە چ ویژدانێک منداڵێکی 40 ڕۆژەم تەسلیمی خێزانێک کردووە!! من هەڵەیەکی زۆر گەورەم کرد، قەت لە خۆم خۆشنابم.

**ڕووداو: تۆ ناچاریووی یان ناچارکرای منداڵەکەت تەسلیمی ئەو خێزانە بکەی، چونکە دەڵێی بە چاوێکی کەم سەیریان دەکردم، تۆ دەتویست خۆت بسەلمێنی؟**

**گوڵستان:** بێگومان ئەوە کاریگەری هەبوو. من و شڤان سواری ئۆتۆمبێل بووین، کوڕەکەمان برد تەسلیمی ژنێکی ئەڵمانمان کرد.

**ڕووداو: ژنەکە بە دڵی بوو؟**

**گوڵستان:** نازانم. کوڕەکەم تەسلیم کرد و گەڕامەوە نێو خەبات. دوای مانگێک تەلەفۆنیان بۆ کردین گوتیان کوڕەکەتان لە نەخۆشخانەیە. کە گوێم لەو قسەیە بوو خۆزگەم دەخواست بمرم. ئەوە چ ژیانێکە من تێیدام. خۆزگە سەرخۆبوونم نەهێنابا سەر دونیا. کە چووم بۆ نەخۆشخانە بینیم هەموو گیانی گوڵ بووە. چۆن لەلای ئەو ژنە دامانابوو قەت پاکی نەکردبووەوە. سەرخۆبوونم هەڵگرت و هێنامەوە ماڵەوە.

**ڕووداو: شڤان ئەوکات چی گوت، هەستی کرد کە بڕیارێکی هەڵەی داوە؟**

**گوڵستان:** (بە گریانەوە) بیرم نایەت.

**ڕووداو: ببوورە بیرەوەرییەکی ناخۆشم بیرخستییەوە.**

**گوڵستان:** هەر کاتێک ئەو شتەم بیردەکەوێتەوە خۆم بە گوناهبار دەزانم. دەبێ سەرخۆبوون لێم ببوورێ؟

**ڕووداو: کە سەرخۆبوونتان هەڵگرت، چوونەوە ماڵەکەتان لە کوێڵن، یان چوون بۆ بۆخوم؟**

**گوڵستان:** نەخێر هاتمەوە ماڵەوە. جاروبار دەچووم بۆ بۆخوم سەرخۆبوونیشم لەگەڵ خۆم دەبرد.

**ڕووداو: تۆ لە خەبات و گرووپ و میوزیک دوورکەوتیتەوە، پێت ناخۆش نەبوو؟**

**گوڵستان:** من زۆر تەنیا بووم. کوردیش کەم بوون، هیچ دراوسێیەکی کوردم نەبوو، نەمدەزانی ئۆتۆمبێل لێبخوڕم، زمان نازانم.

**ڕووداو: شڤان چەند ڕۆژ جارێک دەهاتەوە ماڵ؟**

**گوڵستان:** بە باشی بیرم نەماوە، هەفتەی جارێک، 10 ڕۆژ جارێک.

**ڕووداو: ئەو ژیانەت هەتا کەی بەردەوام بوو؟**

**گوڵستان:** کە سەرخۆبوون بوو بە شەش مانگ جاروبار دەچووم بەشداریی کۆنسێرتەکانم دەکرد. کە دەچوومە سەر ستەیج سەرخۆبوونم لەلای خەڵکەکە دادەنا. نزیکەی سێ ساڵ بەو جۆرە کار و خەباتم کرد.

**ڕووداو: ئەوکات حەزت لەوە بوو کە بەردەوام بی لەسەر کاری هونەری، یان هەستت دەکرد ناچاری؟**

**گوڵستان:** من ئێستا بیر دەکەمەوە، بۆچی ئەوکات لە ماڵ دانەنیشتم و کوڕەکەم گەورە نەکرد! ترسێک هەبوو کە تۆ ڕەتبکرێیتەوە. وا بیرم دەکردەوە ئەگەر لە ماڵ دابنیشم بە چاوێکی کەم سەیرم دەکەن. بیرمە ئەوکات کەسیرە ئۆجەلان لە ئەڵمانیا بوو، ئەوکات سەرخۆبوون یەک ساڵ بوو، کەسیرە زۆرجار دەهاتە ماڵمان. بیستمەوە کە بە شڤانی گوتبوو دەست لە گوڵستان بەردە، تازە گوڵستان بە کەڵک نایەت و بووەتە ژنی ماڵ، بووە ژنێکی کلاسیک. من زۆر بەوە تووڕە بووم. چونکە کەسیرە دەیگوت من شۆڕشگێڕم و بەرگری لە مافی ژنانی کورد دەکەم، دەبێ ژن تێکەڵی شۆڕش ببن. بەڵام کاتێک من منداڵم دەبێ ئیدی ژنێکی بێکەڵکم، ناتوانم بچمە سەر شانۆ و گۆرانی بڵێم. ناتوانم هیچ بۆ شۆڕش بکەم، ئیدی ئەوە زۆر ئازاری دام. من لەوە دەترسام پشتم تێبکەن، بۆیە لەسەر کار و خەبات بەردەوام بووم.

**ڕووداو: ئەی نەدەچووی بۆ کۆرسی زمان؟ هیچ کۆرسی زمان نەبوو بۆ کۆچبەران؟**

**گوڵستان:** با هەبوون، هەموو شتێک هەبوو، بەڵام من چۆن لە کوردستان دەژیام، لەوێش هەر بەو جۆرە دەژیام، هیچ گۆڕانکارییەکم بەسەردا نەهاتبوو. من لەنێو شەڕی خۆسەلماندندا بووم.

**ڕووداو: پەیوەندیشت لەگەڵ کەسوکارەکەت نەمابوو؟**

**گوڵستان:** ماڵباتەکەم حاشایان لێکردبووم. دایکم جاروبار کاسێتی بۆ دەناردم. ژنێک لە هۆڵەندا گەڕابووەوە کوردستان، منیش دەنگی خۆم تۆمار کرد و بۆم نارد. نەمدەتوانی تەلەفۆن بۆ ماڵی بابم بکەم، چونکە تەلەفۆنەکەیان لەژێر چاودێریدا بوو.

**ڕووداو: دواتر دەچنە سوێد، بۆچی لە ئەڵمانیا نەمانەوە، ئەو بڕیارە چۆن بوو؟**

**گوڵستان:** بەر لەوەی سەرخۆبوون لەدایک بێ چووبووم بۆ سوێد، مامۆستا جگەرخوێن کە من بە هەڵبەستەکانی ئەو بەتەواوی فێری کوردی بووم و بە هەڵبەستەکانی ئەو ناسرام، لە سوێد بوو، لەوێ کۆنسێرتێکی زۆر جوانمان کرد. دواتر مەحموود باکسی کە ئەویش نووسەرێکی کوردە و هاتوچۆی ئێمەی دەکرد لە ئەڵمانیا، پێیگوتم ئیقامەتان هەیە؟ گوتم ناوەڵڵا.. گوتی باشترە بێن بۆ سوێد، لێرە مافی پەنابەران زیاترە، مافی پەنابەریتان بۆ وەردەگرم و دەبنە خاوەنی پاسپۆرتی سوێدی، ئەوکات دەتوانن بە ئارەزووی خۆتان لە وڵاتان بگەڕێن. ئێمە پێشتر چووبووین بۆ سوێد، ئەوێمان بینیبوو، ڕەوشیشمان لە ئەڵمانیا زۆر خراپ بوو، بۆیە بڕیارم دا لەگەڵ سەرخۆبوون بچینە سوێد. چووینە شاری ئۆپسالا و مانگ و نیوێک لەلای خێزانێکی ماردینی مامەوە، هەتا مافی پەنابەرێتیم وەرگرت. کوردی سوێد وەکو کوردی ئەڵمانیا نەبوون، لە زۆربەی فەرمانگەکان هەبوون، بۆیە لەکاتی وەرگرتنی مافی پەنابەری زەحمەتی زۆرم نەبینی.

کوڕەکەم 40 ڕۆژ بوو کە دامانە خێزانێک
•
شڤان 10 ڕۆژ جارێک دەهاتەوە ماڵ

## گۆرانیبێژ هەڤاڵ ئیبراهیم بۆ (ڕووداو):

# 12 گۆرانیی نوێم ئامادەیە



**هەڤپەیڤین: دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

یەکێکە لە هونەرمەندە گەنجەکانی شاری دهۆک، بەڵام هەرزوو لە شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ناسرا. خاوەنی چەندین ئەلبوومی گۆرانی و کلیپە، ئێستا لە گەڕەکێکی شاری هەولێر ستۆدیۆیەکی دامەزراندووە و هەر لەوێش دەژی، جگە لە کاری میوزیک و گۆرانی بۆ خۆی، کار بۆ هونەرمەندانی دیکەش دەکات، هەڤاڵ ئیبراهیم هونەرمەندی گەنج وەڵامی چەند پرسیارێکی (ڕووداو) دەداتەوە.

**ڕووداو: ماوەیەکی زۆرە بەرهەمی نوێت نییە، سەری ساڵ گۆرانییەکی سۆرانیت بڵاوکردەوە، کەی بەرهەمی دیکە بڵاودەکەیتەوە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** ڕاستە، ئەو گۆرانییە سۆرانییەی لە سەری ساڵدا بڵاومکردەوە گۆرانییەکی تایبەت بوو، ویستم لە ساڵی نوێ پێشکەشی بکەم، ڕاستییەکەی زیاتر لە 12 گۆرانیی دیکەم ئامادەیە، واتە ئەلبوومێکی گۆرانی، بەنیازم هەر ئەمساڵ بڵاویان بکەمەوە.

**ڕووداو: کەواتە ئەمساڵ گوێمان لە 12 گۆرانیی نێوی هەڤاڵ ئیبراهیم دەبێ؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** دڵنیا نیم کە 12 گۆرانییەکە دەکەم بە ئەلبوومێک یان نا، چونکە خۆت دەزانی بارودۆخی کوردستان چۆنە، بڵاوکردنەوەی ئەلبوومی گۆرانی لەم کاتەدا زۆر قورسە. هەوڵ دەدەم و حەز دەکەم بیکەم بە ئەلبوومێکی گۆرانی، ئەگەر دەرفەت نەبوو ئەو کاتە گۆرانییەکان بە سینگڵ بڵاودەکەمەوە.

**ڕووداو: لە ڕابردوودا گۆرانی عەرەبیت گوتووە، لە ئەلبوومەکەتدا گۆرانیی عەرەبی دەبێت؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** ئەوە ئەزموونێک بوو لە ڕابردوودا، ویستم گۆرانیی عەرەبیشم هەبێت، بەڵام ئەم ئەلبوومەی ئامادەیە تەنیا لە گۆرانی کوردی پێکهاتووە.

**ڕووداو: زۆر باسی دەستپێکردنی ژیانی هاوسەرگیریت دەکرێت، لە ڕابردووشدا وا بڵاویووەوە کە بە نهێنی هاوسەرگیریت کردووە، ئەوە ڕاست بوو؟ ئەگەر نەتکردووە، لە بەرنامەتدا نییە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** (بەپێکەنینەوە) ئەوە ڕاست نەبوو، نەخێر هاوسەرگیریم نەکردووە. سەبارەت بە کاتی پێکهێنانی خێزانیش ئەوە قسمەت و نسیبە، کەس نازانێ بەیانی چی ڕوودەدات.

**ڕووداو: پلانت هەیە گۆرانیی هاوبەش (دوێت) لەگەڵ هیچ هونەرمەندێک بڵێی؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** ئێستا ڕاستییەکەی هیچ پلانێکم نییە، بەڵام بۆ داهاتوو ئەگەر پرۆژە و بەرهەمی جوان هاتە پێشەوە بۆ نا، زۆر حەز دەکەم کاری جوان پێشکەش بە هەوادارانم بکەم.

**ڕووداو: ڕۆژانە کاتەکانت بە چی بەسەر دەبەی؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** ڕۆژانە لە ستۆدیۆکەم زۆربەی کات خەریکی کاری میوزیک و گۆرانیم، ئاواز دادەنێم و تۆماریان دەکەم، زۆربەی کات لە ستۆدیۆدام لەگەڵ گیتارەکەم.

**ڕووداو: لە ستۆدیۆکەت تەنیا کار بۆ خۆت دەکەیت؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** نەخێر، جگە لە کارە هونەرییەکانی خۆم، کار بۆ هونەرمەندانی دیکەش دەکەم، لە ڕووی دانانی ئاواز و دابەشکردنی میوزیک و تۆمارکردنەوە. واتە دەیان هونەرمەندی دیکە کارەکانیان لە ستۆدیۆکەی مندا ئامادە دەکەن.

**ڕووداو: لەگەڵ وەرزشدا نێوانت چۆنە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** هەموو ڕۆژێک کاژێرێک یان دوو کاژێر وەرزش دەکەم، هەم بۆ تەندروستیم هەم بۆ پاراستنی لەشم، بەبێ وەرزشکردن ناتوانم.

**ڕووداو: لە ڕابردوودا گۆرانییەکت تۆمار کرد بەناوی "شەهید". بەنیازنیت گۆرانیی دیکەی نەتەوەیی تۆمار بکەی؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** گۆرانی شەهید لە ناخمەوە بۆ هەموو شەهید و پێشمەرگە قارەمانەکانم گوت. هیوادارم لە ئاستی گەورەیی پێشمەرگەکانی کوردستان بێت، ئێمە هەمیشە قەرزاری پێشمەرگەین، گۆرانی نەتەوەیی ئەرکی هەموو هونەرمەندێکە و پێویستە هونەرمەندان هەمیشە کاری نەتەوەییان لەبیر بێ.

چەند گۆرانییەکی نوێ بە سۆرانی دەڵێم
•
ڕۆژانە دوو کاژێر وەرزش دەکەم

ڕووداو

ژمارە (491) - دووشەممە 2018/1/29



## چیدی پشکنین بۆ پەناخواز هاوڕەگەزخواز ناکرێ

**ڕووداو - هەولێر**

دادگای ئەورووپا بڕیاری دا چیدی پشـکنین بۆ ئەو هاوڕەگەزخوازانە نەکرێ کە داوای مافی پەنابەری لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا دەکەن. ئەو بڕیارەی دادگاکە ڕۆژی 2018/1/26 لە دادگای دادی ئەورووپی لە لۆکسەمبۆرگ دەرچووە و هەر 28 وڵاتەکەی یەکێتیی ئەورووپای پێوە پابەند کردووە. لە بڕیارەکەدا هاتووە نابێ چیدی وڵاتانی ئەورووپی پشکنینی سێکسی بۆ ئەو پەناخوازانە بکەن، کە کەیسەکانیان بریتییە لە هاوڕەگەزخوازی و بۆ سەلماندنی هاوڕەگەزخوازیان، بۆیان دەکرا، چونکە دادگاکە پێیوایە ئەو پشکنینە مافی تایبەتی کەسەکان پێشێل دەکات و نابێ بۆ پێدانی مافی پەنابەری، کاری پێ بکرێت.

# کۆچبەران.. دۆسیە گەرمەکەی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە ئیتاڵیا

**شوان سدیق**
**ڕووداو — ڕۆما**

هێشتا ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکەی ئیتاڵیا تـەواو نەبووە کـە بڕیـارە 4ی ئاداری ئەمساڵ بەڕێوەبچێ، بەڵام ئۆپۆزیسۆن هەر لە ئێستاوە بەدوای خاڵی لاوازی دەسەڵاتدا دەگەڕێ بۆ هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردن، یەکێک لەو خاڵی لاوازیانەش دۆسـیەی کۆچبەرانە کە باری شانی حکومەتی قورس کردووە.

کەواتە دۆسیەی کۆچبەران بەهێزترین چەکی دەستی ئۆپۆزیسیۆنە بەرامبەر دەسەڵات، ئەوان هەر لە ئێستاوە ئەو چەکەیان لەدژی حکومەتەکەی پاولۆ جینتلیۆنی و هاوپەیمانەکانی خستووەتە گەڕ، چونکە هاتنی بەلێشاوی کۆچبەران ئەو پرسەی کردووەتە بابەتی ڕای گشتی لە ئیتاڵیا.

پتر لە 10 پارت و لایەن ئامادەکاری دەکەن بۆ هەڵبژاردنەکەی 4ی ئادار، ئیتاڵییەکان ئومێدێکی زۆریان بەو هەڵبژاردنە هەیە و چاوەڕێی گۆڕانکاری دەکەن، چونکە ئیتاڵیا بەدەست کۆمەڵێک قەیرانەوە دەناڵێنێ، لەوانەش قەیرانی دارایی و قەیرانی کۆچبەران.

دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیتاڵیا ساڵی 2013 بەڕێوەچوو، لە کۆی 630 کورسیی پەرلەمان، ئۆپۆزیسیۆن 177 کورسی و حیزبە دەسەڵاتدارەکان 453 کورسییان بەدەستهێنا.

ماتیۆ سالڤینی، سەرۆکی حیزبی ڕابیتەی باکووری ئیتاڵیا کە بە کەسێکی ڕاسیست لە دژی کۆچبەران و بێگانەکان ناوی دەرکردووە، بەردەوام ڕەخنە لە حکومەت دەگرێ و پێیوایە ئیتاڵیا دەبێ پێداچوونەوە بکات بە بەخشینی مافی پەنابەری و مافی مانەوە بە کۆچبەران.

پێشبینی دەکرێ سالڤینی دەنگی زۆرینەی ئەو ئیتاڵیانە ببات کە چارەی کۆچبەرانیان ناوێ.

پارتەکەی سالڤینی، هاوپەیمانی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری ئیتاڵیا سێرجیۆ بێرلسکۆنییە، حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەی کۆچبەران دەکەن، بەڵام لەو باوەڕەدا نین کە پرسی کۆچبەران بتوانێ دەنگەکانیان هەڵوەرێنێ، چونکە دەڵێن بە باشی کاریان لە دۆسیەی کۆچبەراندا کردووە.

پاولۆ جینتلیۆنی، سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا بە میدیاکانی وڵاتەکەی ڕاگەیاند "کۆچ بابەتێکی جیهانییە، واتە پرسەکە تەنیا پەیوەست نییە بە ئیتاڵیا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە بێ خەم بووین، بەڵێ پرسی کۆچ بۆ ئیتاڵیا زۆر گرنگە. پێویستی بە چارەسەر هەیە، ئیتاڵیا زیاتر لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا هاوکاریی کۆچبەرانی کردووە، پێویستە هەموو لایەک ئەمە باش بزانن".

بەگوێرەی دوائاماری میدیاکانی ئیتاڵیا ساڵی ڕابردوو، 171 هەزار کۆچبەر ڕوویان لە ئەورووپا کردووە، لەو ژمارەیەش 119 هەزار و 310 کۆچبەریان لە ئیتاڵیا ناوی خۆیان تۆمار کردووە، هەر ساڵی ڕابردوو 3116 کۆچبەری نایاسایی گیانیان لەدەستداوە.

سەرەڕای هەوڵەکانی ئیتاڵیا لە لیبیا بۆ ڕێگری لە هاتنی کۆچبەرانی ئەفریقی، بەڵام هاتنی کۆچبەران بەردەوامە.

زۆربەی ئەو کۆچبەرانەی روو لە ئیتاڵیا دەکەن، خەڵکی وڵاتانی ئەفریقان، ئەوان لەڕێگەی ڕێڕەوە ئاوییەکانی لیبیاوە خۆیان دەگەیەننە ئیتاڵیا، هەندێکیان لەو وڵاتە دەمێننەوە، بەڵام زۆربەیان بە وڵاتانی دیکەی ئەورووپادا بڵاودەبنەوە.

لە حوزەیرانی 2017 پەرلەمانی ئیتاڵیا پرۆژە بڕیارێکی پەسەند کرد، بڕیارەکە ڕێ بە چوونی سەربازانی ئیتاڵیا دەدات بۆ کەناراوەکانی لیبیا بۆ ئەوەی ڕێگری لە هاتنی کۆچبەرانی ئەفریقی بۆ نێو خاکی ئیتالیا بکەن.

ئەو بڕیارەی پەرلەمانی ئیتاڵیا نیگەرانیی لیبیای لێکەوتەوە، دوایین هەڵوێستی چالاکڤانانی لیبیا هەینی هەفتەی ڕابردوو بوو کاتێک داوایان لە پەرلەمان و کاربەدەستانی وڵاتەکەیان کرد، هەڵوێست دژی مانەوەی سەربازانی ئیتاڵیا لە سنووری لیبیا دەرببڕن. ئیتاڵیا 400 سەربازی لە کەناراوەکانی لیبیا جێگیر کردووە.

فرانچیسکۆ دۆنیلی، چالاکڤانی سیاسی پێیوایە مشتومڕی حیزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لەبارەی کۆچبەران تەنیا بۆ ڕاکێشانی دەنگی پەنابەران و ئەو ئیتاڵیانەیە کە هاوسۆزن یان دژی کۆچبەرانن.

فرانچیسکۆ دەڵێت: "ئۆپۆزسیۆنی ئێستای ئیتاڵیا ڕابردوویەکی باشی نییە، ئەزموونی پێشتریان زۆر خراپ بووە لە دەسەڵاتدا، بەتایبەتی حیزبەکەی ماتیۆ سالڤینی و بێرلسکۆنی، بەڵام ئێستا ئەوان لەڕێگای میدیاکانیان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیانەوێ بە ئیتاڵییەکان بڵێن هاتنی کۆچبەران هۆکارێکی سەرەکیی قەیرانی داراییە لە ئیتاڵیا".

پارتە دەسەڵاتدارەکانی ئیتاڵیا ئێستا بەخشینی مافی پەنابەرییان قورس کردووە، بۆ ئەمەش دوو ئامانجیان هەیە، یەکەم کەمکردنەوەی دەنگە نارازییەکان لە دژی کۆچبەران، هەروەها کەمکردنەوەی هاتنی بەلێشاوی کۆچبەرانە بۆ ئیتاڵیا.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردن، فەرمانگەی کاروباری کۆچبەران لە ئیتاڵیا بڕیاری داوە جێبەجێکردنی کاروباری پێدانی مافی پەنابەری بە کۆچبەران ڕابگرێ، فەرمانگەکە پێشتر مافی مانەوەی پێنج ساڵی دەدایە ئەو کۆچبەرە عێراقیانەی کەیسەکەیان قبوڵ دەکرا، بەڵام چەند پەنابەرێکی عێراقی کە کوردیشیان تێدایە و بەم دواییە کەیسەکانیان قبوڵ کراوە، مافی پەنابەرییان تەنیا بۆ دوو ساڵ پێدراوە، ئەمەش ئەو کۆچبەرە عێراقیانەی سارد کردووەتەوە کە ڕوویان لەو وڵاتە کردووە و دەیانەوێ وڵاتێکی دیکە بدۆزنەوە.

هەرچی پەیوەندی بە کۆچبەرانی ئەفریقا و ئاسیای ناوەڕاست و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوەیە، ئەوان پێشتریش زۆربەیان مافی مانەوەی دوو ساڵیان پێدراوە، یان داواکارییەکەیان ڕەتکراوەتەوە.

کاروان ساڵح دوو ساڵە لە هەرێمی ترینتۆی ئیتاڵیا نیشتەجێیە، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "لە ساڵانی ڕابردوو تاوەکو کۆتاییەکانی 2016 بەگشتی شوێنی نیشتەجێبوون و مافی پەنابەریش ئاسان بوو بۆ کۆچبەران، بەڵام ئێستا کاروبارەکان قورس کراون".

کاروان زۆر لەمێژ نییە لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی مافی پەنابەرییان وەرگرتووە، دەڵێت پێشتر لە شارەکەی ئەوان (بۆلزانۆ) خێزانی کۆچبەرانیان نیشتەجێ دەکرد، کۆچبەرانی عێراقیش مافی مانەوەی پێنج ساڵییان وەردەگرت، کەچی ئێستا خێزانی کورد هەیە مافی مانەوەیان تەنیا بۆ دوو ساڵ دراوەتێ. کاروان هیواخوازە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیتاڵیا بە خێر بۆ کۆچبەران بشکێتەوە.

زۆربەی ئەو کۆچبەرانەی ڕوو لە ئیتاڵیا دەکەن، ئەفریقین، بەڵام بەپێی ئاماری کۆمیسیۆنی کاروباری کۆچبەران لە ئیتاڵیا، نزیکەی 50%یان داواکارییەکەیان بۆ مافی پەنابەری لەو وڵاتە ڕەتدەکرێتەوە.

سەلیو عومەر، گەنجێکی گامبیاییە، لە حوزەیرانی 2016 بە قاچاخ لەڕێگەی لیبیاوە خۆی گەیاندووەتە ئیاڵیا، بەڵام تاوەکو ئێستا مافی مانەوەی وەرنەگرتووە. ئەو گەنجە تەمەن 29 ساڵە بە (ڕووداو)ی گوت: "ساڵی ڕابردوو ڕەفزم وەرگرت، ئێستا لە دادگا تانەم لە بڕیاری کۆمسیۆنی کاروباری کۆچبەران داوە، مافی پەنابەریی دوو ساڵیشم بدەنێ هەر قبووڵمە، چونکە لە وڵاتی خۆمان ژیانمان نییە، کار و کاسبی نییە، بۆیە ناچارین کۆچ بکەین".



پتر لە 10 پارتی سیاسی بەشداری لە هەڵبژاردنەکەی 4ی ئادار دەکەن کە ئیتاڵییەکان ئومێدێکی زۆریان پێی هەیە و چاوەڕێی گۆڕانکاری دەکەن

**کۆچبەرێکی کورد**

### ئیتاڵیا تا کۆتایی 2016 مافی پەنابەری و شوێنی نیشتەجێبوونی بە ئاسانی دەدایە کۆچبەران

**قاچاخچییەکان دەربازیان دەبێت**

# پۆلیسی بولگاریا بۆ کۆچبەران لە بۆسەدایە



**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو- بولگاریا**

ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچێ، تاریکی باڵ بەسەر ئیستانبوڵدا دەکێشێ، بەردەم باڵەخانەی هستۆریا، بەدەیان کۆچبەری کورد و فارسی لێیە. دانە دانە و دوو دوو، لەلایەکەوە لە پاڵ دار و لەنێو باخچە دانیشتوون و چاوەڕێن ڕێگەی ئەورووپا بگرنەبەر. حەمە کەرکووکی چاوەڕێی گەیشتنی ئۆتۆمبێلی قاچاخچیەکەیەتی، ترس دایگرتووە و بە وریاییەوە چاو دەگێڕێ نەوەک پۆلیس لە دەوروبەری بن.

لەپڕدا پاسێک وەستا و لە چاو تروکانێکدا پڕ بوو لە کۆچبەر، حەمە کەرکووکی بە ئەستەم جێگەی خۆی کردەوە. 15 کۆچبەر لەنێو پاسە بچووکەکەدا بەپاڵ یەکدییەوە لەسەر جانتاکانیان دانیشتن.

حەمە کەرکووکی، چیرۆکی ڕۆیشتنی بەڕێگەی قاچاخ لە تورکیاوە بۆ بولگاریا، لە زیندانی لۆبۆمێزی بولگاریاوە بۆ هەفتەنامەی (ڕووداو) گێڕایەوە و بە وەسفی مینی پاسەکە دەستیپێکرد "دوو ڕێبەر لە پێشەوەی پاسەکەدا دانیشتبوون، کورسییەکانی پشتەوەیان لادابوو، 15 کۆچبەر لەسەر جانتاکانمان دانیشتبووین، جێگەمان خراپ بوو، گشت گیانمان سڕ ببوو".

دوای دوو کاژێر لە ڕۆیشتن، ئۆتۆمبێلەکە لەژێر پردێک دەوەستێ و کۆچبەران بە پەلە دادەبەزن. حەمە دەڵێ "لەدوای دابەزینمان پۆلیس بەلاماندا تێپەڕی، نەمانزانی ڕێبەرەکان چۆنیان زانی پۆلیس بەدوامانەوەیە. نزیکەی چل خولەک لەوێ ماینەوە و ڕێبەرەکەمان زۆر بە وردی چاودێریی ناوچەکەی دەکرد، پاشان ئۆتۆمبێلەکە گەڕایەوە، ڕێبەرەکەمان کە کورد بوو، بە پێکەنینەوە پێیگوتین: مەترسن دەرچووین".

بە چوار کاژێر ڕێگەی نێوان ئیستانبوڵ و ئەدرنە دەبڕن، دواتر لە شوێنێکی چۆڵ دادەبەزن و بەڕاکردن دەڕۆن "ترس باڵی بەسەر تەواوی کۆچبەراندا کێشابوو، دوای کاژێرێ وەستاین و ڕێبەرەکە دوو بەلەمە هەواییەکەی هێنا و بە کۆچبەران پڕیکردن لە هەوا".

لە شەوێکی مانگەشەودا، هەوایەکی سارد جەستەی کۆچبەران دەتەزێنێ، بەو نیوە شەوە دەبێ ڕێگەیەکی پڕ لە مەترسی ببڕن "تا کاژێر سێی شەو وەستاین، ئینجا جووڵەمان کرد، ڕێبەرێک لە پێشەوە و ئەوەی دیکە لە پشتەوە دەڕۆیشت، دوو بەلەمە هەواییە لاستیکییەکە لە دەستی کۆچبەراندا بوو، بەبێدەنگی دەڕۆیشتین، گەیشتینە ئاوبڕی سنووری نێوان تورکیا و یۆنان، بە کەندەڵانێکدا شۆڕبووینەوە کە زۆرینەی کۆچبەران بە خلیسکان کەوتنە خوارەوە. بەلەمەکانمان لەنێو ئاوەکە نا و 15 کۆچبەر و دوو ڕێبەر چوونە ناویان".

ئەو بەلەمانە بەلەمی سێ کەسی بوون. دوو بەلەمەکە لەتەک یەکدی دادەنێن و کۆچبەرانی نێو دوو بەلەمەکە دەستی یەکدی دەگرن و ڕێبەرێکیان لاقێکی لەسەر بەلەمێک و لاقەکەی دی لەسەر بەلەمەکەی دیکە دەبێ و بە سەوڵەکەی دەستی سەوڵ لێدەدا و بەلەمەکە بەئاراستەی ئەوبەری ئاوەکە دەبات. حەمە کەرکووکی دەڵێت: "نزیکەی دە خولەک کەسمان ڕۆح بەجەستەمان قایل نەبوو، باوەڕمان وابوو لەسەرەتای ڕێگەوە دەمرین". کەرکووکی، لەنێوچاوانی خۆی دەدا و کاڵەک بە ئەژنۆ دەشکێنێ لەپای هەڵە گەورەکەی ژیانی کە بڕیاری جێهێشتنی کوردستان و گرتنەبەری ڕێگەی قاچاخی ئەورووپا بوو، وەلێ تازە کار لە کار ترازاوە. ئەو لە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو ڕێگا مەرگەساتئامێزە بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "پەڕینەوە و گەیشتینە سنووری یۆنان. بەو دۆخە ناخۆشەوە لەنێو دڕک و مووسەکەی نێو خاکی یۆناندا ماوەی نیو کاژێر پاڵماندایەوە".

حەمە کەرکووکی لەو کۆچبەرە دەگمەنانەیە کە لە مامەڵەی ڕێبەری کۆچبەران ڕازییە و دەڵێت "ڕێبەرەکەمان کەسێکی باش بوو، لەڕێگادا چەندجار وەستا و پشوومان دا. سێ جاریش لەگەڵ دوو سێ کۆچبەر چوونە نێو باخ و باخاتی ناوچەکە و میوەی هێنا".

کۆچبەرەکان تاوەکو دەوروبەری ڕۆژئاوابوون بەپێ دەڕۆن، تا دەگەنە دوا خاڵ و شوێنی مەبەست، لەدوای پشوویەکی کورت، هەمان ئەو بەلەمانەی لە تورکیاڕا پێی هاتبوونە یۆنان و کۆچبەران هەڵیانگرتبوو، دەیخەنەوە نێو ئاوەکە، حەمە دەڵێت: "بەڵام پێش ئەوەی بپەڕینەوە، ڕێبەرەکە پێیگوتین لەو ئاوە دەپەڕینەوە و دەگەینە خاکی بولگاریا، پێویستە لەنێو بولگاریا زۆر خێرا و بەپەلە بڕۆین، ئەگینا دەستگیر دەکرێین. نزیکەی دە خولەک لەنێو بەلەمەکان بووین، دڵەکوتەمان بوو تا پەڕینەوە، دابەزین و ڕۆیشتن و ڕاکردنمان یەک بوو، تەنیا یەک کاژێرمان دەویست بۆ ئەوەی بگەینە شوێنی چاوەڕوانی هاتنی ڕێبەری بەرامبەر کە سەیارەی بولگاری چاوەڕوانمان بوو، بەنێو دار و بەرد و قوڕ و لیتەی زۆر ناخۆشدا ڕۆیشتین، لە ماوەی ڕۆیشتنمان لەنێو خاکی بولگاریا، دووجار ڕووناکیی پۆلیسمان ئاراستە کرا، وەلێ لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین، ڕێبەرەکەمان بە چپە گوتی تەنیا پێنج خولەکمان ماوە. پێنج خولەکی کۆتایی زۆر بە ئازار بوو، بەنێو لیتەیەکی زۆردا ڕۆیشتین، تا کڵاوەی ئەژنۆمان کەوتە نێو قوڕ، کاتێ گەیشتینە شوێنی مەبەست، لەپڕ دوو ڕێبەرەکە ونبوون، چواردەوری هەر 15 کۆچبەرەکە گیرا، هاتوهاوار و قیڕە و قیژە و ژاوەژاوی کۆچبەران تێکەڵی نەڕەی پۆلیسی سنووری بولگاری بوو، لەدوای لێدانێکی باش، بەرەو زیندانی لۆبۆمێزیان بەڕێکردین".

حەمە نزیکەی دوو مانگ بوو لە زیندانی لۆبۆمێز لە باشووری بولگاریا چاوەڕێی ئازادبوونی دەکرد، ئەو بەسەرسوڕمانەوە گوتی "نازانم ئەو ڕێبەرانە چۆن زانییان پۆلیس لە ناوچەکەیە و چۆن ڕایانکرد و دەستگیر نەکران".



## کچە خوێندکارێک خۆی دەکوژێ

**رووداو – سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند کچە خوێندکارێکی تەمەن 16 ساڵ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە، بەڵام تائێستا هۆکارەکەی نەزانراوە.
بەپێی هەواڵێکی بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی کە لە پەیجی پۆلیسی سلێمانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە، پاشنوەڕۆی رۆژی 2018/1/261 لە گەڕەکی خەبات لە شاری سلێمانی کچێکی تەمەن 16 ساڵ کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە. دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادوەری لەشاری سلێمانی کرا و لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە دەستپێکردووە. بەپێی زانیارییەکان کچەکە ناوی (س.ع.ئا) بووە، تاوەکو ئێستاش هۆکاری خۆ خنکاندنەکەی نەزانراوە.

# ژنە کوژراوەکەی کۆیە کێ بوو؟

## ناوی بێلانە و بەبیانووی پاراستنی شەرەف کوژراوە



تەرمی بێلان هێشتا لە پەیمانگەی دادپزیشکییە

**دیمەن بورهان**
**رووداو – هەولێر**

تەرمـی ئەو ژنەی شـەوی 20ی ئەم مانگە لە نزیک گوندێکی سـەر بە ناحیەی دێگەڵەی قەزای کۆیە دۆزرایەوە، هێشتا لە پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێـرە. قوربانییەکە ژنێکە بەناوی (بێلان) کە شـووی کردووە و منداڵێکـی هەیە. مێردی بێلان ماوەی ساڵێکە لە زیندانە. ئەو ژنە لەلایەن چەند خزمێکی نزیکی خۆیەوە کوژراوە.

شـەوی 2018/1/20 ، کەسـێک کە خۆی بە شـوان ناسـاندووە، تەلەفـۆن بۆ پۆلیسـی کۆیە دەکات و لـە هەواڵی کوشـتنی ژنێـک ئاگاداریان دەکاتـەوە، هەر ئەو شـەوە پۆلیـس دەچنە ئەو شوێنەی کە شوانەکە لە تەلەفۆنەکەدا ناونیشانی دابـوو، دوای گەڕانێکی زۆر، لە بەرەبەیاندا تەرمی ئافرەتێک لە سنووری گوندی شاخەپیسکەی سەر بە ناحیەی دێگەڵە لەنێـو چەند تاوێرە بەردێکدا دەدۆزنـەوە. رۆژی دواتـر تەرمـی ئافرەتەکە کە لەسـەر دەم کەوتووە و شـوێنی چەند گوللەیەک بـە پشـتییەوە بـوو، زۆر بەخێرایـی بـە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکدا بڵاوبووەوە.

سەرەتا ناسنامەی قوربانییەکە ئاشکرا نەبوو، بـەڵام دوای لێکۆڵینـەوەی وردی پۆلیس لـە تاوانەکە، ناسنامەکەی ئاشکرا کرا و پۆلیس توانی کەسوکارەکەی بناسێتەوە، هەرچەندە تائێستا هیچ کەسـێک بۆ وەرگرتنـەوەی تەرمەکەی نەچووەتە پەیمانگـەی دادپزیشـکی. بـە گوتـەی پۆلیـس دوای رووداوەکـە چـوار کەس بە نـاوی ونبوونی کەسـوکاریان سەردانی پۆلیسـیان کردووە، بەڵام تەرمەکە هی هیچ کامیان نەبووە.

### کێ تاوانەکەی کردووە؟

شـۆڕش کاکـە، بەڕێوەبەری پۆلیسـی قەزای کۆیە لەبارەی ئەو کەیسـەوە پێشـتر بە (رووداو) ی گوتبـوو: "ژنەکـە تەمەنـی نزیکەی 20 سـاڵ دەبێ، هیچ ناسنامەیەکی پێ نەبوو، هەر بە جلی ماڵەوە هێنراوەتە دەرەوە، ماکسییەک و پاڵتۆیەکی سـپی لەبەردا بوو، نەعلێکـی پەمەیی لەپێدابوو. هەروەها لەسـەر قۆڵی تاتۆیـەک هەبوو کە ناوی (قانیع)ی لەسەر نووسراوە، تەرمەکە لەنێو چەند تاشـەبەردێکدا کەوتبـوو". هەروەهـا گوتبـووی: "بەپێـی ئـەو هێلکارییەی لە شـوێنی رووداوەکە کـراوە، زیاتر لە کەسـێک تاوانەکەی ئەنجامداوە، چـوار قەوانـی گوللـەش لـە شـوێنی رووداوەکە دۆزراونەتەوە، گوللەکان لە نزیکەوە و لەپشـتەوە لە ئافرەتەکە دراون".

### ئافرەتە کوژراوەکە کێیە؟

بەپێـی بەدواداچوونـی (رووداو)، ئافرەتـە کوژراوەکە ناوی (بێلان کەمال)ەو تەمەنی 21 ساڵە، خەڵکی قەزای کۆیەیە. بێلان هەر دوای لەدایکبوونـی، باوکی مردووە، بۆیە خاڵی بەناوی خۆیەوە ناسنامەی بۆ دەرکـردووە، دایکی بێلان شـوو بە مامی بێلان دەکاتەوە، بەڵام پێکەوە نەگونجاون و دوای ماوەیەک لە یەکدی جیابوونەتەوە.

دوای جیابوونەوەی دایکی و مامی، بێلان لە ماڵی دایکی دەمێنێتەوە، پاش ماوەیەک دەکەوێتـە داوی خۆشەویسـتیی گەنجێـک بەناوی (قانیع شەفیق) کە تەمەن 31 ساڵ بـووە، دواتر خێـزان پێکەوەدەنێـن، بەڵام ماڵـی مامی بەم هاوسـەرگیرییە رازی نابن، بۆیە بێلان حاشا لە ماڵی مامی دەکات و لەگەڵ قانیع روودەکەنە شاری هەولێر و لەوێ نیشتەجێ دەبن.

### تاتۆکەی دەستی ئاشکرای کرد

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، هاوژینی بێلان سـاڵێک لەمەوبـەر بەهۆی بەکارهێنانـی ماددەی هۆشـبەر دەستگیرکراوە و ئێستا لە گرتووخانەی چاکسـازیی گەورانـی هەولێرە. ئەوەشـی بووەتە هۆکاری ناسـینەوەی تەرمەکە هـەر قانیع بووە، چونکە بێلان بە تاتۆ ناوی ئەوی لەسـەر دەستی خۆی نەخشاندووە.

قانیـع کـە دوای کوژرانـی بێـلان لەلایـەن پۆلیسـەوە گوتەی لێوەرگیـراوە، گوتوویەتی ئەو هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ژنەکەی نەبووە و ئەوانەی کوشـتوویانە کەسـوکاری بێلانـن، ئـەو دڵنیایە لەوەی ژنەکەی بێتاوان بـووە و بەناحەق کوژراوە و بوختانی بۆ هەڵبەسـتراوە کە گوایە پەیوەندی لەگەڵ کەسـێکی دیکە هەبـووە، قانیع ئەمانە بە بیانوو دەزانێت و دەڵێت تەنیا بۆ تۆڵەسـەندنەوە کوشـتوویانە، تۆڵـەی ئـەوەی کـە بێـلان ئەمی خۆشویستووە و حاشای لێکردوون.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو رووداوە کە نەیویست ناوی ئاشـکرا بکرێت، بە (رووداو)ی گوت: "ماڵی مامـی بێلان بکوژی ئەو ژنەن، ئـەو پاش ئەوەی هاوژینەکەی کەوتـە زیندان، خۆی و کوڕەکەی لە ماڵەکەی خۆیاندا پێکەوە دەژیان، بەڵام ماڵی مامی پەیوەندییان پێوەکردبوو، بێلانیش لەلای کەسێک گوتوویەتی کەسوکارم دەڵێن وەرەوە و لێت خۆش دەبین، بێلانیش بەمە خۆشـحاڵ بووە. بەگوتەی قانیعـی مێردی ماوەیـەک بووە بێلان سـەردانی نەکردووە، بۆیە لە دوا هەواڵی بێخەبەر بووە، پاش ئـەوەی بێلان دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی مامی، بەناوی پاراستنی نامووس دەیکوژن".

### ژیانی منداڵەکەی لە مەترسیدایە

هەمان سـەرچاوە دەڵێت کـە ژیانی کوڕەکەی بێلان و قانیع ئێستا لەمەترسیدایە، چونکە لە ماڵی مامی بێلانە و قانیـع داوا دەکات کوڕەکەی لەوان وەربگیرێتەوە.

شۆڕش کاکە، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای کۆیە لەبارەی ئەو کەیسەوە بە (رووداو)ی گوت: "دوای بەردەوامبوونمان لە گەڕان بەدوای ناسـنامەی ئەم کچەدا، سەرەداومان دەستکەوت و دادگاش فەرمانی گرتنی بۆ کەسانێکی نزیکی بێلان دەرکردووە".

بەپێی زانیاریی (رووداو) تا ئێستا هیچ کەسێک لەسـەر ئەم تاوانە دەسـتگیر نەکـراوە و پۆلیس دەڵێت تۆمەتبارەکان هەڵاتوون.

> ژنەکەی من پاک بووە و تەنیا بۆ تۆڵەسەندنەوە کوشتوویانە
>
> مێردی بێلان



بێلان لەگەڵ قانیعی هاوژینی و منداڵەکەی

# لە خانەی بەساڵاچووان جێیانهێشت و لێیان نەپرسییەوە

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو – هەولێر**

دوو ساڵە لە خانەی بەساڵاچووانی هەولێر، هەمـوو بەیانییـەک کـە لە خەو هەڵدەسـتێ، پرسیاری براکەی دەکات و دەڵێت: "تەلەفۆنتان بـۆ نەکـرد قسـەی لەگـەڵ بکـەم؟". بـەڵام کارمەندانـی خانەکە وەڵامی ئەو پرسـیارەیان پێ نییە، چونکە کەسـوکاری سـافیە وەڵامی تەلەفۆنەکانی خانەکە نادەنەوە.

سـافیە، تەمەن 64 ساڵ، خاوەنی سێ برا و خوشکێکە، دوای مردنی هاوژینەکەی سەرگەردان دەبێ و دەکەوێتە لای خوشـک و براکانی، بەڵام ئەوانیش هەر ماوەیەک لەلای خۆیانی دەهێڵنەوە و رەوانەی خانەی بەساڵاچووانی دەکەن.

بەپێـی راپۆرتـی توێژەرێکـی کۆمەڵایەتیی خانەکە کە لەبارەی وەرگرتنی سـافیەوە ئامادە کراوە، سافیە لە گوندەکانی دەوروبەری شەقڵاوە لەدایکبـووە، دایک و باوکی لـە ژیاندا نەماون، هەروەهـا هاوژینەکەشـی بەهـۆی نەخۆشـیی گورچیلـەوە کۆچی دوایی کـردووە، ئەوان هیچ منداڵێکیـان نەبـووە. دوای مردنی هاوژینەکەی براوەتـە لای ماڵـی برایەکی بەنـاوی (مەلا.م)، بەڵام ئەوان ناتوانـن بەخێوی بکەن و برازاکەی هێناویەتی بۆ خانەی بەساڵاچووان.

توێژەرەکـە دەڵێـت: "ئەو ئافرەتـە بەهۆی کەوتنـی ددانەکانـی توانای دەربڕینی قسـەی بەباشی نییە، دوای ئەنجامدانی پشکنین، ئێمە پێمان باش بوو لە خانەکەمان وەربگیرێ، چونکە تایبەتمەندی بەساڵاچووی تێدایە بۆ وەرگرتن".

ئەو بەسـاڵاچووە لە سـەرەتای ساڵی 2016 ـەوە لـە خانەکـە وەرگیـراوە، بـەو مەرجەی کەسـوکارەکەی زوو زوو سـەردانی بکەن، بەڵام کارمەندانـی خانەکـە دەڵێـن دوو سـاڵە کەس سەردانی نەکردووە.

سـافیە کە ئافرەتێکی لەسەرخۆ و کەمدووە بە (رووداو)ی گوت: "دوای مردنی هاوژینەکەم، چوومە لای براکەم، بەڵام براکەم نەخۆشکەوت، منداڵەکانیشـی ئامادە نەبوون بەخێوم بکەن، بۆیە منیان هێنا بۆ ئێرە".

پەیمـان عەبـاس کەریـم کـە توێـژەری کۆمەڵایەتییە لە خانەی بەسـاڵاچووانی هەولێر، باسـی وەرگرتنی سافیە لە خانەکەیان دەکات و دەڵێت: "سافیە لە سەرەتای ساڵی 2016 لەلایەن برازایەکییەوە هێنرایە خانەکەمان، دوای ئەوەی پشـکنینمان بۆ کـرد، بەو مەرجـە وەرمانگرت کە برازاکـەی هەفتەی جارێک سـەردانی بکات و رۆژێکیـش بیباتـەوە لای براکەی، بەڵام تەنیا مانگێک هاتوچۆی کرد، ئیدی نەگەڕایەوە".

وەک توێژەرانـی خانەکـە باسـی دەکـەن، سـافیە بەردەوام زۆریان لێدەکات پەیوەندی بە کەسـوکارەکەیەوە بکـەن، بەڵام ئـەوان وەڵامی پەیوەندییەکە نادەنەوە.

پەیمان دەڵێت: "سافیە بەردەوام داوا دەکات بیبەینـە لای براکـەی، بـەڵام ئـەوان وەڵاممان نادەنەوە، هیچ ناونیشانێکیشیان نازانین، تەنیا ژمارە تەلەفۆنێکیان لێرە جێهێشـتووە، تاوەکو ئێسـتا بە 10 ژمـارەی جیـاواز پەیوەندیمان پێوەکردوون، بەڵام وەک بڵێی دەزانن ئێمەین، وەڵامی پەیوەندییەکە نادەنەوە".

بە گوتەی پەیمان، سافیە یەکێکە لە بەسـاڵاچووە بێ کێشەکان، تەنیـا یـەک داواکاری هەیـە، ئەویش بینینی براکەیەتی. ئەو دەڵێت: "هەموو شـەوێک داوام لێـدەکات پەیوەندی بە براکەیەوە بکـەم، منیـش پێیدەڵێـم بەیانـی تەلەفۆنی بۆ دەکەم. بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستێ، پێش ئەوەی نان بخوات لێمان دەپرسـێ پەیوەندیت بـە براکەمەوە کـرد؟ منیش دەڵێم هێشتا خەوتووە، یان دەڵێم مۆبایلم پـێ نییـە، دەیبەمـە دەرەوە بـۆ ئەوەی براکـەی لەیاد بکات، بەڵام سوودی نییە".

پەیمـان دەڵێـت: "ڕەوشی دەروونیی سـافیە تەواو تێکچـووە، نە خواردنی مـاوە نە خەو، بـەردەوام ناوی براکەی لەسـەر زارە".

بۆیـە داوا لە کەسـوکاری سـافیە دەکات بۆ تەنیا جارێکیش بێ سـەردانی بکـەن و بیبەنە لای براکەی، چونکە دڵنیایە کاریگەری زۆر باشی لەسەر دەروونی سافیە دەبێ.



سافیە هەموو بەیانییەک داوا لە کارمەندانی خانەی بەساڵاچووان دەکات تەلەفۆن بۆ براکەی بکەن

# کچێکی دەسگیراندار خۆی دەسووتێنێ



**عومەر چاوشین**
**رووداو – قەڵادزێ**

حەبیبە و دەسگیرانەکەی رۆژیان دەژمارد زوو خانووەکەیان تەواو ببێ، بۆ ئەوەی زەماوەند بکەن و بچنە نێو خانووی خۆیان، بەڵام پێش ئەوەی ئەم خەونەیان بەدی بێت، حەبیبە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. ئەوەی ئێستا بووەتە گرێ لەسەر دڵی کەسوکاری حەبیبە و دەسگیرانەکەی، وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە ئەو کچە بۆچی خۆی سووتاند؟

پێـش نیـوەڕۆی رۆژی 2018/1/8 کچێکـی تەمـەن 22 سـاڵ بەنـاوی (حەبیبـە.س.خ) دانیشـتووی گەڕەکـی هەنارۆک لە شـارۆچکەی قەڵادزێ، لە نهۆمی دووەمی ماڵەکەیاندا ئاگری لە جەسـتەی خۆی بـەردا، حەبیبـە 13 رۆژ لە ژێر چاودێریی پزیشـکدا مایەوە، بەهۆی زۆریی رێژەی سـووتانەکەی کە لەسـەرووی 90% بوو، گیانی دەرچوو.

شۆخان کە خوشکی حەبیبەیە، سەری سوڕماوە لـە رووداوەکـە، ناتوانـێ بـاوەڕ بەوە بـکات کە خوشـکەکەی، خۆی سووتاندووە. شۆخان گوتی: "نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر خوازبێنیی حەبیبە هات کە کوڕە پووری خۆمان بوو، لەبەر ئەوەی کوڕێکی بـاش بوو، حەبیبە و ئێمەش رازی بووین شـووی پێ بکات، بەڵام بڕیاریان دا جارێ زەماوەند نەکەن هەتا خۆیـان کۆدەکەنـەوە و خانووەکەیان تەواو دەکەن". شـۆخان بەچاوی پڕ لە گریانەوە گوتی: "هـەر خەریکی بەرنامەدانان بوون بۆ داهاتوویان، بەڵام شاییمان لێ بوو بە شین".

شـۆخان باسـی رۆژی رووداوەکـە دەکات و دەڵێـت: "لـە کاتـی رووداوەکەدا کـەس لە ماڵ نەبـووە. حەبیبـە پێـش رووداوەکە لـەلای من بـوو، گوتی دەچمـەوە خواردن ئامـادە دەکەم، بەڵام زۆری نەبرد تەلەفۆنیان بۆ کردم و گوتیان خێـرا وەرە نەخۆشـخانە. کە چـووم حەبیبە لە نێو ئەمبولانسـێک دانرابوو، بەڕێیـان دەکرد بۆ سلێمانی. لەوێ گوتم بۆچی سووتاوە؟ کەس هیچ وەڵامێکی پێنەبوو. حەبیبەش لەبەر زۆریی رێژەی سووتانەکەی نەیدەتوانی هیچ بڵێ".

شـۆخان رەتیکـردەوە خۆسـووتاندنی خوشـکەکەی پەیوەنـدی بە دەسـگیرانەکەیەوە هەبووبـێ و گوتـی: "حەبیبە هیچ کێشـەیەکی لەگەڵ دەسگیرانەکەی نەبوو، بگرە یەکدییان زۆر خۆشدەویست، چاوەڕێ بوون خانووەکەیان تەواو ببێ بۆ ئەوەی زەماوەند بکەن، بۆیە هەر قسەیەک لەوبارەیەوە بکرێ، ئێمە رەتیدەکەینەوە".

ئەسـمەر خـدر، بە تاسـەوە چاوەڕێـی ئەو رۆژەی دەکـرد کـە حەبیبـە دەسـت بخاتە نێو دەستی کوڕەکەی و زەماوەند بکەن. ئەسمەر کە خەسووی حەبیبەیە، زۆر پەرۆشە بۆ لەدەستدانی بووکەکـەی. ئەسـمەر گوتـی: "من نەخۆشـیی شـەکرەم هەیە، لە نەخۆشـخانە خەوێندرابووم، حەبیبە دوو شـەو بوو لەلام بوو، دواتر چووەوە لەبەرئـەوەی نەیدەتوانـی نانـی ئێـرە بخـوات، کوڕەکەم گوتی دەچم خواردنی دەرەوەت بۆ دێنم، بـەڵام ئەو قبوڵی نەکرد و گوتی نامەوێ ئەزیەت بکێشی، دەچمەوە ماڵەوە و دوایی دێمەوە" بەڵام حەبیبە رۆیشت و نەگەڕایەوە.

بە گوتەی ئەسمەر، حەبیبە سەرەتا چووەتە ماڵی ئەوان، پاشـان چووەتە ماڵـی براکەی کە لە تەنیشـت ماڵی خۆیانە و تەنیـا براژنەکەی و کوڕێکی بچووکیان لەوێ بووە، لە نهۆمی دووەمی ماڵەکـە ئاگـری لە خۆی بەرداوە، پاشـان خۆی فڕێداوەتە خوارەوە.

ئەو کاتـەی حەبیبـە برابووە نەخۆشـخانە، ئەسـمەر هەر لـەوێ بوو، ئەو گوتـی: "حەبیبە لە ماوەی ئەو دوو رۆژەی لە نەخۆشـخانە لەلای مـن بوو، لەگـەڵ پەرسـتارەکان بـووە هاوڕێ، بەڵام ئەوان لە ترسـی ئەوەی شـەکرەکەم زیاتر بـەرز نەبێتەوە، هیچیان لەلا باس نەکردم. دواتر کچەکـەم بە پەشـۆکاوی هـات و گوتی حەبیبە سووتاوە".

ئەسـمەر باسـی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت: "کوڕەکەم پێشمەرگەیە، لە شەڕی داعشدا بریندار بووە، پاش ئەوەی حەبیبەی مارە کرد، بڕیاری دا خانوو دروست بکات، ئینجا زەماوەند بکات، بەڵام حەبیبە شایی لێ کردین بە شین".

ملازم رێبوار ئەسعەد، گوتەبێژی نووسینگەی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژیـی خێزانـی لـە قـەڵادزێ، لـە بـارەی خۆسـووتاندنی ئەو کچە بـە (رووداو)ی گـوت: "ئەو کچە سـەرەتا لەلای پۆلیـس گوتبـووی لەکاتـی ئامادەکردنی ژەمی نیوەڕۆ سووتاوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە نەوتی بەخۆیدا کردووە و ئاگری لە خۆی بەرداوە".

## مەلایەک خۆی دەکوژێ



**رووداو - سۆران**

ئێوارەی رۆژی 2018/1/27 تەرمی مەلا سامان حوسێن، کە پێشنوێژ و گوتارخوێنی مزگەوتی ئیمامی شافیعی بوو لە شارۆچکەی خەلیفان، لە پێچەکانی گوندی سیتکانی شارۆچکەی دیانەی سەر بە قەزای سۆران دۆزرایەوە. هاوار ئەرگوشی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند "تەرمەکە گەیێندراوەتە پزیشکی دادی و دەرکەوتووە بە دوو گولله گیانی لەدەستداوە". گوتەبێژی پۆلیسی سۆران ئاماژەی بەوە کرد کە بەپێی قسەی شایەتحاڵەکان، مەلا سامان خۆی کوشتووە. هەروەها وەیسی سەعید، بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند "مەلا سامان تووشی نەخۆشیی دەروونی ببوو، ماوەی دوو مانگیشە بەهۆی نەخۆشییەکەی مۆڵەتی پێدراوە".

# باوکی دەستدرێژی کردە سەر و براکانیشی کوشتیان

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

رۆژە رەشەکەی چناری تەمەن 21 ساڵان لەوکاتەوە دەستپێکرد کە دایکیان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە لە باوکیان جیابووەوە، دوای ماوەیەک (خ.ح)ی باوکیان دەستدرێژی دەکاتە سەر چنار و خوشکێکی دیکەی بەناوی (چ)، بەڵام ئەوان لەم تاوانەی باوکیان بێدەنگ نابن و سکاڵا تۆمار دەکەن، باوکیان دەستگیر دەکرێ و دوای ئەوە چنار و (چ) لەگەڵ سێ براکەیان بێ سەرپەرشت دەمێننەوە.

چنار کە خوشکی گەورەی (چ) و سێ براکەیەتی، گەنجێک دەناسێت و دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە، گەنجەکە ناوی هۆگرە و خەڵکی هەولێرە، خێزاندارە و سێ منداڵیشی هەیە، هۆگر دوای ناسینی چنار، بڕیار دەدات لە هاوژینەکەی جیاببێتەوە، پاش ماوەیەک چنار مارە دەکات.

### خوشکەکەیان دەکوژن

بەیان ئیسماعیل کە دایکی هۆگرە، لەبەر گریان چاوەکانی بۆ نەدەکرانەوە، چیرۆکی مارەبڕینی چناری بەم شێوەیە بۆ پۆلیس گێڕایەوە: "ئاگاداری مارەبڕینەکەی هۆگر و چنار نەبووین، ئەو لەلای کەرکووک مارەی کردبوو، بەڵام کاتێک زانیم ناچار بووم قبوڵی بکەم بەو مەرجەی دڵنیابم بە شەرعی مارەی کردووە، ئەویش دڵنیای کردمەوە". هۆگر هاوژینی یەکەمی تەڵاق دەدات، بەڵام منداڵەکانی هەر لەلای خۆی دەمێننەوە.

دوای ئەوەی چنار و هۆگر بڕیار دەدەن پێکەوە بژین، باوکی چنار پەیوەندی بە سێ کوڕەکەی و (چ)ی کچییەوە دەکات و داوایان لێدەکات ئەو سکاڵایەی لەدژی تۆماریان کردووە بیکشێننەوە، بۆ ئەوەی بەر لێبووردنی گشتی بکەوێت، ئینجا خوشک و براکانی دێنە ماڵی چنار و داوای لێدەکەن سکاڵاکە بکشێننەوە، بەڵام چنار رازی نابێ، پێیاندەڵێت بەهیچ شێوەیەک لە باوکم خۆشنابم".

خوشک و براکانی کە چەند شەوێک لە ماڵی چنار دەمێننەوە، شەوی 2018/1/19 چناری خوشکیان و هۆگری زاوایان دەکوژن و هەڵدێن.

### خوێن لە دایکم و باوکم دەڕوات و ناجوڵێن

دایکی هۆگر باسی چۆنیەتی ئاگاداربوونەوە لە رووداوەکە و هەواڵی کوشتنی کوڕ و بووکەکەی دەکات و دەڵێت: "هەموو بەیانییەک پەیوەندی بە کوڕ و بووکەکانمەوە دەکەم و هەواڵیان دەپرسم. ئەو بەیانییە چوار جار تەلەفۆنم بۆ بووکەکەم کرد وەڵامی نەبوو. هۆگر زۆر حەزی لە کفتە بوو، منیش ویستم پێی بڵێم نیوەڕۆ کفتە دەکەم، کاتێک تەلەفۆنم بۆ کرد، کچە حەوت ساڵانەکەی بە گریانەوە وەڵامی دامەوە و گوتی دایە گەورە خوێن لە باوکم و دایکم دەڕوات و ناشجوڵێن، ئەو دوو منداڵە تا بەیانی بەدیار تەرمی دایک و باوکیانەوە لەناو جێگەدا بوون و گریاون، بەبێ ئەوەی کەس بزانێت".



تەرمی چنار و هاوژینەکەی لە ماڵەکەی خۆیاندا لە گوندی سێبەردان

> **منداڵەکانیان تا بەیانی بەدیار تەرمی دایک و باوکیانەوە گریابوون**
> خەسووی ژنەکە

### تاوانەکە بە پلان بووە

تاهیر عەبدولڕەحمان، باوکی هۆگرە و جگە لە هۆگر خاوەنی پێنج کوڕ و دوو کچە، تاهیر هەر کە ناوی کوڕ و بووکەکەی دێنێ گەرووی پڕ دەبێت لە گریان. ئەو دەڵێت: "چنار کچێکی زۆر باش بوو، لە هۆگری کوڕم زیاتر خۆشمدەویست، ئافرەتێکی زۆر ئاقڵ و گوێڕایەڵ بوو، ئێمە زۆر زانیاریمان لەسەر رووداوەکە هەیە و هەموو زانیارییەکانمان داوەتە پۆلیس و لایەنە پەیوەندیدارەکان".

باوکی هۆگر دەڵێت: "ئێمە ئاگاداری یەکترناسینی هۆگر و ئەو خێزانە نەبووین، کاتێک باوکی چنار دەستدرێژی کردبووە سەر کچەکانی، ویستبووی بیانکوژێ، (ر) کە برای چنارە، داوای لە هۆگر کردبوو هاوکارییان بکات، ئەویش هاوکاریی کردوون و رزگاری کردوون، دواتر بە رەزامەندیی خوشک و براکانی چناری مارە کردووە".

باوکی هۆگر هیچ گومانێکی نییە لەوەی تاوانەکە بە پلان کراوە، ئەو چەندین بەڵگە دەخاتەڕوو دەڵێت: "(چ) و (ز)ی برای چنار لەلای ئێمە و لەگەڵ چنار و هۆگر دەژیان و هۆگریان زۆر خۆشدەویست و بە کاکە بانگیان دەکرد، بەڵام رۆژی 2018/1/9 بەناوی چوونە بازاڕ رۆیشتن، دوای دوو رۆژ و شەوێک گەڕانەوە، گوتیان چووینەتە ماڵی مامم لە سەنگەسەر، بەڵام من دڵنیام کە چوونەتە لای باوکیان. تەنانەت چنار و هۆگر هاتنە لام و گوتیان مادام بەبێ پرس رۆیشتوون، دەریاندەکەین، بەڵام من نەمهێشت و گوتم ئەوانە هیچ پشت و پەنایەکیان نییە". هەروەها دەڵێت: "دەنگی تۆمارکراومان داوەتە پۆلیس کە خوشک و براکانی، چنار هاندەدەن هۆگر بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە لای ئەوان".

> **خەزووری کورەکەم بە تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر کچەکانی لە زیندانە**
> باوکی هۆگر

تاهیر گومانی لە کوشتنەکەش هەیە، ئەو دەڵێت: "گومانم هەیە پێش کوشتنیان، چنار و هۆگر دەرمانخوارد کرابن، چونکە کاتێک تەرمەکانم بینی، پێنەدەچوو راستەوخۆ کوژرابن، هەر هیچ نەبێ دەبوو کاردانەوەیەکیان هەبووایە، بەڵام ئەوان بەشێوەیەک کوژراون کە زۆر جێی گومانە، هەردووکیان لە ژووری نووستن لەسەرلا و لەتەنیشت یەکتر راکشاون، گوللەکان لە سەریان درابوو، دوو گولله لە هۆگر و گوللەیەک لە چنار درابوو، جگە لەوەش هەرێز کە تەمەنی 7 ساڵانە و کچی گەورەی هۆگرە، لەبارەی ئەو شەوە پێیگوتم: شەو درەنگ بوو (چ) قاوەی هێنا بۆ باوکم و چنار، من دەزانم چنار و هۆگر شەوانە درەنگ دەخەون، بەڵام بەپێی قسەکانی هەرێز ئەو شەوە زوو ئەویان خەواندووە، بۆیە دڵنیام پێش ئەوەی تەقەیان لێبکەن، ژەهرخواردکراون".

لەبارەی چارەنووسی منداڵەکانیش، باوکی هۆگر دەڵێت: "دوای رووداوەکە بە بڕیاری دادوەر منداڵەکان دراونەتەوە دایکی خۆیان".

### کەس دەستگیر نەکراوە

لەبارەی ئەم رووداوە، هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "فەرمانی دەستگیرکردن بۆ خوشک و براکانی چنار دەرچووە، بەڵام هەر ئەو شەوەی تاوانەکەیان کردووە، هەڵاتوون و هێشتا دەستگیرنەکراون".

باوکی هۆگریش دەڵێت: "سکاڵامان لەسەر ئەو چوار خوشک و برایە و باوکی چنار و (س)ی مێردی پووری چنار و (س)ی خەزووری پووری چنار تۆمار کردووە، پێمانوایە ئەوانیش دەستیان لەو تاوانەدا هەبووە کە دەرهەق بە کوڕەکەم و بووکەکەم کراوە، بەڵام هیچیان دەستگیر نەکراون، ئەگەرچی چوار ژمارە مۆبایلی تۆمەتبارەکانیشمان داوەتە پۆلیس و دادگا تا بەدواداچوون بۆ پەیوەندییەکانیان بکەن لە ماوەی 2018/1/9 کە لەو رۆژەدا (چ) و (ز) رۆیشتبوون، تا رۆژی ئەنجامدانی تاوانەکە، هەروەها داوامان کردووە سەیری کامێراکانی سەر رێگا گشتییەکان و بازگەکان بکرێت لە شەوی تاوانەکە، تا ئاشکرابێ کە بۆ کوێ رۆیشتوون، بەڵام گلەییم لە دادگا و حکومەت هەیە کە وەک پێویست بەدواداچوونیان نەکردووە و تۆمەتبارەکانیان دەستگیر نەکردووە".

### چارەنووسی باوکی چنار

باوکی چنار بەپێی ماددەی 393 دەستگیر کراوە کە تایبەتە بە دەستدرێژی. دوای ئەوەی یاسای لێبووردنی گشتی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، باوکی چنار هەوڵی دابوو لەڕێگەی کشاندنەوەی سکاڵای کچەکانی، بەر لێبووردنی گشتی بکەوێت، بەڵام بەگوتەی هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر "ئەگەر چنار و خوشکەکەی سکاڵاکەشیان کێشابایەوە، ئەو ماددەیەی باوکی چناری پێ دەستگیرکراوە، لێبووردنی گشتی نەیدەگرتەوە".



ژیلەمۆ عەبدولقادر
موقەدەمی مافپەروەر

## بە تەلەفۆنێک تووش بوو

ئافرەتێک بەو نیازە تەلەفۆن بۆ پیاوێک دەکات کە خۆی گوتەنی "پێی رابوێرێ" بەڵام نەیزانی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە لێی دەبێتە دێوەزمەیەک و لە کۆڵی نابێتەوە.

ئەو ئافرەتە ماوەیەک لەمەوبەر سەردانی کردین، داوای رێگەچارەیەکی دەکرد بۆ ئەوەی ئەو پیاوەی لەکۆڵ بکەینەوە کە بە حیسابی خۆی بەنیازبوو پێی رابوێرێ. گوێمان بۆ ئافرەتەکە شل کرد بۆ ئەوەی بەسەرهاتی خۆیمان لەگەڵ ئەو پیاوە بۆ بگێڕێتەوە:

"تەمەنم 16 ساڵ بوو شووم کرد، رۆژێک سەردانی ماڵی خوشکەکەم کرد، لەوێ باسی خەڵک ئیزعاجکردن و ئەو شتانەمان دەکرد بە تەلەفۆن. خوشکەکەم ژمارە تەلەفۆنی برادەرێکی هاوژینەکەی لەلا بوو، گوتی بۆچی کەمێکی پێڕانەبوێرین؟ منیش منداڵ بووم گوتم بۆ نا، هەر بە مۆبایلەکەی من تەلەفۆنمان بۆ کرد، ئیدی هەر ئەو تەلەفۆنە بوو، بەڵام ئەو پیاوە وازی نەهێنا، کە زانی مێردم هەیە هەڕەشەی لێکردم ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ دانەنێم ئەوە بە مێردەکەم دەڵێت، منیش ترسام بۆیە بە داواکارییەکەی رازی بووم. پەیوەندییەکەمان درێژەی کێشا و بووە خۆشەویستی، بە یەکەوە دەچووینە دەرەوە، کە مێردەکەم لە ماڵ نەدەبوو، دەهاتە لام. بەڵام ناوبەناو لە یەکدی توورە دەبووین و ئەو دەستی دەکردەوە بە هەڕەشە. من نەمدەویست درێژە بەو پەیوەندییە بدەم، چونکە دەترسام ئاشکرا ببم، بەڵام ئەو زۆر بە جیددی وەریگرتبوو، تەنانەت چەند جارێک داوای لێکردم لە مێردەکەم جیاببمەوە بۆ ئەوەی هاوسەرگیریم لەگەڵ بکات، بەڵام من رازی نەبووم، چونکە هاوژینەکەم زۆر باشە لەگەڵم".

ئافرەتەکە کەمێک دەوەستێ و درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات: "ناخۆشترین کاتم ئەو کاتەیە کە مێردەکەم لە ماڵ نییە، ئەو پیاوە یەکسەر دەگاتە ماڵمان، هەر داواکارییەکی هەبێ دەبێ بۆی جێبەجێ بکەم، ئەگەر بە قسەی نەکەم لێم دەدات. بەردەوام چاودێریم دەکات، ناوێرم بە تەنیا بچمە دەرەوە. دەزانێ ناوێرم لەلای مێردەکەم باسی بکەم، یان ناوێرم سکاڵا تۆمار بکەم، ئیستغلالم دەکات. چەندینجار بە خۆشی پێمگوتووە من هەڵە بووم پەیوەندیم لەگەڵ تۆ دانا، لێمگەڕێ لەگەڵ ماڵ و مێردی خۆم بم، بە کوشتنم مەدە، بەڵام ئەو باکی نییە و دەڵێ خۆت بە تەڵاقدان بدە و مارەت دەکەمەوە، ئەگەرنا تا مردن وازت لێ ناهێنم".

دوای گوێگرتن لە قسەکانی ئافرەتەکە، بۆ راستی و دروستی قسەکانی و هەروەها دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ کێشەکەی، بەدوای ئەو پیاوەماندا نارد کە ژنەکە باسی دەکرد. پیاوەکە سەردانی کردین، هەموو قسەکانی ژنەکەی پشتڕاست کردەوە و گوتی: "من خۆشمدەوێ و ناتوانم دەستبەرداری ببم. ئێستاش چارەسەری ئەو کێشەیە زۆر ئاسانە، با دەستبەرداری مێردەکەی ببێ، من مارەی دەکەمەوە".

ئەو ژنە لە ترسی کەسوکارەکەی نەیدەوێرا سکاڵا لەسەر ئەو پیاوە تۆمار بکات، بۆ ئەوەی ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر پیاوەکە بگرینە بەر، بۆیە ناچاربووین تەنیا ئامۆژگاری بکەین و لایەنی کۆمەڵایەتی و یاسایی کێشەکەی بۆ روون بکەینەوە، بەڵام پیاوەکە باکی بەوە نەبوو، گوتی با بچێ سکاڵا تۆماربکات، هەردووکمان بۆ ماوەیەک دەگیرێین، دواتر ژنەکە تەڵاق دەدرێ و منیش مارەی دەکەمەوە. دوای هەوڵێکی زۆر توانرا قەناعەت بە پیاوەکە بهێنرێ کە فایلی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ژنەکە دابخات و بۆ خۆی ژنێکی دیکە بهێنێ.

# هاوڕێکەی بەناوی راوکردن دەباتە دەرەوە و دەیکوژێ

**دیمەن بورهان**
**رووداو – کەلار**

ئەیوب دەمێک بوو لە باوکی دەپاڕایەوە رێگەی بدات بچێتەوە بەر خوێندن، دواجار باوکی رازی دەبێ، دوای شەش ساڵ دابڕان، ئەیوب جانتا لە شان دەکات و دەگەڕێتەوە قوتابخانە، بەڵام زۆری نەبرد لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە بە شەش گولله کوژرا.

ئەیوب ئەنوەر، تەمەن 22 ساڵ، بەهۆی شوانییەوە شەش ساڵ لە خوێندن دادەبڕێت، دواتر دەگەڕێتەوە بەر خوێندن، لەلای ماڵی مامی بە رۆژ لە دوکانێکی مریشک فرۆشتن کاردەکات و ئێوارانیش دەچێتە قوتابخانە.

ئەنوەر محەممەد، باوکی ئەیوبە و موختاری گوندی قەواڵی سەر بە قەزای کەلارە، لەبارەی کوشتنی کوڕەکەیەوە بە دەستی هاوڕێکەی، دەڵێت "کوڕەکەم بەبێ هیچ تاوانێک لەلایەن کوڕی هاوڕێیەکی خۆمەوە کوژرا".

باوکی ئەیوب لەوە نیگەرانە کە کوڕەکەی بە دەستی کوڕی کەسێک کوژراوە چەندین ساڵە هاوڕێی یەکدین و هیچ کێشەیەک لە نێوانیاندا نەبووە.

بەڵام رۆژێک پێش رووداوەکە هەڵەتێگەیشتنێک لە نێوانیادا روویداوە. ئەنوەر بە (رووداو)ی گوت: "بەنداوێک لە گوندەکەمان دروست دەکرێ، پیاوێکی عەرەب بەناوی (ئەبو موشتاق) کە خەڵکی دیالەیە، کاری نەجاڕی لە بەنداوەکەدا دەکات، ئەو پیاوە هەندێک لە دارەکانی دیار نەمان، گومانی کرد کەسێک لە گوندێکی دیکە بردبێتی، بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی نەدەزانی، داوای لێکردم وەک وەرگێڕێک لەگەڵیدا بچم بۆ گوندی پیرەمۆنی، منیش وەک رێزێک کە غەریبەیە لەگەڵی رۆیشتم".

ئەنوەر کاتێک دەگاتە گوندەکە، تووشی سەرسوڕمان دەبێ کە دەبینێ دارەکان لە ماڵی (ع)ی هاوڕێی خۆیەتی. ئەنوەر دەڵێت: "کە گەیشتینە گوندەکە بینیم دارەکان لە ماڵی (ع)ن. ئەو کە منی بینی، زۆر پێی ناخۆش بوو، گوتی من ئەم دارانەم لە فڵان کەس لەناو گوند کڕیوە، بۆ ئەوەی ژوورێک دروست بکەم. کابرای عەرەبیش گوتی ئەو دارانە هی منن. کەواتە دەچم یەخەی ئەو دەگرم. لەوکاتەدا (ع) سەیری منی کرد و گوتی تۆ منت بە دز داناوە پێش کەسێکی عەرەب کەوتووی. منیش سوێندم بۆ خوارد کە ئاگاداری هیچ شتێک نیم و تەنیا وەک رێزێک لە غەریبەیەک و بەهۆی ئەوەی کە کوردی نازانێت لەگەڵی هاتووم".

ئەیوب کوژرانی کوڕەکەی دەبەستێتەوە بەو رووداوە و دەڵێت: "ئەمە بووە هۆکاری کوشتنی کوڕەکەم بەدەستی (م) کە کوڕی (ع)ی هاوڕێمە".

لەبارەی رۆژی رووداوەکەش، ئەنوەر محەممەد دەڵێت: "(م) هاوڕێی ئەیوبی کوڕم بوو. کاژێر یەکی پاشنیوەڕۆی رۆژی 23ی ئەم مانگە، بە ئەیوب دەڵێت وەرە بە ماتۆڕەکەم بچین بۆ راو، ئەیوب تفەنگی ماڵەوە دەبات و دەڕۆن".

بەڵام رۆژ بەرەو ئاوابوون دەچێت و ناگەڕێنەوە، ماڵی باوکی (م) پەیوەندی بە ماڵی ئەنوەرەوە دەکەن و کە منداڵەکان نەهاتوونەوە.

ئەنوەر دەڵێت: "چووم بۆ گوندەکەی ئەوان، پرسیم بۆ نەهاتوونەتەوە؟ دایکی (م) گوتی: سەعات سێی پاش نیوەڕۆ کوڕەکەم بەتەنیا گەڕایەوە و گوتی ئاسکمان کوشتووە، هاتوومەتەوە بۆ چەقۆ، دواتر رۆیشت. بۆیە گومانێکم لادروست بوو. دواتر لەڕێگەی کەسێکەوە چووین بۆ شوێنی رووداوەکە، بینیم کوڕەکەم لە نێو خوێندا کەوتووە، شەش گوللەیان لێدابوو، چوار گولله لە دواوە بەر شانی کەوتبوون، گوللەیەک لەسەری درابوو، گوللەکیش بە دەستی کەوتبوو".

باوکی ئەیوب گومانی هەیە زیاتر لە کەسێک دەستیان لە تاوانی کوشتنی کوڕەکەیدا هەبێ و دەڵێت: "گومان دەکەم کوڕەکەم بەتەنیا بەدەستی (م) نەکوژرابێت، بەڵکو کەسێکی دیکەشی لەگەڵدا بووە، چونکە گوللەکان لە دواوە لێی دراوە، ئەگەر ئەوان لەسەر ماتۆڕ بووبێتن چۆن دەکرێت کوڕەکەم هیچ کاردانەوەیەکی نەبووبێ، یان بۆ بەرگری نەکردووە، مەخزەنی ئەو چەکەی بە کوڕەکەم بوو، گوللەکانی بەتاڵ کرابوو".



بکوژی ئەیوب لەلای پۆلیس گوتوویەتی بوختانیان بە باوکم کرد بۆیە کوشتم

### تۆمەتبار ئیعترافی کردووە

بە گوتەی باوکی ئەیوب، دوای رووداوەکە (م.ع) خۆی داوە بەدەستەوە و دانیشی بە تاوانەکەیدا ناوە. لەبارەی هۆکاری کوشتنی ئەیوب گوتوویەتی "لەبەرئەوەی ئێمەیان وەک دز سەیر کردووە، بۆیە لەداخان ئەوم کوشت، بەڵام پەشیمانم، چونکە ئەیوب هیچ تاوانی نەبوو".

ئێستا خانەوادەی (م) هەموویان هەڵاتوون، هەوڵماندا لەبارەی رووداوەکە قسەیان لەگەڵ بکەین، پەیوەندیمان بە باوکی (م)ەوە کرد، بەڵام ژمارەکەی داخرابوو. ئەنوەر محەممەد، باوکی ئەیوبیش هێشتا سکاڵای تۆمار نەکردووە و دەڵێت "چاوەڕێی یاساین سزایان بدات، لەبەرامبەر ئەو ناهەقیەی بەرامبەر کوڕە بێتاوانەکەم کراوە".


(فۆتۆ: AFP)

بڕینەکانی پاش داعش

# خێزانە داعشەکانی کەمپی خازر لە تۆڵە دەترسن

> هاوژینی چەکدارێکی داعش
> شەوان لە ترسی ئەوەی تۆڵەمان لێبکەنەوە خەومان لێناکەوێ

**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە شەش مانگ بەسەر ڕزگارکردنی مووسڵدا تێدەپەڕێت، بەڵام ئاسەوارەکانی سێ ساڵ دەسەڵاتی داعش بە ئاسانی لە کۆڵ شارەکە نابێتەوە. یەکێک لەو کێشانەی بەهۆی دەسەڵاتی داعشەوە بەرۆکی خەڵک و دەسەڵاتدارانی شارەکەی گرتووە ئەوەیە کێ شایستەی سزادانە و سزاکان دەبێت چی بن؟ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارە لە وڵاتێکی وەکوو عێراق کە سیاسەتی تایفی هەموو دامەزراوە یاسایی و سیاسی و دادوەرییەکانی گرتووەتەوە، ئاسان نییە. چاودێران و چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ پێیانوایە پرۆسە یاسایی و دادوەرییەکانی ئێستای عێراق یارمەتیدەری سەپاندنی ئاشتەوایی لە ناوچە ئازادکراوەکانی داعش نابێت.

## دوو ئافرەت و مێردێکی داعشی ڕاکردوو

خەدیجە محەممەد ئیسماعیل و فەتحییە ئیبراهیم هوادار لە کەمپی خازر چاوەڕێی هەواڵی مێردەکەیان دەکەن کە ماوەی مانگێکە هیچ هەواڵێکی نییە. خەدیجە هاوژینی دووەمی سالم حەجاب عەبدوڵڵا بە گۆڤاری (پرۆسپێکت)ی بەریتانی دەڵێت "ئێمە هاوارمان کرد و لێی پاڕاینەوە وانەکات"، فەتحییە قسەی پێدەبڕێت "بەڵام ئەو بڕوای بە داعش هەبوو و دەیگوت ئەگەر نەچمە نێو داعشەوە دەچمە دۆزەخ، ئەو پێیوابوو ئەمە بۆ خوا دەکات". ئەوەی ئەوان باسی دەکەن لە 2014 بووە و ئێستا هەواڵی کوژرانی مێردەکەیان بڵاوبووەتەوە، بەڵام ئەوان دەڵێن هەتا وێنەی تەرمەکەی نەبینن بڕوا ناکەن.

فەتحییەی تەمەن 37 ساڵ، لە تەمەنی 17 ساڵی لەگەڵ سالم حەجاب عەبدوڵڵا زەماوەندی کرد. ئەو کات سالم لە مووسڵی ژێر دەسەڵاتی سەدام حوسێندا شوفێری تەکسی بوو. وەکوو هاوژینی یەکەمی باس دەکات دەوڵەمەند نەبوون بەڵام ژیانیان خۆش بووە. فەتحییە دەڵێت "سالم یەکجار ئایینی بوو، بەڵام ئارام و میهرەبان بوو". تاکە کێشەی ژیانیان لەو قۆناغەدا ئەوە بوو کە فەتحییە منداڵی نەدەبوو، بۆیەش لە 2003 سالم بڕیاری هێنانی ژنی دووەمی دا. خەدیجە دوو ساڵ لە فەتحییە گەورەترە و لە ماوەی دە ساڵی یەکەمی ژیانی لەگەڵ سالمدا حەوت منداڵی هێنایە دونیا. لەو قۆناغەدا سالم بڕیاری کردنەوەی دوکانێکی فرۆشتنی جلوبەرگی ئیسلامیی ئافرەتانی دا.

مووسڵی پاش 2003 هەموو کات مەیدانی پشێوی و سەرهەڵدان و ناڕەزایەتی لەدژی حکومەتی زۆرینەی شیعەی بەغدا بووە، هەر بۆیەش هەمیشە وەکوو یەکێک لە ئامانجەکانی گروپە توندئاژۆ ئیسلامییەکانی وەکوو قاعیدە و داعش بووە. بەو حاڵەشەوە ژیانی خێزانەکەی سالم لە دەیەی یەکەمی پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام ئارام و بێ کێشە بوو.

بەڵام هێرشی داعش بۆ سەر مووسڵ لە نیوەڕاستی 2014 هەموو شتێکی بۆ مووسڵ و خێزانەکەی سالم گۆڕی. سالم و دوو هاوژینەکەی بڕیاری مانەوە لە مووسڵیان دا. وەکوو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە سالم لە سیاسەتە تایفییەکانی حکومەتی عێراق ناڕازی بووە و پێیوابووە ئەو دەسەڵاتە سوننە مەزهەبە نوێیە دەتوانێت هیوایەک بۆ خەڵکی سوننەی شارەکە بگێڕێتەوە. جیا لەمەش سالم بە حوکمی بۆچوونە ئایینییەکەی خۆی کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتی داعشدا نەبووە.

لە ڕۆژانی یەکەمی هێرشی داعشدا ژیان لە شارەکە وەستا. سالم، وەکوو هەموو ئەوانەی بڕیاری مانەوەیان دابوو، دوکانەکەی داخست و

> دادوەرێک لە مووسڵ
> چێشتلێنەرانی داعشیش شایەنی لەسێدارەدانن

> هاوژینی چەکدارێکی داعش
> هاوژینەکەم دەیگوت ئەگەر نەبمە داعش دەچمە دۆزەخ

چیدی تەکسیشی لێنەدەخوڕی. تاکە شتێک کە سالم دەستی لێی هەڵنەگرت چوونە مزگەوت بوو، هەر ئەمەش وایکرد سەرنجی فەرماندەکانی داعش بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و چەند مانگێک دوای گرتنی مووسڵ داوای لێبکەن لە بەشی فرۆشتنی موڵک وماڵی داعشدا کاربکات، سالم، سەرەڕای ناڕەزایەتی هاوژینەکانی، پۆستەکەی قبووڵ کرد.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، هەردوو هاوژینەکە سوورن لەسەر ئەوەی کاری مێردەکەیان لەناو داعش دوور بووە لە توندوتیژی و تەنیا پۆستێکی کارگێڕیی هەبووە، بەڵام بەرپرسانی ئەمنیی کوردستان جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی "ئیدارەکردنی فرۆشتنی موڵک و ماڵی داعش" تەنیا دەربڕینێکی نەرمترە بۆ داگیرکردنی موڵک و ماڵی خەڵک بە زەبری توندوتیژی.

لە قسەکانی خەدیجە و فەتحییە دەردەکەوێت بڕیارەکەی سالم وایکردبوو خەڵکی گەڕەک بە چاوی سووکەوە سەیریان بکەن. وەکو خەدیجە دەگێڕێتەوە "خەڵک بە ڕقەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین و ناسیاوەکانمان چیدی قسەیان لەگەڵ نەدەکردین". هاوژینی یەکەمیشی دەڵێت "یەکێک لە دراوسێکانمان دەیگوت ئێوە بەدەستی خۆتان ژیانی خۆتان تێکداوە، چ پێویستی دەکرد دەستی خۆتان لەگەڵ داعش تێکەڵ بکەن".

سالم لە مانگی تەمووزی 2017 و چەند ڕۆژێک بەر لە ئازادکرانی مووسڵ بەرەو تەلەعفەر ڕایکرد و هەردوو هاوژینەکەی و حەوت منداڵەکەی جێهێشتبوو. خەدیجە کە ئەوکات دووگیان بوو، لەگەڵ فەتحییە بارگە و بنەیان تێکنا و بەرەو کەمپەکانی هەرێمی کوردستان ڕایانکرد.

سێ ساڵ دوای هێرشەکانی داعش، دوو هاوژینەکەی سالم بەشێوەیەکی قورستر هەست بە قسەکانی ئەوکاتی دراوسێکانیان دەکەن، چونکە شوێنی حەوانەوەی ئێستایان لە کەمپی خازر تەنیا چەند مەترێک لە شوێنی ژیانی ئەو خێزانانە دوورە کە کەسوکاریان بەدەستی چەکدارانی داعش کوژراون. هەر ئەمەش وایکردووە کەشی کەمپی خازر یەکجار قورس بێت و تەنانەت ئەرکی هێزە ئەمنییەکانی کوردستانیشی لەو کەمپە قورستر کردووە.

ئاسایشی کەمپی خازر لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی کوردستانەوە دابیندەکرێت، واتە هەر هێزانەی لە سێ ساڵی ڕابردوودا شەڕێکی سەختیان لەگەڵ چەکدارانی داعش کردووە. یەکێک لە بەرپرسانی کەمپەکە بە (پرۆسپێکت)ی ڕاگەیاندووە "لەم کەمپەدا دەبێت زۆر وریا بین. داعش لە هەموو شوێنێکە". بەڵام یەکێک لە ئەرکەکانی هێزە ئەمنییەکانیش ئەوەیە ڕێگە لە هێرشی خێزانی قوربانیانی داعش بۆ سەر خێزانی چەکدارانی داعش بگرن.

فەتحییە و خەدیجە نموونەیەکن لەو خێزانانەی لە تۆڵەسەندنەوە دەترسن، چونکە تەنانەت پێش ڕاکردنیان لە مووسڵ نامەی هەڕەشەئامێزیان پێگەیشتبوو کە ئەگەر تاوەکو 15ی تەمووز شارەکە جێنەهێڵن دەکوژرێن. بەگوێرەی ڕاپۆرتی گۆڤارە بەریتانییەکە، لە گەیارەش ژمارەیەک لە قوربانیانی دەستی داعش لیستێکی 67 کەسییان لە خێزانەکانی داعش ئامادە کردبوو کە دەبوو شارەکە جێبهێڵن.

## لە هەموو پیاوێک دەترسم

شوکریە ئەحمەد و ئایەی کچی چەند مەترێک لەوبەرتری خێوەتەکەی خەدیجە و فەتحییە دەژین. ئەوان لە 2016 لە مووسڵ ڕایانکردووە. کابووسی خێزانەکەی شوکرییە لە یەکێک لە شەوەکانی 2015وە دەستیپێکرد، کاتێک چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر ماڵەکەیان و پیاوی ماڵەکەیان بە بەرچاوی شوکریە و ئایە و برا بچووکەکەی کوشت. ئایە، تەمەن 21 ساڵان، بۆ گۆڤارە بەریتانییەکە دەڵێت "یەکێک لە چەکدارەکان گوتی ئەوەی کردمان هیچ نەبوو، ئەو پۆلیس بووە و شایانی مردنە، هەموو ئێوەش خوێنی باوکێکی پۆلیس لە ناو دەمارەکانتاندا هەیە".

نەهامەتییەکان لێرەدا تەواو نەبوون. ماوەیەک دواتر مامی ئایە بڕیار دەدات لەگەڵ داعشەکان ڕێکبکەوێت، بۆیەش ئایەی لە بەرامبەر پارە بە یەکێک لە چەکدارانی داعش بەخشی. فەرماندەکەی داعش بە قژ ئایەی ڕاکێشابوو و بە توانجێکەوە بە مامی کچەکەی گوتبوو "دیارییەکەت لێ قەبووڵ دەکەم و ئەم کچە بۆ خۆم دەبێت". ئەو کات ئایە 19 ساڵ و مێردە داعشەکەی 35 ساڵ بوو. شوکریە دەڵێت "هیچ پیاوێک نەبوو پارێزگاریمان لێبکات".

ئایە دوو مانگ لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەتێکی لە شوێنێک ڕاگیرابوون. لەو ماوەیەشدا لێدانێکی زۆر کرابوو و ئاسەوارەکانیشی تاوەکو ئێستا لەسەر جەستەی ماون. لە دوو هەفتەی یەکەمدا شوکرییە هیچ زانیارییەکی نەبوو کچەکەی بۆ کوێ براوە. پاش دەسکەوتنی زانیاریی لەسەر شوێنی ئایە، دراوسێیەکی کوردیان هاوکاری کردبوو کچەکەی لەو ماڵە دەربکات. دراوسێ کوردەکە بە ئۆتۆمبێلی خۆی ئایەی بۆ دایکی بردبووەوە.

مامی ئایە لە هێرشی ئاسمانیدا کوژراوە و دوور نییە فەرماندەکەی داعشیش بە هەمان چارەنووس چووبێت. شوکرییە و کچەکەی داوای هەقی خۆیان دەکەنەوە و ناوی هەموو کەسە تێوەگلاوەکانیان بە هێزە ئەمنییەکان داوە. لەوانەش مام و ئامۆزاکانی ئایە. شوکرییەش دەڵێت "ئەگەر چاوم پێیان بکەوێتەوە، چاوەڕێی گەیشتنی پۆلیس ناکەم، خۆم پارچە پارچەیان دەکەم".

## دادپەروەریی لایەنی سەرکەوتوو

کەیسی هەزاران کەسی وەکوو ئایە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی ناچارکرد بڕیارنامەیەک دەربکات و داوای دادپەروەری بۆ ئەو قوربانیانە بکات. بڕیارنامەکە بە دەستپێشخەریی بەریتانیا دەرچووە و بەهۆی بڕیارناکەمەوە تیمێک لە شارەزایانی لێکۆڵینەوە لەو جۆرە دۆسیانە پێکهێنراوە کە ئەرکی کۆکردنەوە و لێکدانەوەی بەڵگەکانیان لەسەر شانە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (پرۆسپێکت) بەریتانیا یەک ملیۆن پاوندی بەو تیمە بەخشیوە.

> بە دەستی خۆم تۆڵەی خۆم دەکەمەوە
> ئافرەتێک

بەڵام ڕێکخراوە مرۆییەکان، لەوانەش لێبووردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی) و چاودێری مافەکانی مرۆڤ (هیومن ڕایتس ووچ)، ڕەخنەی ئەوە لە بڕیارنامەکە دەگرن کە هیچ ڕێوشوێنێکی بۆ لێپرسینەوە لە لایەنەکەی دیکەی شەڕ، واتە هێزە عێراقییەکان، دانەناوە. شێرین تادرۆس، بەرپرسی ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمنستی، بە گۆڤارە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە "ئەم بڕیارنامەیە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە پەرە بە کولتووری دادپەروەریی لایەنی سەرکەوتووی شەڕەکە بدات". بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەش لە دادگا فیدراڵییەکاندا تەنیا دوو بڕیاری مانەوە یان مردن بۆ گومانلێکراوانی تیرۆر هەیە. توێژینەکانیش دەریدەخەن 90%ی گومانلێکراو یان تاوانبارانی تیرۆر لەسەر بنەمای "دانپێدانان"ی گومانێکراوەکە بەڕێوەدەچن کە ژمارەیەکی زۆریان بە ئەشکەنجە لە کەسەکە وەرگیراون.

بەڵقیس ویل، لێکۆڵەری باڵای چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، پێیوایە "یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان و عێراق بە جۆرێک داڕێژراون کە دەسەڵاتدارانی ئەمنی بە شوێن هەموو ئەو کەسانەدا بگەڕێن کە لە سێ ساڵی ڕابردوودا لەژێر دەسەڵاتی داعشدا ژیاون. من ناڵێم دەسەڵاتدارە ئەمنییەکان ئەمە دەکەن، بەڵام هەر کەسێک پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پشتگیریکردن لە دەسەڵاتی داعشەوە هەبێ، دادگایی دەکرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێ".

دادوەرێکی کەیسەکانی تیرۆر لە پارێزگای نەینەوا بە بەڵقیس ویلی گوتووە "ئەگەر چەکداری داعش شەوی پێش هێرشەکان نانی باشی پێنەدرابایە نەیدەتوانی ڕۆژی دواتر سەری خەڵک ببڕێت، بۆیەش چێشتلێنەرەکانیش شایانی سزای لە سێدارەدانن". بە بۆچوونی لێکۆڵەرەکەی هیومەن ڕایتس ووچ پێناچێت دەزگا ئەمنییەکانی عێراق هیچ جیاوازییەک بکەن لە نێوان چەکدارێک و ئەو کەسانەی لە پلەکانی خوارەوەدا کاریان کردووە.

پرسیاری سەرەکی کە لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی دەزگا ئەمنی و دادوەرییەکانی عێراق دەبێتەوە ئەوەیە چۆن دەتوانن لە نێوان ڕاستییەکان و پلانی جێگیرکردنی ئاشتەوایی لە نێوان پێکهاتەکانی ناوچە ئازادکراوەکاندا هاوسەنگی دروستبکەن؟ هەزاران کەس لەو خێزانانەی گومانی داعش بوونیان لەسەرە چاوەڕێی وەڵامی ئەو پرسیارە دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، لە لایەکی دیکەوە دەزگا ئەمنی و دادوەرییەکانی عێراقیش نایانەوێت ناوچە ئازادکراوەکان جارێکی دیکە ببنەوە بە مەیدانی چالاکیی کۆنە ئەندام و خێزانەکانی داعش.

## "دەزانین داعشە، بەڵام بەڵگەمان نییە"

بەرپرسانی ئەمنیی کەمپی خازر پەیامنێرەکەی گۆڤاری (پرۆسپێکت) دەبەنە لای گومانلێکراوێکی داعش بەناوی غازی یونس زەیدان. یەکێک لە بەرپرسە ئەمنییەکانیش دەڵێت "ئێمە دەزانین ئەو داعشە، بەڵام ناتوانین دەستگیری بکەین، چونکە ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگەین لەسەری". بەرپرسێکی دیکەش دەڵێت "چەند هەفتەیەک لەمەوبەر زۆر خراپ لێمان دا و دانی بە هەموو شتێکدا هێنا".

غازی تەمەنی 61 ساڵە و موشرەی هاوژینی 17 ساڵە، دوو ساڵ دەبێت زەماوەندیان کردووە و چەند ڕۆژێک پێشتر منداڵێکیان بووە. بەرپرسێکی کەمپەکە دەڵێت "دایکی لاوازە بۆیەش منداڵەکە ئاوها لاوازە". پاشانیش بە قێزەوە درێژەی پێدەدات و دەڵێت "لەژێر دەسەڵاتی داعش ئەم پیاوە پیرە دەیتوانی لەگەڵ کچی ئاوها کەم تەمەندا هاوسەگیری بکات".

لە کاتی قسەکردن بۆ گۆڤارە بەریتانییەکە غازی سوورە لەسەر ئەوەی هیچ هەڵەیەکی نەکردووە، بەڵام دان بەوەدا دەنێت کە کوڕەکەی (کە لە ژنی یەکەمی بووە) چەکداری داعش بووە و چوار ساڵ دەبێت نەیبینیوە، تەنیا وەکوو هەواڵ بیستوویەتی کە کوژراوە.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بەنیازن بگەڕێنەوە بۆ مووسڵ یان نا، موشرە دەڵێت "خانووەکەمان وێران بووە، بۆیە ناتوانین بگەڕێینەوە. هەرچۆنێک بێت لێرە باشین، بۆیەش نیازی گەڕانەوەمان نییە". بەڵام زەهرای دایکی موشرە کە هەر لەگەڵ ئەوان دەژی، ڕاستی مەسەلەکە ئاشکرا دەکات. زەهرا دەڵێت "شەوان لە ترسی ئەوەی کەسێک هێرش بکاتە سەر چادرەکەمان خەومان لێناکەوێت، ئەگەر بچینەوە مووسڵ دۆخەکە لەمەش خراپتر دەبێ".

بەگوێرەی ئەو بەڵگەیەی هێزە ئەمنییەکان پێشانی گۆڤارە بەریتانییەکەیان داوە غازی تۆمەتبارە بەوەی کۆمەڵێک ئیمتیازاتی لە داعش وەرگرتووە و کوڕەکەشی لەگەڵ داعش لە شەڕ کوژراوە، بەڵگەنامەکە ئاشکراشی دەکات غازی دەسەڵاتی ئیدارەی ناوچەیەکی بچووک لە مووسڵی بەدەست بووە.

## خەڵک و حکومەت ڕقیان لێمانە

دابەشبوونی پێکهاتە جیاوازەکانی مووسڵ لەناو کەمپی خازردا بەڕوونی دەبینرێت. خەدیجە و فەتحییە سەیری یاری و هاتوچۆی منداڵەکان دەکەن. فەتحییە دەڵێت "وادیارە سالم مردبێت، بۆیە هەست ناکەم هیچ شتێک و هیچ کەسێکمان بەدەستەوە مابێت. ئەم منداڵانەم خۆشدەوێن، بەڵام ئەوان لە خوێنی من نین".

فەتحییە ئامادە نەبووە باسی ژیانی ژێر دەسەڵاتی داعش بکات. بەڵام خەدیجە ئاشکرای دەکات "ئەوان خەڵکانیان ڕەوانەی گرتووخانەکان دەکرد، کۆنەپۆلیسەکانیان دەکوشت. ئەمە دیوە خراپەکەی بوو". پاش بە بزەیەکەوە درێژەی پێدەدات و دەڵێت "بەڵام دیوە باشەکەی ئەوە بوو دەسەڵاتەکەیان زۆر ئایینی بوو، دەبووایە تەواو خۆمان داپۆشین و بەردەوام سەرمان لەسەر بەرماڵی نوێژ بێت".

پاسەوانێکی کەمپەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "شایەتحاڵمان هەیە باسی ئەوە دەکات ئەو ژنەیان (واتە خەدیجە) پۆلیسی شەرعیی داعش بووە. ئێستا دووگیانە و ناتوانین دەستگیری بکەین، بەڵام دوای منداڵبوونەکەی دەستگیری دەکەین" بەڵام خەدیجە ئەمە ڕەتدەکاتەوە.

فەتحییە نیگەرانی داهاتووە و باس لەوە دەکات کە "ئێمە لە داهاتووی خۆمان دەترسین. خەڵک قینی لە ئێمەیە. ئێمە لە حکومەت ناترسین، چونکە دەزانین هیچ شتێکی خراپمان نەکردووە".

پاش بێدەنگییەکی کورت و قووڵ لەبەر خۆیەوە دەڵێت: "کێ چووزانێ، ڕەنگە حکومەتیش ڕقی لێمان بێت".

ئایا بەڕاستی تەندروستە؟

# خەڵکی کوردستان روو دەکەنە خواردنی گۆشتی حوشتر

سەروەر سالار
رووداو - سلێمانی

ژمارەیەکی روو لە زیادی خەڵک لە هەرێمی کوردستان، لەم دوو ساڵەی دواییدا روویان لە خواردنی گۆشتی حوشتر کردووە، ئەوەش پاش ئەوەی ژمارەیەک رێستورانت و کەبابخانە کرانەوە کە تەنیا گۆشتی حوشتر پێشکەش دەکەن.
ناسیح قادر، یەکێک لەو کەبابچییانەی ئێستا لە قەزای سەیدسادق گۆشتی حوشتر پێشکەشی کڕیارەکانی دەکات، بە (رووداو)ی گوت: "ساڵی 2015 وەکوو تێست دەستم بەم ئیشە کرد، ئێستا ژمارەی کڕیارەکانمان هێندە زیادی کردووە هەفتانە 2-3 حوشتر سەردەبڕم".
خواردنی گۆشتی حوشتر تەنیا لە وڵاتانی عەرەبی و باکووری ئەفریقا بڵاو بوو، بۆیە ئەو گۆشتە تەنیا بڕی 0.13%ی گۆشتی بەکارهاتووی جیهان پێکدێنێ.

## گۆشتی حوشتر سوورە یان سپی؟

گۆشتی سپی کە بەگشتی گۆشتی پەلەوەرەکان دەگرێتەوە، چەوری و کۆلیسترۆڵی کەمترە و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی پرۆتینە، گۆشتی سووریش (گۆشتی ئاژەڵ) لەگەڵ ئەوەی چەوریی زۆرە، بەڵام پرۆتینێکی کواڵیتی باشی تێدایە و ئەو ئاسنەی کە تێیدایە ئاسانتر لە ریخۆڵەکانەوە هەڵدەمژرێت و باشترین سەرچاوەی ڤیتامین B12 یە.
هەرچەندە بەشێک لە توێژەران دەڵێن گۆشتی حوشتر شتێکە لە نێوان گۆشتی سوور و گۆشتی سپیدا، بەڵام زۆرینە لەگەڵ ئەوەن کە گۆشتی حوشتریش هەر گۆشتی سوورە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە زانراوە کە ئەگەر بەراوردی هەمان بڕ لە گۆشتی حوشتر و گۆشتی مانگا و بەرخ بکەین، ئەوە گۆشتی حوشترەکە چەوریی کەمترە و پرۆتینی زیاترە.

## گۆشتی سوور لە خۆت حەرام مەکە

گۆشتی سوور چەندین ڤیتامین و کانزای تێدایە کە بۆ دەوڵەمەندکردن و هەمەڕەنگکردنی ژەمەکانمان گرنگن، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا نێوبانگی گۆشتی سوور هەندێک زڕاوە، چونکە هەندێک توێژینەوە ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان خواردنی گۆشتی سوور و تووشبوون بە شێرپەنجە، نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن و سستبوونی گورچیلە و چەندینی دیکە دەکەن، بەڵام ئایا بەڕاستی هەموو خواردنێکی گۆشتی سوور بۆ جەستە زیانی هەیە؟
پسپۆڕێکی خۆراک دەڵێ هەموو گۆشتێکی سوور وەکوو یەک نین. د.بینایی کامەران، پزیشکی پسپۆڕ لە زانستی خۆراکناسی بە "رووداو"ی گوت: "گرنگە بزانین ئاژەڵەکەماڵییە و بە گژوگیا و خۆراکی سروشتی بەخێوکراوە یان نا، ئەمە تەندروستترە لەوانەی لە کێڵگەیەک بەخێو دەکرێن کە خۆراکی دەستکاریکراویان پێدەدرێ، هەروەها گۆشتی فرێش بەسوود و پڕ کانزا و ڤیتامینە، نەک ئەو گۆشتەی بۆ ماوەی درێژ هەڵدەگیرێ و رەگەزە بەسوودەکانی لەناودەچن و تەنیا کالۆرییە زۆرەکەی وەک خۆی دەمێنێتەوە".

کەبابچییەک لە سەیدسادق

### هەفتانە سێ حوشتر سەردەبڕین

دکتۆرە بینایی دەڵێ گۆشتی سوور بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانە گرنگە کە لە گەشەی خێراداان و پێویستیان بە پرۆتین هەیە، بە تایبەت منداڵان و وەرزشکاران "بەگشتی رێنمایی خەڵکانی تەندروست دەکەین هەفتانە سێ جار زیاتر گۆشتی سوور نەخۆن و ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە وا باشە هەفتانە تەنیا یەک جار بیخۆن".
پسپۆڕە خۆراکناسەکە دەڵێ لە تەمەنی 30 ساڵییەوە باشترە زیاتر ئاگامان لە خواردنی گۆشتی سوور بێ "گۆشتی سوور هەندێک هۆرمۆن بەرزدەکاتەوە وەکوو هۆرمۆنی (IGF1) کە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەن ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان زیاتر دەکات".
بۆ بەرەنگاربوونەوەی لایەنە نەرێنییەکانی گۆشتی سوور، دکتۆرە بینایی دەڵێت: "گۆشت ماددە ئۆکسێنەکانی تێدایە کە زیانبەخشن، بۆیە وا باشە لەگەڵ هەموو گۆشتخواردنێک، ئەو خۆراکانەش بخۆین کە دژە ئۆکسێنن، وەکوو برۆکلی و سپێناخ و پاقلەمەنییەکان".
پسپۆڕێکی هەناویش دەڵێ ئەوانەی دەبێ تەواو واز لە خواردنی گۆشتی سوور بهێنن، ژمارەیان ئێجگار کەمە.



د.زانیار نووری عوسمان کە دکتۆرای لە نەخۆشییەکانی هەناو هەیە، بە (رووداو)ی گوت: "تەنیا ئەوانەی کە چەورییان ئێجگار بەرزە و ئەوانەی گورچیلەکانیان تەواو پەکیان کەوتووە، رێنمایی دەکرێن کە دەستبەرداری خواردنی گۆشتی سوور ببن".
دکتۆرە بینایی دەڵێ ئەو کەسانەی واز لە خواردنی گۆشت دەهێنن، دەبێ بە وریاییەوە خواردنە رووەکییەکان هەڵبژێرن، بە جۆرێک سەرچاوەی باشی پرۆتین هەڵبژێرن "دەبێ نیسک، پاقلەمەنی و چەرەس زیاتر بخۆن کە سەرچاوەی باشی پرۆتینن". هەروەک رێنماییان دەکات ڤیتامین B12 بەشێوەی حەب بەکاربهێنن. "ئەم ڤیتامینە نەک هەر لە رووەکان، بەڵکو لە ماسی و مریشکیشدا بە رێژەی پێویست نییە و گۆشتی سوور تاکە سەرچاوەی دەوڵەمەندییەتی کە بتوانێ بڕی پێویستی ئەو ڤیتامینە بە جەستە بدات".
ڤیتامین B12 لەلایەن جەستەوە دروستناکرێ و دەبێ هەر لە خۆراکەوە وەربگیرێ، بۆ دروستکردنی خرۆکە سوورەکانی خوێن و باش کارکردنی دەمارەکان گرنگە و کەمبوونی لە جەستەدا دەبێتە هۆی هەستکردن بە ماندووبوون، دڵەکوتێ، نەمانی ئارەزووی خواردن، کەمخوێنی، سڕبوونی جەستە، بێهێزیی ماسولکە، لاوازی بینایی، تێکچوونی یادەوەری، خەمۆکی و گۆڕانی هەڵسوکەوت.

## گۆشتی حوشتر مەترسی هەیە؟

هەریەک لە د.بینایی و د.زانیار تایبەتمەندییەکی زۆر جیاواز نابیننەوە کە گۆشتی حوشتر جیابکاتەوە لە گۆشتە سوورەکانی دیکە.
پزیشکێکی ڤێتەرنەریش دەڵێ لەڕووی نەخۆشییە گوازراوەکانەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان حوشتر و مانگا نییە.
دکتۆر بێستوون ئەبوبەکر، پزیشکی ڤێتەرنەری بە (رووداو)ی گوت: "لەو نەخۆشییانەی لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێنەوە، دەتوانین بڵێین هەموویان هاوبەشن، بەڵام بەپێی شوێن دەگۆڕێت، واتە ئەو جێگەی ئاژەڵەکەی تێدا بەخێو دەکرێت چ نەخۆشییەکی گوازراوەی تێدا بڵاوە. هەرچەندە هەندێ نەخۆشی زیاتر تووشی جۆرێک دەبێت، بۆ نموونە هەندێک لە کرمەکان لە حوشتردا زۆرتر بڵاون".

# هەشت رێگەچارەی سادە بۆ دووربوون لە شێرپەنجە

رووداو - ئاژانسەکان

توێژینەوەکان دەریانخستووە 40%ی جۆری شێرپەنجەکان بەهۆی ستایلی نادروستی ژیانەوەن، وەکوو: جگەرەکێشان، زۆرخۆری و وەرزشنەکردن. ئەمانە هەشت رێگای سادەن بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە:



1 **وازهێنان لە جگەرەکێشان:**
جگەرە هۆکاری 30%ی حاڵەتەکانی مردنە بە شێرپەنجە. هەرچەندە وازهێنان لە جگەرەکێشان رێگەچارەی هەرە پەسەندە، بەڵام کەمکردنەوەشی سوودی خۆی هەیە، بۆ نموونە کەمکردنەوەی کێشانی رۆژانەی جگەرە لە 20 جگەرەوە بۆ کەمتر لە 10 دانە، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی سی بەرێژەی 27% کەم دەکاتەوە.

2 **سەرنجت لەسەر کێشت بێت:**
چەوریی زیادەی لەش پەیوەندی هەیە بە تووشبوون بە 9 جۆر شێرپەنجەی جیاواز، لەوانە شێرپەنجەکانی سوورێنچک و گورچیلە و توورەکەی زراو. ساڵانە لە ئەمریکا 120 هەزار حاڵەتی شێرپەنجە تۆمار دەکرێن کە پەیوەندییان بە کێشی زیادی لەشەوە هەیە.

3 **هەفتانە 30 خولەک ئارەقە بەخۆت دەربدە:**
هەفتانە تەنیا 30 خولەک وەرزشی ماندووکەر ئەگەری تووشبوونی ژنان بە شێرپەنجەی مەمک بەرێژەی 35% کەم دەکاتەوە، ئەو شێرپەنجەیەی تووشی یەک ژن لە هەر هەشت ژن دەبێت.

4 **لە کحول دووربە:**
هۆکاری چەندین جۆری شێرپەنجە، کحولە. لە نموونەی ئەو شێرپەنجانەش ئەوانەی دەم و گەروو و جگەر و کۆڵۆن و مەمکن. لە ریخۆڵەدا بەکتریاکان کحول دەگۆڕن بۆ ئەسید ئەڵدیهاید کە ماددەیەکی تووشکەری شێرپەنجەیە. لە ژنانیشدا کحول دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی ئیسترۆجین کە هۆکارێکی تووشبوونە بە شێرپەنجەی مەمک.

5 **سەوزەت خۆشبوێت:**
سەوزە گەڵادارەکانی وەک برۆکلی و سڵق و کەلەرم زۆر تایبەتن، چونکە پڕن لە ماددەیەک کە بە گلوکۆزینۆلەیت ناسراوە و لە دژایەتیکردنی شێرپەنجەدا زۆر کارایە. تەماتە بەهۆی ماددەی لایکۆپینەوە ئەو گەردە زیانبەخشانە لەنێودەبات کە ئەگەری شێرپەنجە زۆر دەکەن. باینجانیش بە ماددەی ناسونین، رۆیشتنی خوێن بۆ خانە شێرپەنجەییەکان کەم دەکاتەوە و بەوەش ناهێڵێت بە خێرایی پەرەبستێنن.

6 **دژەخۆرت لەبیربێت:**
تیشکی خۆر، شەپۆلی سەروو وەنەوشەیی تێدایە کە DNA ی خانەکان تێکدەدات و رێ خۆش دەکات بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە. بەکارهێنانی کرێمی دژەخۆر رێگا لەو شەپۆلە زیانبەخشانە دەگرێت و بەوەش ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی پێست کەم دەکاتەوە.

7 **ئارام ببەوە:**
گوشار و تەنگژەی دەروونی، بەرگریی لەش لاواز دەکەن لە بەرامبەر شێرپەنجە متبووەکان، بەوەش ئەو شێرپەنجانە چالاک و بەهێز دەبن و بەسەر جەستەی تەندروستدا زاڵ دەبن. جگە لەوە، گوشاری دەروونی و نائارامی، هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ لە جەستەدا بەرز دەکەنەوە، کە هانی بازدانی خانەیی ئەوتۆ دەدات کە رێگە خۆشکەر دەبێت بۆ شێرپەنجە. تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی، وەرزش، یۆگا و سرووتی ئاینی رێگای کاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوشار و نائارامی.

8 **شکنینی پزیشکیی بکە:**
لەدوای تەمەنی 40 ساڵی باشترە ژنان ساڵانە مەمۆگرافی بکەن بۆ زوو دەستنیشانکردنی شێرپەنجەی مەمک. پاپ سمیر سێ ساڵ جارێک بۆ ژنان گرنگە بۆ زوو دەستنیشانکردنی شێرپەنجەی هەردوو رەگەزەکەشدا گرنگە لە تەمەنی پەنجا ساڵییەوە هەناوبینیی کۆڵۆن بکرێت بۆ زوو دەستنیشانکردنی شێرپەنجەی ملی منداڵدان. لە کۆڵۆن. ئەگەر لە کەسانی نزیکتدا شێرپەنجەیەکی دیاریکراو هەیە، سەردانی پزیشک بکە بۆ پشکنینی پێشوەختە. زوو دەستنیشانکردنی شێرپەنجە، چارەسەرەکەی ئاسان دەکات و لەوانەیە وابکات بە تەواوی شێرپەنجەکە بنبڕ بکرێ.

# بە وریاییەوە پاراسیتۆڵ بە منداڵەکانتان بدەن



رووداو - ئاژانسەکان

دەرمانی ئەسیتامینۆفین کە لەنێو خەڵکیدا بە پاراسیتۆڵ ناسراوە، بەشێوەیەکی بەربڵاو دەدرێتە منداڵان. ئەم دەرمانە بۆ چارەسەری ئازار و تا دەرمانێکی کارایە ئەگەر وەک ئەوەی دیاریکراوە، بەکاربێت و تاڕادەیەکی زۆر سەلامەتە. بەڵام ئەگەر لە بڕی دیاریکراوی خۆی زیاتر بدرێتە منداڵ، کاریگەریی مەترسیداری دەبێت.

**بەم هۆیانەوە ئەگەری ئەوە هەیە زیاتر لە پێویست ئەم دەرمانە بە منداڵ بدرێت:**

### 1 پێوەری دەرمانەکە بەکارناهێنی:

دەرمانەکە پێوەری تایبەتی خۆی لەگەڵە، بە سرنج بێت یاخود پارچەیەکی پێوانەکراو. چیدی باوی ئەوە نەماوە زاراوەکانی (کەوچکی چێشت، کەوچکی زەڵاتە، کەوچکەچا) بەکاربهێنرێ بۆ دیاریکردنی بڕی دەرمان بۆ منداڵ، چونکە ئەوانە قەبارەی جیاوازیان هەیە و ستاندارد نین. لەبری ئەوە دەبێت بە مللیلیتر (سی سی) بڕی دەرمان دیاری بکرێت و ئەو بڕەی پزیشک دیاری کردووە بە منداڵەکە بدرێ، نە زیاتر و نە کەمتر.

### 2 چەند جۆرێک پاراسیتۆڵی پێدەدەی:

پاراسیتۆڵ بەشێوەی شروب و شاف و قەترە هەیە. لەوانەیە بۆ هەڵامەت یان هەر پەتایەکی منداڵەکەت لە دەرمانخانەی جیاوازەوە وەریانبگری. واتا بۆ ئەوەی تای داببەزێت، لە هەمانکاتدا شروب و شاف و قەترەی پاراسیتۆڵی پێدەدەی. ئەوەش وەک ئەوەیە لە یەک ژەمدا بەشی سێ ژەم لەو دەرمانەی پێبدەی. بیرمان نەچێت، جگە لە دەرمانەکانی تا، دەرمانەکانی دژە هەڵامەتیش لە چەند ماددەیەک پێکهاتوون کە زۆرکات یەکێکیان پاراسیتۆڵە. واتا کاتێک شروبێکی تا و شروبێکی هەڵامەت (لە نموونەی فلوئاوت و هاوشێوەکانی) پێدەدەی، وەک ئەوەیە دوو هێندەی پاراسیتۆڵی پێویستی پێبدەی.

### 3 وا دەزانیت هەتا زۆرتر بێت باشترە:

کاتێک بڕی پێویست بۆ هەر ژەمێک 5 سی سی بوو پێتدا و تای دانەبەزی، نابێت خێرا بڕێکی دیکەی پێبدەی، چونکە بەوە بڕی زیاد لە پێویستی پاراسیتۆڵی پێدەدەیت و رووبەڕووی مەترسی دەکەیتەوە، ئەگەر بەو بڕەی بۆت دیاریکراوە منداڵەکەت چاک نەبوو، راوێژ بە پزیشک بکە.

### 4 منداڵەکەت بە شەربەت تێیدەگا:

شروبی ئێستا بە تامی شەربەت و میوەکان دروستدەکرێن و دوور نییە منداڵەکەت بەو نیازەوە بڕێکی زۆری لێ بخواتەوە.





### زیانی چییە؟

پاراسیتۆڵ ئەگەر بە بڕێکی زۆر بدرێتە منداڵ، زیان لە جگەری دەدات و دوورنییە مەترسی لەسەر ژیانی دروست بکات.
ئەگەر گومانت هەبوو بڕێکی ئێجگار زۆر لە پاراسیتۆڵت بە منداڵەکەت داوە، یان نیشانەی ژەهراویبوون دەرکەوتن (سکئێشە و ئێڵنج و رشانەوە و بێهێزییەکی زۆر) دەبێت سەردانی یەکەی فریاکەوتنی منداڵان بکەیت تاوەکو گەدەی منداڵەکەت بشۆن، یان دەرمانی دژە پاراسیتۆڵی پێبدەن ئەگەر سەلمێنرا بە پاراسیتۆڵ ژەهراوی بووە.

### کەواتە بڕی پێویست چەندە؟

بڕی پێویست لە دەرمانەکە نووسراوە و بەپێی کێش و تەمەنی منداڵەکەت دەگۆڕێت و دەبێت هەمان بڕ بەکاربهێنی کە لێی نووسراوە، جگە لەو حاڵەتانەی پزیشکی پسپۆڕی منداڵان بڕێکی زۆرتر یان کەمترت پێدەڵێت، لەو بارەدا دەبێت رێنمایی پزیشکی منداڵان جێبەجێ بکەیت.

## قوتابخانە ئاینییەکان و داهاتووی کۆمەڵگەی تورکی

# تورکیا بەرەو دەوڵەتێکی ئیسلامی

**ڕووداو- هەولێر**

یەکێک لە کۆنترین قوتابخانەکانی ئیمام و خەتیب لەسەر گردێکە کە بەسەر هەموو ئیستانبوڵدا دەڕوانێت. پەنجا ساڵ لەمەوبەر مێرمنداڵێکی تەمەن 13 ساڵ ڕۆژانە بۆ خوێندنی وانە ئاینییەکان دەهاتە ئەم قوتابخانەیە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببێتە ئیمام یان گوتاربێژی مزگەوت، کەچی ئێستا و دوای پێنج دەیە بووە بە سەرۆککۆماری تورکیا و پەرەپێدانی قوتابخانە ئاینییەکانیش یەکێک لە ئەولەویەتەکانی حکومەتەکەیەتی.

لە دەستپێکی ساڵی خوێندنی 2017 – 2018دا، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆککۆماری تورکیا، گەڕایەوە قوتابخانەکەی سەردەمی منداڵیی خۆی. ئێستا ناوی قوتابخانەکە بۆ "قوتابخانەی دواناوەندیی ئانادۆڵی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان" گۆڕاوە و 11 ملیۆن دۆلاریش لە نۆژەنکردنەوەیدا خەرجکراوە. پەرەپێدانی ئەو جۆرە قوتابخانانە بەشێکی سەرەکی لە ئامانجی ئەردۆگان بۆ دروستکردنی "نەوەیەکی موحافزکار" لە تورکیا پێکدەهێنێ. ئەرکی ئەو نەوەیە دروستکردنی شارستانیەتێکی نوێیە کە تورکیا لە ئەزموونی سێکولاریزم دووردەخاتەوە.

بەگوێرەی بەدواداچوونێکی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی، ساڵی 2018 بودجەی تایبەت بە قوتابخانە دواناوەندییە ئاینییەکان دوو بەرامبەر بووە و گەیشتووەتە 1.68 ملیار دۆلار، ئەمەش یەک لەسەر چواری کۆی ئەو بودجەیە پێکدەهێنێ کە بۆ قوتابخانە دواناوەندییەکان تەرخانکراوە، هەرچەندە ژمارەی خوێندکارانی قوتابخانە ئاینییەکانی تورکیا 645 هەزارە و تەنیا 11 %ی کۆی خوێندکارانی قوتابخانە دواناوەندییەکانی تورکیا پێکدەهێنن.

لە ساڵی 2012ەوە خوێندن لە قوتابخانەکانی ئیمام و خەتیب بۆ قۆناغی ناوەندیی خوێندنیش درێژ کراوەتەوە، بەوجۆرە خوێندکارانی تەمەن 10 بۆ 14 ساڵیش دەتوانن وانەکانی ئەو قوتابخانانە وەربگرن و کۆی گشتی قوتابیانی ئەو جۆرە قوتابخانانە بۆ 1.3 ملیۆن بەرزبووەتەوە.

ڕاپۆرتەکەی (ڕۆیتەرز) ئاشکرای دەکات کە حکومەتی ئەنقەرە بەنیازە ئەمساڵ پرۆژەی دروستکردنی 128 قوتابخانەی دواناوەندیی ئاینی تەواو بکات و دەست بە دروستکردنی 50 قوتابخانەی هاوشێوەی بکات. جیا لە هەموو ئەمانە حکومەتەکەی ئاکپارتی پەروەردەی ئایینی لە قوتابخانە ئاساییەکانیش زیاتر کردووە و هەندێک لەو قوتابخانانەی بۆ قوتابخانەی ئیمام و خەتیب گۆڕیوە.

وەزارەتی پەروەردەی تورکیا ئامادە نەبووە ژمارەی ئەو قوتابخانە ئاساییانە ئاشکرا بکات کە کراون بە قوتابخانەی ئاینی، بەڵام عیسمەت یلماز، وەزیری پەروەردەی تورکیا، بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە "ئێمە ئەو کارە دەکەین کە هاووڵاتیان داوای دەکەن". ڕاوێژکارێکی حکومەتی تورکیاش بە ئاژانسە بەریتانییەکەی ڕاگەیاندووە "ئیسلام بە گوشار بەسەر خەڵکدا نەسەپێنراوە، مەسەلەکە ئەوە نییە کە هەموو کەسێک دەبێت بچێتە قوتابخانەکانی ئیمام و خەتیب، بەڵکو تەنیا دەرفەتێکمان بۆ ئەو خێزانانە دروستکردووە کە دەیانەوێت منداڵەکانیان بنێرنە ئەو جۆرە قوتابخانانە".

زیادبوونی پەروەردەی ئایینی لە قوتابخانەکانی تورکیا نەک هەر درزی گەورەی لەناو کۆمەڵگای تورکیادا دروستکردووە، بەڵکو ڕەخنەگرانی حکومەتی ئەردۆگان پێیانوایە وڵاتەکەیان خەریکە بەرەبەرە لە بەها سێکولارەکانی کۆماری تورکیای بەرهەمی بیرۆکەکانی مستەفا کەمال (ناسراو بە ئەتاتورک) دادەبڕێ. باتوهان ئایداگوڵ، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەربەخۆی چاکسازیی پەروەردە، دەڵێت "ئەوەی دەیبینین، دروستکردنەوەی ناسنامەیەکی نیشتمانی و خۆماڵیی نوێیە لەناو پەروەردەدا".

قوتابخانەکەی ئەردۆگان لە دیوە ئەوروپییەکەی ئیستەنبوڵ هەڵکەوتووە و ئێستا 800 خوێندکاری تێدایە. وانە ئاینییەکان لەوێ یەک لەسەر سێی کۆی وانەکان پێکدەهێنێ.

وەکوو چۆن گۆڕینی تورکیا لە ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامییەوە بۆ کۆمارێکی سێکولار کارێکی ئاسان نەبووە و هەر لەناو کۆمەڵگای تورکیادا ڕووبەڕووی ئەو بەربەستانە ببووەوە کە 600 ساڵ دەسەڵاتی خەلافەت لەناو کۆمەڵگای تورکیادا چاندبووی، ئاوهاش هەڵوەشاندنەوەی بنەما سێکولارەکانی دەستوور و بەرەنگاربوونەوەی پێکهاتە فرەڕەنگە ئاینییەکەی تورکیاش بۆ حکومەتەکەی ئەردۆگان ئاسان نییە. نموونەی ئەمەش لە یەکێک لە قوتابخانەکانی ئیستانبوڵدا دەبینرێت کە لە دیوی ئاسیای شارەکەیە. قوتابخانەی ساریغازی قوتابخانەیەکی نائاینییە و لە ناوچە عەلەوی و سێکولارەکانی ئیستانبوڵدا هەڵکەوتووە، بەڵام بەشێکی گەورە لە قوتابخانەکە بۆ ئیمام و خەتیب گۆڕاوە.

دایک و باوکە عەلەوی و سێکولارەکان بە (ڕۆیتەرز)یان ڕاگەیاند کە گۆڕانکارییەکان ساڵانێک لەمەوبەر دەستیان پێکردووە، سەرەتا تەنیا چەند پۆلێکی پەیوەندیدار بە قوتابخانەکانی ئیمام خەتیب هەبوون، بەڵام ئێستا 1300 خوێندکاری ئەو جۆرە وانانە لەو قوتابخانەیەدا هەن. دایک و باوکە عەلەوی و سێکولارەکان دەستیان بە کۆکردنەوەی

# ئێران و ئەسەد براوەی شەڕی عەفرینن

**ڕووداو – هەولێر**

هێرشی سوپای تورکیا و هێزەکانی لایەنگری ئەنقەرە بۆ سەر عەفرین، خەریکە پێ دەنێتە هەفتەی دووەمی خۆی. شارەزایان پێیانوایە لەم شەڕەدا هیچکام لە دوو لایەنە ناکۆکەکە براوە نابن، ئەگەر براوەیەک هەبێت ئێران و حکومەتی سووریان. بۆیەش پرسیاری سەرەکی بۆ ئیدارەی ئەمریکی ئەوەیە چۆن ئەو شەڕەی نێوان دوو هاوپەیمانی خۆی ڕادەگیرێ.

> پرسیاری سەرەکی بۆ ئیدارەی ئەمریکی ئەوەیە چۆن ئەو شەڕەی نێوان دوو هاوپەیمانی خۆی لە عەفرین ڕادەگیرێ؟

### تورکیا دەستی بۆ شەڕێکی قورس بردووە

هێرشی تورکیا و هێزە لایەنگرەکانی بۆ سەر عەفرین چەقیوە و بەڵێنەکانی بەرپرسانی تورکیا بۆ گرتنی خێرای ناوچەکە بە هیچ کوێ نەگەیشتووە. بە حوکمی نەبوونی هێزەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە و کشانەوەی هێزەکانی ڕووسیا، ئەنقەرە وا تێگەیشت کە عەفرین لە چاو ناوچەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان ئامانجێکی ئاسانتر بێت، بەڵام ئاماژەکان تاوەکو ئێستا دەریدەخەن لێکدانەوە سەربازییەکان هەڵە بوون.

گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆمەڵێک هۆکار لە پشت چەقینی هێرشەکەی تورکیاوەیە، لەوانەش عەفرین بە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی ژێر کۆنترۆڵی یەپەگە، دارستانی زۆری تێدایە، بەشێکی زۆری شاخاوییە و دانیشتووانەکەشی بە چڕی لە ناوچەکەدا بڵاوبوونەتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، هەر ئەو هۆکارانەی هێرشەکانی تورکیایان خاو کردووەتەوە لە داهاتوودا کێشەی گەورە بۆ تورکیا دروست دەکەن، ئەگەر هێزەکانی نزیک لە تورکیا بتوانن ئەو ناوچەیە بگرن، چونکە دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکە دژی تورکیا و هێزەکانی لایەنگری ئەو وڵاتەن و تۆبۆگرافیای ناوچەکەش زۆر لەبارە بۆ شەڕی گەریلایی، هێزەکانی سەر بە یەپەگەش ئەزموونی چەندین ساڵ شەڕی گەریلاییان هەیە. بۆیە ئەگەر تورکیا بشتوانێت ئەو ناوچەیە بگرێت، دەبێت چاوەڕێی شەڕێکی درێژخایەن و نارەزایەتی زۆری خەڵکی ناوچەکە بێت، جگە لەمەش شەڕی عەفرین دەکرێت پەکەکە هانبدات چالاکییەکانی لەنێو خاکی تورکیا زیاتر بکات.

نوا بۆنسەی، لێکۆڵەری مەیدانی لە گرووپی قەیران، جەخت لەوە دەکاتەوە کە شەڕ ناتوانێت کێشەی تورکیا و کوردی سووریا یەکلایی بکاتەوە، بەڵام دەتوانێت زیانێکی زۆر بە هەردوو لایەنی شەڕەکە بگەیەنێ، لەلایەکی دیکەشەوە سەرئێشەیەکی گەورە بۆ واشنتن و ناتۆ دروست دەکات. بۆنسەی پێیوایە "ئەگەر هەموو لایەنەکانی بەشدار لەم کێشەیە ستراتیژی خۆیان نەگۆڕن، دەکرێت ئەوەی ئێستا ڕوودەدات ئاماژە بێت بۆ ڕووداوی خراپتر لە داهاتوودا".

بەبۆچوونی نوا بەشێکی سەرەکی لە گۆڕینی ستراتیژەکە "گەڕانەوە بۆ پرۆسەیەکی بەرفراوانی ئاشتییە لە نێوان تورکیا و پەکەکە".

### واشنتن چی بکات؟

هەفتەیەک پێش دەستپێکردنی شەڕەکە، ئیدارەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە بە نیازە بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو لە سووریا بمێنێتەوە. دوو ئامانجی سیاسیی سەرەکیش لە پشت ئەو بڕیارەی ئەمریکاوە بوون کە یەکەمیان ئەوەیە لە شکڵدان بە داهاتووی سیاسی سووریادا بەشدار بێت، بۆ ئەم مەبەستەش هێزی خۆی بۆ پاراستنی سەنگی دانوستاندنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و حکومەت لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکاربهێنێ. دووەم هۆکاریش بریتی بوو لە بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازیی ئێران لە ناوچەکەدا.

جەیمز جێفری و دەیڤید پۆڵاک، دوو لێکۆڵەری پەیمانگای واشنتن، لە وتارێکدا لە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەردوو ئامانجە سیاسییەکەی ئەمریکا لە سووریا هاوتەریبن لەگەڵ ئامانجە کورتخایەن و درێژخایەنەکانی تورکیاش. لەبەر ئەوەی ئامانجی یەکەمیان "سووریا لە دەست ئەسەد ڕزگار دەکات و سووریایەکی یەکگرتووشی لێدەکەوێتەوە". ئامانجی دووەمیشیان لە خزمەت ئەو ئامانجە لەمێژینە و درێژخایەنەدایە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی ململانێکانی عوسمانی و سەفەوییەکان دەگەڕێتەوە.

دوو لێکۆڵەرەکەی پەیمانگای واشنتن پێیانوایە سێ هەنگاوی واشنتن دەتوانێت لە لایەکەوە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هەردوو لایەنە ناکۆکەکە بپارێزن و لەلایەکی دیکەشەوە هەرچی زووتر کۆتایی بەو شەڕەی ئێستا بهێنن.

هەنگاوی یەکەم بریتییە لەوەی "هانی پارتی یەکێتیی دیموکراتیک (پەیەدە) بدرێت خۆی لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دووربخاتەوە، لە کاتێکدا پێویستە بیری تورکیا بهێنرێتەوە کە پەیەدە تاوەکو ئێستاش پابەندە بە بەڵێنەکەی 2012ی خۆی کە کەلوپەل نانێرێتە ناو خاکی تورکیا بۆ پەکەکە". هەنگاوی دووەمیان کە درێژخایەنترە، بریتییە لەوەی کەناڵی دانوستاندن لە نێوان پەیەدە و تورکیا و پەیەدە و ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەوی سووریادا بکرێتەوە. جێفری و پۆڵاک ئەوەش دەخەنەڕوو کە پەیوەندییە نهێنییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هەموو لایەنە ناکۆکەکانی سووریا دەریدەخات "هەموو لایەنەکان ئامادەیی تاقیکردنەوەی ئەو بژارەیەیان تێدایە". لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی هەموو لایەنەکان لەوەدایە "بەرەنگاری ئەسەد و ئێران ببنەوە، پێکەوە تووشی شەڕ نەبن و پەیوەندییە ئەمنی و دیپلۆماسییەکانیان لەگەڵ واشنتن بەردەوام بێت". هەردوو لێکۆڵەرەکە کە ساڵانێک وەکوو دیپلۆماتکار لە ئیدارەکانی پێشووی ئەمریکادا کاریان کردووە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەنگاوی سێیەم لە دوو هەنگاوەکەی دیکە سەختترە، بەڵام لە هەردووکیشیان پێویستترە. دوو دیپلۆماتەکەی پێشووی ئیدارەی ئەمریکی بە پێویستی دەزانن "دژی هەر چەشنە هەوڵێکی جوداخوازی و فراوانخوازیی هێزە کوردییەکان لە سووریا بوەستنەوە". وەکوو لە بابەتەکەی ئەواندا دەردەکەوێت "ئەمریکا لە عەفرین هیچی پێناکرێت، بەڵام ئەمریکا دەتوانێت متمانە بداتە دۆستە کوردەکانی لە سووریا کە واشنتن ڕێگە لە هێرشی سەربازیی تورکیا بۆ ناوچەکانی پەیەدە لە ڕۆژهەڵاتی سووریا دەگرێ".

پۆڵاک و جێفری دەڵێن ئەزموونی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی دوژمنی لەمێژینە ببنە دۆست، چونکە "تورکیا و کوردی عێراق تاوەکو دەیەیەک لەمەوبەر دوژمن بوون، بەڵام ئێستا دۆستن و ڕۆژانە نەوتی کوردستانی عێراق بە تورکیادا دەڕوات".

لە کۆتایی وتارەکەشدا، دوو لێکۆڵەرەکە بە پێویستی دەزانن تورکیا ئاستێک لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی وڵاتانی دراوسێ قەبووڵ بکات، پاداشتی ئەمەش "جڵەوکردنی ئێران، ڕووسیا و حکومەتی بەشار ئەسەدە، لە کاتێکدا ئەو سێ هێزە هەڕەشەیەکی گەورەتر لە هەڕەشەی پەیەدە لەسەر تورکیا دروستدەکەن".



(فۆتۆ: AFP)

## داعش و حەماس..
# لە هاوپەیمانیـــــەوە بۆ دوژمنایەتیــــــ



محەممەد دەجانی، چەکداری داعش، (مووسا ئەبوزەمات)ی ئەندامی ڕێکخراوەکەی خۆی بە گـــــ

**ڕووداو- هەولێر**

سەرەتای ئەمساڵ باڵی ڕێکخراوی داعش لە بیابانی سینا گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە کە تێیدا محەممەد دەجانی، چەکداری داعش، ئەندامێکی ڕێکخراوەکەی بە گوللە دەکوژێت. چەکدارە کوژراوەکە (مووسا ئەبوزەمات) بەوە تۆمەتبار کرابوو کە بە قاچاخ چەکی بۆ بزووتنەوەی حەماس گواستبووەوە. بەڵام گرتە ڤیدیۆییەکە تەنیا بۆ کوشتنی ئەبو زەمات نەبوو، بەڵکو هەڕەشەیەکی توندیش بوو بۆ بزووتنەوەی حەماس کە داعش بە "لادەر" لە ئاینی ئیسلامیان دەزانێ.

ئەوە یەکەمجار نییە ڕێکخراوی داعش هەڕەشەی شەڕ لە حەماس بکات. ناوەڕاستی ساڵی 2015 داعش لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا بەڵێنی دا درەنگ یان زوو دەست بەسەر غەزەدا دەگرن، چونکە بە بڕوای ئەوان حەماس وەکوو پێویست یاساکانی شەریعەتی بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا نەسەپاندووە، بەڵام شارەزایان پێیانوایە هەڕەشەی ئەمجارەی داعش کە ڕشتنی خوێنی لایەنگرێکی حەماسیشی تێکەوت، جیاوازە و بەشێکە لە ستراتیژی داعش لە پاش ڕووخانی خەلافەت.

بۆچی داعش لەم کاتەدا بڕیاری ڕاگەیاندنی ئەو شەڕە لەدژی حەماس دەدات، لە کاتێکدا حەماس هەر خۆی یارمەتیدەری سەرەکی بوو لەوەی باڵی ڕێکخراوی داعش لە سینا (ناسراو بە ویلایەتی سینا) ببێت بەو هێزەی تەحەددای حکومەتی میسر بکات؟

هەندێک هۆکاری ڕووداوەکەی سەرەتای ئەم مانگە بۆ دەستەوەستانیی حەماس لە ئاست بڕیارەکەی ئیدارەی ئەمریکی لەمەڕ بە پایتەخت ناساندنی ئۆرشەلیم و نزیکبوونەوەی حەماس لە حکومەتی میسر و لێدان لە کەسایەتییە سەلەفییە جیهادییەکانی غەززە دەگەڕێننەوە.

مایکڵ شکۆڵنیک، ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا بۆ کاروباری گرووپە جیهادییەکان، پێیوایە دەبێ ئەو هەڕەشەیە ببەسترێتەوە بە کەوتنی خەلافەتەکەی داعش و بەهێزبوونی پێگەی گرووپی ویلایەتی سینا لە میسر. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا داعش هەموو ناوچەکانی لە سووریا و عێراق لەدەستداوە، ژمارەیەکی زۆر لە چەکداران و سەرکردەکانی ڕوویان لە ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردووە. لە بەرامبەردا گرووپی ویلایەتی سینا بووە بە یەکێک لە بەهێزترین باڵەکانی داعش لە هەموو جیهاندا.

شکۆڵنیک لە ڕاپۆرتێکدا لە ماڵپەڕی (Warontherocks)، دەڵێت ڕاگەیاندنی شەڕ لەدژی حەماس یارمەتی ویلایەتی سینا دەدات هێڵە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی لە گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە جیا بکاتەوە، لەوێشەوە ئەو لایەنگر و چەکدارانە ڕابکێشێت کە بڕوایان بەو تێڕوانینە توندئاژۆ ئایینییە هەیە، بەدووریشی نازانێت ئامانجی درێژخایەنی گرووپەکە ئەوە بێت نیمچە دوورگەی سینا وەکوو بنکەی سەرەکیی بزووتنەوەی سەلەفی جیهادیی لێبکات.

گرووپی ویلایەتی سینا، ساڵی 2014 لە (ئەنسار بەیتەلمەقدیس)ەوە هەڵقوڵا کە بەرهەمی بەهاری عەرەبی و بێهیوابوونی ئیسلامییەکانی میسر بوو لە گرووپە میانڕەوەکان. لە 2014دا، سەرکردایەتی بەیتولمەقدیس بڕیاریان دا بەیعەت بە داعش بدەن و ناوەکەشیان بۆ (ویلایەتی سینا) بگۆڕن.

بەڵام گرووپە تازە لەدایکبووەکە هەر لە سەرەتاوە دوو کێشەی هەبوو: یەکەمیان نەبوونی چەکداری بیانی، دووەمیشیان

## ئیمام خەتیبەکان ئاستی زانستییان دابەزاندووە

قوتابخانە ئاینییەکان کاریگەرییان لەسەر ئاستی زانستیی تورکیاش داناوە. بەگوێرەی راپۆرتێکی 2016ی ڕێکخراوی هاوکاری و پەرەسەندنی ئابووری، تورکیا لە ماوەی سێ ساڵدا هەشت پلە لە ریزبەندنی جیهانیی زانست و ماتماتیک و خوێندنەوە دابەزیوە و لە نێوان 72 وڵاتدا لە پلەی 42 ـەوە بۆ پلەی 50 دابەزیوە.
دابەزینی ئاستی پەروەردە و زانست کاریگەریی ڕاستەوخۆشی لەسەر پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و ئابووریی تورکیا دەبێت. ئەم دابەزینە ڕەنگە شکست بە پلانە ستراتیژییەکەی حکومەتی تورکیا بهێنێ کە بە نیازە تاوەکو 2023 ئەو وڵاتە بکاتە دەیەم گەورەترین ئابووریی جیهان.



بودجەی ئەمساڵی قوتابخانە ئاینییەکان دوو بەرامبەر بووە و گەیشتووەتە 1.68 ملیار دۆلار

واژۆکردووە بۆ ئەوەی ڕێگە لەو هەڵمەتە بگرن، بە گوتەی ئەوان خوێندکارانی بەشی "ئیمام خەتیب"ی قوتابخانەکە پشتگیری و هاوکاریی زیاتر دەکرێن و پۆلەکانیان قوتابیی کەمتری تێدایە. حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئاکپارتی لە ماوەی 15 ساڵی رابردوودا بایەخێکی زۆریان بە پەروەردە داوە، لە کۆی بودجەی ئەمساڵی تورکیا 12.3 %ی بۆ پەروەردە تەرخان کراوە، ئەم ڕێژەیە لە یەکەم حکومەتی ئاکپارتی لە 2003دا تەنیا 6.9 % بوو. هەرچەندە حکومەتی ئەنقەرە بایەخێکی زۆر بە قوتابخانە ئاینییەکان دەدات، بەڵام پارساڵ لە کۆی ئەو خوێندکارانەی زانکۆیان مسۆگەر کردبوو، تەنیا 18 %یان دەرچووی قوتابخانە ئاینییەکان بوون، لەبەرامبەردا 35 %یان دەرچووی قوتابخانە حکومییە ئاساییەکان و 45 % یش دەرچووی قوتابخانە تایبەتە ئاساییەکان بوون.

# عەفرین ..
# "خیانەت"ی دووەم لە کورد

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو سەرۆکی ئەمریکا و تورکیا لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەبارەی هێرشەکانی عەفرین قسەیان کرد، بەڵام پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ئەمجارەش هاوشێوەی پەیوەندییەکەی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوو مشتومڕی زۆری لێکەوتەوە. ئەمجارەشیان کۆشکی سپی و کۆشکی سەرۆکایەتیی تورکیا دوو ڕاپۆرتی جیاوازیان لەبارەی ناوەڕۆکی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە بڵاوکردەوە. ئەم جیاوازییەش گوزارشتێکی ڕوونە لە بچووکبوونەوەی مەوداکانی مانۆڕی دیپلۆماسی و ئاڵۆزیی دۆخی ئێستای سووریا کە حەوت ساڵە لەگەڵ شەڕی نێوخۆییدا دەستەویەخەیە.

لە ڕاپۆرتەکەی کۆشکی سپیدا هاتووە کە سەرۆکی ئەمریکا "تورکیای هانداوە دۆخەکە هێوربکاتەوە، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی سنووردار بکات و خۆی لە زیانگەیاندن بە خەڵکی مەدەنی بەدووربگرێ"، جیا لەمەش داوا لە ئەنقەرە کراوە خۆی لەو جۆرە هەنگاوە سەربازییانە بپارێزێ کە دەشێت پێکدادانی نێوان هێزەکانی ئەمریکا و تورکیای لێبکەوێتەوە. کەچی کۆشکی سەرۆکایەتیی تورکیا ڕایگەیاند کە سەرۆکی ئەمریکا هیچکات نیگەرانیی بەرامبەر "شەڕەکە"ی عەفرین دەرنەبڕیوە.

### خیانەتی دووەم؟

شەڕی داعش بەرەبەرە کز دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی ئەو هێزانەش کەم دەبێتەوە کە لەو شەڕەدا هاوبەشی سەرەکیی ئەمریکا و هاوپەیمانان بوون، بە تێکشکانی خەلافەتەکەی داعش هاوکێشە و ئەولەوییەتی جیۆپۆلیتیکی نوێش لە سووریا و هەموو ناوچەکە دێتە ئاراوە کە پێویستی بە هاوپەیمانێتیی نوێیە. هێرشەکانی ئۆکتۆبەری کەرکووک و هێرشەکانی ئێستای عەفرین لە هەلومەرجێکی لەو شێوەیەدا ڕوویانداوە.

لە هەردوو هێرشەکەدا ئەمریکا هەر بەوەندە ڕازی بووە کە داوا لە لایەنە ناکۆکەکان بکات دان بە خۆیاندا بگرن و هەوڵی پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی مەدەنی بدەن. جیاوازیی هێرشەکەی عەفرین لەگەڵ ئەوەی کەرکووک ئەوەیە بەرژەوەندییەکانی زلهێزێکی دیکەی وەکوو ڕووسیاشی تێدایە. ڕووداوەکانی دوو هەفتەی ڕابردوو وای دەردەخەن کە ڕووسیا گڵۆپی سەوزی بۆ هێرشەکەی تورکیا داگیرساندبێ.

لێدوانی بەرپرسانی پەیدە دەریدەخات سووریاش ئاگاداری هێرشەکە بووە و بێدەنگیی لێکردووە. نۆبەهار موستەفا، نوێنەری پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی دیموکراتیکی سووریا بە ئاژانسی بلومبێرگی ڕاگەیاندووە کە ڕۆژی شەممەی هەفتەی ڕابردوو بەرپرسانی سەربازیی حکومەتی سووریا داوایان کردووە ناوچەکە ڕادەستی حکومەتی سووریا بکەن، بۆ ئەوەی ئەوان ڕێگە لە هێرشی تورکیا بگرن.

کۆبوونەوەکە لە بنکەی ئاسمانیی ڕووسیا لە حمێمیم بووە و نۆبەهار دەڵێت "پێمانگوتن ئامادە نین خەڵکی خۆمان لە قەسابەکانی تورکیا بپارێزین و ڕادەستی قەسابەکانی سووریا و ئێرانی بکەین".

پرسیارێک کە لە ئێستاوە دێتە پێش ئەوەیە: ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر منبج، ئایا ئەمریکا هاوشێوەی ڕووسیا هێزەکانی خۆی لەو شارە دەکێشێتەوە؟

پێشتر دیمەشق ڕایگەیاندبوو کە هەر فڕۆکەیەکی تورکیا، ئاسمانی سووریا ببەزێنێ دەیخەنە خوارەوە، بەرپرسانی ئێرانیش لە چەند لێدوانی جیادا بڕیاری هێرشەکانی سەر عەفرینیان ئیدانە کردبوو، بەڵام بەرپرسێکی ئەمریکی بە بلومبێرگی ڕاگەیاندووە کە "تورکەکان ئاگاداری کۆبوونەوەکەی حمێمیم بوون.

ئەم ڕووداوانەی پشتی پەردە ئاماژەن بۆ ئەوەی هێرشەکەی سەر عەفرین بە هاوئاهەنگیی ئەنقەرە، دیمەشق، تاران و مۆسکۆ بووە. عەفرین بەپێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان، ناوچەی دەسەڵاتی ڕووسیا بوو، بەڵام دوو ڕۆژ بەر لە هێرشەکە ڕووسیا بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی لە ناوچەکە دەرکرد.

ئێتگۆروڵ کورکچو، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی دەڵێت: "هێزە کوردییەکان بە هەڵوێستی ڕووسیا تووشی شۆک نەبوون، چونکە هاوکارییەکان لەگەڵ ڕووسیا و ئەمریکا و لەسەر بنەمایەکی تەکتیکی بوون، ئەوان ئاگاداری ئەوە بوون کە ڕووسیا و ئەمریکا لە ژێر گوشارەکانی تورکیادا زیاتر ئەوان پشتگوێ دەخەن. وەکوو کورد خۆی دەڵێت شاخەکان تاکە هاوپەیمانی کوردن".



خاڵی تاقیکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هێزە کوردییەکان لە منبجە، نەک عەفرین

### بۆچی پەتەکە بۆ تورکیا شل کرا؟

لە کاتی هێرشەکانی کەرکووک، هۆکاری بێدەنگیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول دەگێڕدرایەوە. ئێستاش بەرپرسانی ڕۆژئاوایی لە کاتی باسکردنی هێرشەکانی سەر عەفرین، سەرەڕای دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر هێرشەکە، دەڵێن ئەوان لە "نیگەرانییە ئەمنییەکان"ی تورکیا تێدەگەن. تورکیا هێزەکانی یەپەگە بە باڵی پەکەکە لە سووریا دەزانێ، بۆیەش پێیوایە وجودی ئەو هێزانە لە ناوچەیەکی سنووریی نێوان سووریا و تورکیا قووڵاییەکی ستراتیژیی بە پەکەکە دەدات.

لە هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەردا، هۆکاری پەلامارەکە و هۆکاری بێدەنگیی نێودەوڵەتی دوو هۆکاری تەواو جیاواز بوون. ئەمریکا دەیزانی لە هەڵبژاردنەکانی مانگی پێنجی عێراقدا، تاکە کارتی عێراقی کە بەدەستییەوە بێت حەیدەر عەبادییە، بۆیەش لەوە دەترسا دژایەتیکردنی بڕیاری هێرشی سەر کەرکووک، عەبادی ناچار بکات لە ئێران نزیکتر ببێتەوە. بەهەمانشێوە واشنتن دەترسێت دژایەتیکردنی ڕاستەوخۆی هێرشی عەفرین حکومەتی تورکیا زیاتر لە ئێستا بەرەو لای مۆسکۆ پاڵبنێ.

بەڵام شارەزایان پێیانوایە خاڵی تاقیکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هێزە کوردییەکان لە منبجە، نەک عەفرین. ژمارەیەک هێزی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمریکا لەو شارە جێگیرن. بەرپرسانی تورکیا، لەوانەش وەزیری دەرەوەی تورکیا، هیچکات نەیانشاردووەتەوە کە چاویان لەسەر منبجە. پرسیارێک کە لە ئێستاوە دێتە پێش ئەوەیە: ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر منبج، ئایا ئەمریکا هاوشێوەی ڕووسیا هێزەکانی خۆی لەو شارە دەکێشێتەوە؟

گونەڵ تۆڵ، شرۆڤەکار لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن، بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "ئەمە ڕەنگە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و تورکیای لێبکەوێتەوە. کوژرانی یەک سەربازی ئەمریکی دەتوانێت پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و واشنتن تێکبدات". بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپیش بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "زۆر بەڕوونی باسمان لەوە کردووە کە هێرشکردنە سەر منبج ئاکامی زۆر خراپی دەبێ".

جەیمز جێفری، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق و تورکیا، چاوەڕێ دەکات ئەمریکا کاردانەوەی بەهێزی هەبێت ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر منبج و ناوچە کوردییەکانی دیکەی سووریا کە هێزی ئەمریکای لێیە، بەڵام دەشڵێت کۆمەڵێک فاکتەر هەن خواستی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پلانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا، سنووردار دەکەن. باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لەوبارەیەوە دەڵێت: "کاردانەوەی ئەمریکا و ڕووسیا بەرامبەر هێرشەکانی عەفرین دەریدەخەن تورکیا ئەکتەرێکی جددییە و ئەمریکا نایەوێت بەبێ تورکیا کاریگەری لەسەر پێشهاتە درێژخایەنەکانی سووریا دابنێ".

### "ڕووسیا پێویستی بە تورکیایە"

بەو پێیەی عەفرین ناوچەی دەسەڵاتی هێزەکانی ڕووسیا بووە نەک ئەمریکا، زۆربەی نیشانەی پرسیارەکان دەچنە سەر هەڵوێستی کتوپڕی ڕووسیا لە کاتی هێرشەکانی عەفرین. ئاندرێی کورتونۆڤ، سەرۆکی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ڕووسیا، پێیوایە "ڕووسیا پێویستی بەوەیە هاوپەیمانێتییەکی تەکتیکی لەگەڵ تورکیادا هەبێت، هەرچەندە ئەم هاوپەیمانێتییە سەر ئێشەش بۆ ڕووسیا دروستدەکات". ئەنجوومەنەکەی کورتونۆڤ سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیایە، بۆیەش ئاگاداری وردەکارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیایە لە درێژخایەندا. کوتونۆڤ دەڵێت: "هەموو ناوچەکە ڕوو لە گۆڕانە، ئێستا بوارێک بۆ هاوکاریی نێوان ڕووسیا و تورکیا کراوەتەوە کە پێشتر نەبوو".

# ...ــی تەکتیکییەوە
# ...ــی قووڵ



...ــوللە دەکوژێت

لە دەرەوەی میسر هیچ هاوکارییەکیان بۆ نەدەهات. ئەمەش خاڵی لێکنزیکبوونەوەی حەماس و ویلایەتی سینا بوو، لەبەر ئەوەی حەماسیش پێویستی بە تۆڕێکی قاچاخی چەک و تەقەمەنی هەبوو. ئەم پێویستییە دوو لایەنە بووە هۆکاری ئەوەی چەکدارانی فەلەستینی هاوشانی بەدەوییەکانی سینا پۆستی باڵا لە گرووپە توندئاژۆ میسرییەکەدا وەرگرن.

جۆر و ئاستی پەیوەندیی حەماس و باڵەکەی داعش هەر لە سەرەتاوە مەحکوم بوو بەو گۆڕانکارییانەی لە واقیعی میسر و فەلەستیندا ڕوودەدەن. بۆ نموونە لە پاش کەوتنی محەممەد مورسی، سەرۆکی پێشووی میسر، پەیوەندییەکانی حەماس و بەیتولمەقدیس پەرەیان سەند. حەماس خۆی لە ئیخوان موسلیمینی میسر کەوتووەتەوە و کەوتنی مورسی دەرگای دوژمنایەتییەکی نوێی لە نێوان حەماس و حکومەتی سەربازیی میسردا کردەوە. سەرەڕای جیاوازییە قووڵە ئایدیۆلۆژییەکان، حەماس و بەیتولمەقدیس و دواتر ویلایەتی سینا لەو قۆناغەدا بە "دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە" بیریان دەکردەوە. ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حەماس شادەماری گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی بوون بۆ گرووپە میسرییەکە و ویلایەتی سیناش دەرگای بژێوی خەڵکی غەززە بوو، جگە لەمەش هەردووکیان دوژمنێکی هاوبەشیان هەبوو کە حکومەتی میسر بوو.

عەساف موقەدەم، لێکۆڵەر لە سەنتەری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ئەمریکا، دەڵێت "هاوپەیمانێتی تەکتیکی دەشێت کتوپڕ کۆتایی بێت". ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە لە پەیوەندییەکانی حەماس و گرووپی ویلایەتی سینادا ڕوویدا.

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، بەرپرسانی حەماس گەیشتنە ئەو بڕوایەی نزیکبوونەوە لە میسر باشترین بژارەیە بۆ ئەوان. قاهیرە ئابڵوقە سنوورییەکانی لەسەر غەززە شل کردەوە، لەبەرامبەردا حەماسیش سیاسەتێکی توندتری لەدژی چەکدارانی داعش گرتەبەر، ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی ویلایەتی سیناش کە لە حەماسەوە نزیک بوون، ڕیزەکانی ئەو گرووپەیان جێهێشت.

ناکۆکیی لەگەڵ حەماس لە بەرژەوەندی گرووپی ویلایەتی سینا بوو، چونکە ئەو گرووپە لەلایەکەوە توانی لەژێر گوشاری بەرژەوەندییەکانی نێوان حەماس و حکومەتی میسر دەربازی بێت و لەلایەکی دیکەشەوە پێگەی گرووپەکەی لەناو داعشدا بەرزتر کردەوە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە سنوورەکانی داعش لە عێراق و سووریا بچووکتر دەبوونەوە و سەرکردایەتیی داعش بەدوای ناوچەیەکی دیکەدا دەگەڕان پەنای بۆ ببەن.

شکۆڵنیک پێیوایە حکومەتەکانی ڕۆژئاوا نابێت چاو لە گۆڕانکاریی پەیوەندییەکانی نێوان حەماس و گرووپی ویلایەتی سینا بپۆشن، چونکە "هەر کاتێک دۆستایەتی تەکتیکی نێوان دوو گرووپ تێکدەچێت، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بە لایەنی کەم یەکێک لە لایەنەکان هەستی بەوە کردووە خۆی بە تەنیا دەتوانێت هەنگاو بنێ". ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردووش ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ ئەوەی ویلایەتی سینا سوورە لەسەر پچڕاندنی پەیوەندییە تەکتیکییەکانی لەگەڵ حەماس.

ئەستەمە سەرکردایەتیی داعش بیر لەوە بکاتەوە کە هەموو ئەندام و فەرماندە باڵاکانی خۆی لە عێراق و شام دووربخاتەوە، بەڵام ویلایەتی سینا لە چەند مانگی ڕابردوودا پیشانی داوە کە شوێنێکی گونجاوە بۆ ئەو چەکدارە بیانییانەی پێشتر بیریان لە سووریا و عێراق دەکردەوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# عەفرین وانەیەک بۆ پەند

هەر لە سەرەتای رووداوەکانی سووریاوە، تورکیا بە پاساوی نزیکییان لە پەکەکە هەڵوێستی دوژمنکارانەی بەرانبەر بە کوردی رۆژئاوا و بەتایبەتی پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە) نەشاردووەتەوە و بەردەوام لەرێی ئەو هێز و گرووپە چەکدارە توندڕەوە ئیسلامیانەی ناو سووریاوە کە وابەستەی تورکیا بوون، هەروەها زۆرجار لە رێگەی بەکاربردنی داعشیشەوە کێشەی بۆ پەیەدە دروستکردووە، بەڵام چاوەڕوان نەدەکرا رۆژێک بێت تورکیا راستەوخۆ جەنگ لە بەرامبەریان رابگەیەنێت و لەشکری ناتۆ بە پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای سەربازییەوە سنووری نێودەوڵەتی ببەزێنێت و پەلاماریان بدات، وەک ئەوەی کە ئێستا لە عەفرین دەیکات.

سەرباری ئەوەی پەیەدەش لە هێزەکانی تری رۆژئاوا باشتر ئاستی فاشییەتی تورکیای خوێندەوە و زوو بڕیاری خۆیدا لەوەی تورکیا سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی زیاترە لەسەری وەک لە رژێمی سووریا، لەکاتێکدا بەهەموو لۆژیکێک کێشەی کورد لە رۆژئاوا لەگەڵ دەوڵەتی سووریایە نەک وڵاتانی دیکە، بەڵام بۆ پەیەدەش چاوەڕواننەکراو بوو کە ئاستی سەرکێشییەکانی تورکیا بگاتە ئەو رادەیە، ئەوەی نەیتوانی لەسەر ئەرزی واقیع لە دەستی دووەمەوە بەدەستی بێنێت، بڕیار بدات راستەوخۆ، خۆی بێتە ناو گۆڕەپانەکەوە.

ئەوە روون بوو کە تورکیا نایەوێ ئیدارەیەکی تری کوردی لە تەنیشتییەوە بناغە داکوتێ. هۆکارەکەشی ئەوە نەبوو کە تورکیا دەیگوت ئەمانە وابەستەی پەکەکەن، تەنانەت ئەگەر هێزەکانی رۆژئاوا ناکۆک و دژ بە پەکەکەش بان، تورکیا هەمان هەڵوێستی دەبوو. چونکە دەزانێ ئەو سەرەتایەی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری لە رۆژئاوا راستەوخۆ کاریگەری دەخاتە سەر کوردی باکوور.

چاوەڕوانکراو بوو تورکیا لە رێگەی چەکدارە وابەستە کورد و تورکمان و عەرەبەکانی ناوچەکە و هێزە تیرۆریستەکانی تری ناو سووریاوە درێژە بە شەڕ دژی پەیەدە بدات، تا کەشێکی سیاسی و ناسەقامگیر بخولقێنێ بۆ ئەوەی هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی تری پەیوەست بە رووداوەکانی سووریا ئەو خواستەی تورکیا لە دروستکردنی ناوچەی ئارام وەک نەخشەڕێگەیەک بۆ سەقامگیریی پەسەند بکەن. کە ئەم هەوڵانەی تورکیا چی لەسەر ئەرزی واقیع و چی لەسەر ئاستی دیپلۆماسی شکستی هێنا و بێ ئاکام بوو، بەم لەشکرکێشیە و بە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی لە بەزاندنی سنووری وڵاتێکی تر، دەیەوێ چەند ئامانجێک بەدی بێنێت، لەلایەکەوە رێگەخۆش بکات بۆئەوەی گرووپە چەکدارە وابەستەکانی لەناو خاکی سووریا کۆنترۆڵی بەشێکی تری ناوچە سنوورییەکانی تورکیا بکەن و لەلایەکی تریشەوە وەک گوشارێک بۆ دەوڵەتانی خاوەن بڕیار لە دۆسیەی سووریا سوودی لێ وەربگرێ تا وەک رێگرییەک لە جەنگێکی گەورەتر لە ناوچەکە، بە بژارەکەی تورکیا رازی بن کە ناوچەی ئارام بکاتە ئەمری واقیع. لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێ ئەو چاوپۆشییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیە بقۆزێتەوە بە پەلامارێکی سەربازی ئەو ناوچانەی کورد تێیاندا باڵادەستن، بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و دواتر بەهۆیانەوە سازش بە رژێمی سووریاش بکات.

ئەم رووداوانە بۆ کوردیش کۆمەڵێک پێشهات و لێکەوتەی جۆراوجۆری دەبێت کە پێویستە پەندیان لێ وەربگرین. لە جۆری مامەڵە و پەیوەندیمان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکانی دونیا، دەبێت لەخۆمان بپرسین ئایا بەڕاستی کورد دۆستی هەیە؟ دەبێ هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین کە تاکەی لەناو خۆماندا ناکۆک و ناتەبا بین، ئایا دەتوانین پشتی یەک بگرین؟ ئایا دەتوانین ئەو فرە هێزە چەکدارییەی کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان بکەین بە هێزێکی خاوەن ئیرادەی کوردستانی کە کەرکووک و عەفرین سەلماندیان جگە لە خۆمان کەس نییە بمانپارێزێت؟

یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی چەند ساڵێکە لە رۆژئاڤا کێشەی لەسەرە، بوونی هێزی تری چەکداری کوردییە. پەیەدە رێگە نادا هێزەکانی (رۆژ) کە سەر بە (ئەنەکەسەن) بگەڕێنەوە رۆژئاوا، ئەم رووداوانە لە کۆبانێ و شەڕی پێنج ساڵەی تیرۆر و ئێستا لە عەفرین دەریانخست ئەو سیاسەتە راستتر بوو کە نابێت دوو هێزی چەکداری کوردی هەبن. دوور نەبوو ئەگەر ئێستا دوو هێزی چەکدار لە عەفرین بان، بۆ شکاندنی ملی یەکتری یەکیان دەستی تورکیای راکێشایە. ئایا ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی پەندی لێوەرگرین و هێزەکانی رۆژ لەگەڵ یەپەژە و یەپەگە یەکبگرن کە پێویستە ئەوە بکەن؟ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هیچ دەرفەتێک نەمێنێ بۆ ململانێی چەکداری.

ئێستا ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەموو رێگەیەک بگیرێتەبەر تا مایەی دروستکردنی متمانە و دڵنیایی بێ بۆ شکۆی کورد. بەتایبەتی کە پێش سەت رۆژ لە پەلاماردانی عەفرین، لە باشوور بەهۆی رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە بەدەر لەوەی نیوەی جوگرافیای کوردستان کەوتەوە ژێر دەستی بەغدا و تووشی شکستی سیاسی و سەربازی بووین، شکۆی نەتەوەیی کورد لە عێراق شکاوە. کورد لەم بەشەی کوردستان پێویستی بە هەستانەوەیە، ئایندەی عەفرین و سەرکەوتنی ئیرادەی کورد بەسەر تورکیادا، لێرەش شکۆی نەتەوەیی بۆ کورد دەگێڕێتەوە. تەنانەت کاریگەری لەسەر داهاتووی تورکیاش دەبێت لە جۆری مامەڵەی لەگەڵ کێشەی کورد لە تورکیا. واتا عەفرین هەر تەنها پەیوەندی نییە بە چارەنووسی کوردی رۆژئاواوە، پرسێکە بە هەموو واتایەک چارەنووسی هەموو کوردی پێوە بەستراوە.

بۆ ئەوەی کورد بەپێوە بمێنێ، دەبێ عەفرین نەکەوێت. ئەرکی پاراستنیشی تەنیا لەئەستۆی ئەو کیژ و کوڕە بەجەرگانە نییە کە بە رۆحی خۆیان بەرەنگاری گەورەترین و ستەمکارترین هێزی ناوچەکە دەبنەوە. رێگای تر زۆرە کە یارمەتیدەری بەپێوە وەستانی عەفرینە لەبەرانبەر لەشکری تورکیادا. بەپلەی یەکەم پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ بە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی و تایبەت بە عەفرین، بە ئیدانەکردنی و بە راگەیێندراوێک بۆ رای گشتیی دونیا، زۆر شت لە هاوکێشەکان بگۆڕێت. بە فەرمی داوا لە تورکیا بکات لەشکرکێشییەکانی رابگرێت. هەروەها کوردی تاراوگە، بە خۆپیشاندانی رۆژانە لە وڵاتەکانی ئەوروپا و گوشار خستنە سەریان بۆ ئەوەی بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی تورکیا رابگرن. پەکەکە پێویستە لەناو خاکی تورکیا چەند بەرەیەکی تری شەڕ بکاتەوە تا قورسایی هێزەکانی تورکیا لەسەر عەفرین کەم بکاتەوە، چونکە بەدوور نازانرێت تورکیا لە ناوچەکانی کۆبانی و ئەلباب و منبجیشەوە بەرەی شەڕ فراوانتر بکات تا توانای بەرگریی کورد لاواز بکات.

لەڕووی میدیاییەوە دەبێت ئەو تاوانکاریانەی لەلایەن سوپای تورکیاوە بەرانبەر بە ژن و منداڵ و خەڵکی سڤیل دەکرێن، زۆر بایەخیان پێبدرێت و رۆژانە لەم بارەیەوە راپۆرت بدرێتە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان. ئەو چەکانەی کە لەشەڕیشدا بەکاربردنیان دەچێتە چوارچێوەی چەکە یاساغە نێودەوڵەتییەکانەوە و تورکیا لەرێگەی تۆپی دوورهاوێژ و فڕۆکەوە بەکاریان دەبات، پێویستە کورد لایەنی نێودەوڵەتی بێنێتە ناوەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو چەکانەی بەکاربراون. دەبێ کورد هەموو رێگاکان بگرێتەبەر بۆ شکستی تورکیا لەم جەنگە ناڕەوایە. چونکە لە دوای ریفراندۆم و رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، مانەوەی کورد بە سەربەرزی بەستراوەتەوە بە سەرکەوتنی عەفرینەوە.



ئیسماعیل حەمە عەلی خورماڵی*

# سندووقی زیرەک..
## متمانە زیاد دەکات یان ساختەکاری؟

مرۆڤە باشەکان بەردەوام لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی باشترین رێگا و گونجاوترین هۆکار تا بتوانن زۆرترین رادەی دادگەری بەرپابێت و مافی هەمووان رەچاو بکرێت، مرۆڤە خراپەکانیش هەمیشە لەخەمی ئەوەدان چۆن ئەو رێگا و هۆکارانە بۆ قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان یان گرووپ و لایەنەکەیان ئاراستە بکەن، بەبێ گوێدانە بەرژەوەندیی گشتی.

هەڵبژاردن وەک بنەمایەکی گرنگی پرۆسەی دیموکراسی بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە بە سووڕی هەڵبژاردن ناسراوە، ئەم سووڕە قۆناغەکانی یاسایی، تەکنیکی، هونەری، کردارەکی، تەکنەلۆجی، میدیایی و... هتد لەخۆدەگرێت. هەریەک لەم قۆناغانە لەتوانادایە بکرێنە فاکتەری شەفافیەت و متمانەبەخشین و دڵنیایی بە جەماوەر، ئەگەر بەشێوەیەکی دروست و بەنیەتێکی باش رێکبخرێن. بەپێچەوانەشەوە دەتوانرێت بکرێنە دەروازەی ساختەکاری و سوود و بەرژەوەندی کەسی یان لایەنێکی پرۆسەکە.

### هەڵبژاردن و تەکنەلۆجیا:

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە پرۆسەی هەڵبژاردندا گرنگیی خۆی هەیە بۆ ئاسانکاری و خێراکردن و متمانەبەخشینی زیاتر بە پرۆسەکە. لەهەمانکاتدا تەکنەلۆجیا ئەگەری زۆرە ببێتە مەترسیی گەورە بۆ سەر پرۆسەکە ئەگەر نیەتێکی باشی لەپشت نەبێت و لە کەشێکی لەباردا نەبێت.

سندووقی زیرەک یان ئەژمارکردنی ئەلیکترۆنی یەکێکە لەو بابەتە گرنگ و پەیوەندیدارانەی کە لە دوا ساتە هەستیارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردندا رۆڵ دەبینێت و ئێستا کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەکاری دەهێنێت و یاسای بۆ هەموار کراوە و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کوردستانیش لە سەروبەندی خۆئامادەکردندایە بۆ ئەو بابەتە.

ئەگەر سەرنج بدەین، زۆرینەی ئەوانەی لە میدیاکان قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەن، پێیانوایە بەکارهێنانی ئەم سندووقە زۆر گرنگە بۆ متمانەبەخشین و دڵنیایی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، بەرادەیەک هەندێ قەوارەی سیاسی و ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یاداشت و گلەیی و رەخنەکانیان ئاراستەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کوردستان کردووە تا سندووقی زیرەک بەکاربهێنێ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. جێگای داخە زۆرێک لەوانەی کە قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەن، تەنها زانیارییە رواڵەتیەکانی ئەم بابەتەیان وەرگرتووە و بەپێی پێویست لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە زانیارییان نییە. ئەمەش دەخوازێت لە شارەزایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە کە بەروونی قسەی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە بکەن، ئەم نووسینەش لەو چوارچێوەیەدایە.

### لایەنی ئەرێنی سندووقی زیرەک:

گومانی تێدا نییە تەکنەلۆجیا بەگشتی دەتوانێت رۆڵی گرنگ لە هەڵبژاردندا ببینێ، سندووقی زیرەکیش دەتوانێت ببێتە فاکتەرێکی گرنگ چونکە:

1- مرۆڤەکان دەستیان نابێت لە ژماردنی دەنگەکان کە پێشتر گلەیی ئەوە دەکرا دەستکاری دەکەن.

2- دەنگەکان بەخێرایی ئەژمار دەکات و ئەنجامەکان بەزوویی رادەگەیەنرێت.

3- ناردنی ئەنجامەکان راستەوخۆ دەبێت بۆ سەنتەری سەرەکی، بەبێ گواستنەوەی سندووق و فۆرمەکان بەشێوەی فیزیکی کە پێشتر گومان لەدەستکاریکردنی هەبوو.

### لایەنی نەرێنیی سندووقی زیرەک:

ئاشکرایە کە پرۆسەی ساختەکاری تەنها لەرۆژی هەڵبژاردندا ناکرێت، بەڵکو پاش کۆتایی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن دەستپێدەکات بەڵام لەساتی هەڵبژاردندا چڕتر و بەرجەستەتر دەبێت. ئەویش بە بەکارهێنانی هەژموونی میدیایی و بەخشینی ئیمتیازات و ترساندن و ملکەچکردنی دەنگدەر بەشێوازی جیا جیا کە تەکنەلۆجیای رۆژی هەڵبژاردن ناتوانێت هیچ رۆڵێک لەو حاڵەتانەدا ببینێ.

سەرەڕای لایەنە ئەرێنییەکانی، بەڵام سندووقی زیرەک لایەنی نەرێنیشی هەیە کە لەم چەند خاڵەدا کورتی دەکەینەوە:

1- خاڵی سەرەکی نەرێنی لەم بابەتەدا نەبوونی بێلایەنی و شەفافیەتە. عێراق و کوردستان ساڵانێکە دەناڵێنن بەدەست دابەشبوونی سیاسی و جەنگی تائیفی و سەروەرنەبوونی یاسا و هەژموونی حیزبی لەجوگرافیای جیاواز و لە جومگە جیاوازەکانی دەسەڵاتدا. ئەمەش وادەکات بەردەوام گومان دروست ببێت لەسەر هەر لایەن و کۆمپانیایەک کە بەو کارانە هەڵدەستن. چونکە ئەگەری زۆرە بکەوێتە ژێر کاریگەری لایەنێکی دیاریکراو یاخود بەکاربهێنرێن لەرێی بەخشینی پارەو ئیمتیازات و ترساندنەوە، لە رابردووشدا ئەزموونی لەم جۆرە بینراوە.

2- ئەگەر سەرپەرشتیاران و بەشداربووانی ئەو پرۆسەیە بێلایەنانە کاریان نەکرد، دەتوانرێت لەرێی پرۆگرامکردنی ئەو ئامێرانەوە لەهەر قۆناغێکدا یاری بەدەنگی لایەنەکان بکرێت و بالانسیان تێکبدرێت.

3- لە عێراقدا (51.600) وێستگەی دەنگدان هەیە و لە هەرێمی کوردستانیش نزیکەی (7.000). ئەگەر لە هەر وێستگەیەک سندووقەکە پرۆگرام بکرێت تەنیا یەک دەنگ بداتە لایەنێکی دیاریکراو، هەزاران دەنگ دەکات، بەبێ ئەوەی هەستی پێبکرێت و کاریگەریەکەی دەربکەوێت. خۆ ئەگەر پرۆگرامەکە بۆ تەنها یەک دەنگ بێت لەهەر قەوارەیەک ئەوا سەدان هەزار دەنگ دەکات.

4- لەکاتی چاپکردنی ئەنجامەکان بۆ چاودێرانی وێستگەکان لەتوانادایە یاری بەئەنجامەکان بکرێت لەرێی پرۆگرامی تایبەتەوە.

5- لەکاتی ناردنی ئەنجامەکان بۆ سێرڤەری سەرەکی، دەتوانرێت گۆڕانکاری لە ئەنجامەکاندا بکرێت. هەروەها دەتوانرێت لەکاتی چاپکردنی ئەنجامی کۆتاییش هەمان کار بکرێت.

6- کەسانی شارەزا و پسپۆڕ دەتوانن لەرێی پرۆگرامی تایبەتەوە دزە بکەنە ناو سیستەمەکە و یاری بەئەنجامەکان بکەن، ئەمە لە وڵاتانی زۆر پێشکەوتووش روویداوە.

7- لە حاڵەتی سکاڵا و سەرپێچیدا، هیچ سزایەکی یاسایی دیاری نەکراوە، هەروەها شێوازی یەکلاکردنەوەی سکاڵاکان دیاری نەکراوە، واتە پێویستی بەهەمواری یاسایە.

8- یەکێک لە بنەما گرنگەکانی بوونی متمانە و شەفافیەت لە پرۆسەی هەڵبژاردندا رۆڵی چاودێرانە، کەچی لەم پرۆسەیەدا چاودێران تەنها ئامێرێک دەبینن وەرەقەی دەنگدان هەڵدەلووشێت و نازانن لەناو ئامێرەکەدا چی دەگوزەرێت.

9- بوونی چاودێران پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ متمانەدان بەپرۆسەی هەڵبژاردن، نەبوونی چاودێر وەک پێویست لە هەندێ ناوچە و وێستگە کە هەژموونی لایەنێک زاڵە، وا دەکات ساختەکاری بکرێت پێش ئەوەی وەرەقەی دەنگدان بخرێتە ناو سندووقەکە، لەم حاڵەتەشدا سندووق تەنها ئامێرێکە دەنگ ئەژمار دەکات و هیچ رۆڵێکی ئەرێنی لە رێگری لەو جۆرە ساختەکارییەدا نابێت.

10- لەحاڵەتی بوونی گرفت لە پڕکردنەوەی لاپەڕەی دەنگداندا، ئەگەری هەیە سندووقەکە ئەو دەنگانە نەخوێنێتەوە، ئەمەش وا دەکات سەرپەرشتیارانی پرۆسەکە بەخواستی خۆیان بڕیار لەسەر ئەو دەنگانە بدەن و بەقازانج یان زیانی لایەک.

11- پیادەکردنی سیستمی نیمچەکراوە و فرەبازنەیی و خۆتۆمارکردنی زیاتر لە 200 قەوارەی سیاسی و هەزاران کاندید، پێویستی بە پرۆگرامێکی زۆر ئاڵۆزە و سەدان دێڕ کۆدی دەوێت کە بچوکترین هەڵە گەورەترین کارەسات دەخولقێنێ.

12- کارپێکردن و سەرپەرشتیکردنی دەیان هەزار سندووقی زیرەک و چارەسەرکردنی گرفتەکانی پێویستی بە راهێنانێکی زۆر و کەسانێکی زۆری پسپۆڕ و شارەزا هەیە، لەحاڵەتی بوونی گرفت و لەکارکەوتندا هیچ گەرەنتیەک نییە کە تیمەکانی چاککردنەوە بێلایەنانە کار بکەن و ساختەکاری نەکەن.

13- ئەگەری زۆرە ئەم کارە ببێتە جۆرێک لە قۆرخکردن لەلایەن کۆمپانیای بەرهەمهێنەوە، ئەویش بە دابینکردنی جۆرە وەرەقێکی تایبەت بۆ سندووقەکە و کەرەستەی یەدەک و پێداویستی تری پرۆگرامسازی و چاککردنەوە بە نرخێکی گران، تا داهاتێکی زۆر لەو رێگایەوە دەستبخەن.

ئەمە سەرەڕای نەبوونی سامانی مرۆیی و توانای پێویست و تێچوونی زۆری دارایی و کارگێڕی و راهێنان و تێچوونی دیکەی ئەو پرۆسەیە و ئەگەری گەندەڵی لەسەرجەم قۆناغەکانیدا کە دوور نییە تەنها بۆ یەک پرۆسە بێت و بۆ پرۆسەکانی پاشتر داوای پارەیەکی زۆرتر بکەن.

### رای شارەزایانی ئەو بوارە:

لە جیهانی ئەمڕۆدا بەهۆی ئینتەرنێتەوە مرۆڤ دەتوانێت بەئاسانی زانیاری لەسەر هەموو شت وەرگرێت. سەرەڕای بوونی خاڵی ئەرێنیی زۆر لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام تەنها بەگەڕان بەشوێن وشەکانی (مەترسییەکانی ئەژمارکردنی ئەلیکترۆنی) لە ئینتەرنێتدا، دەتوانرێت سەدان وتار و توێژینەوە و ڤیدیۆ دەستبخرێت کە لەلایەن کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لەبواری هەڵبژاردن و (ئای تی) دا لەسەر ئاستی جیهان و دەزگا جیهانییە متمانەپێکراوەکان نووسراون. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە وتەیەکی پرۆفیسۆر Howard Strauss لە زانکۆی Princeton دەکەم کە زانایەکی بەناوبانگە لەسەر ئاستی ئەمەریکا لە بواری دەنگدانی ئەلیکترۆنی و دەڵێت: "کاتێک کە هەڵبژاردن پەیوەست بوو بەکۆمپیوتەرەوە، ئیتر هیچ زەمانەتێک نییە، ئەمە دەرگایەک نییە بەبێ قوفڵ، بەڵکو خانوویەکە بەبێ دەرگا".

لەسەر ئاستی وڵاتانیش زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا دەنگدانی کلاسیک و ئەژماری دەستی بەکاردێنن لە هەڵبژاردنەکانیاندا. مایەی سەرنجە کۆریای باشوور کە ئەو سندووقانە بۆ عێراق دابین دەکات، خۆیان تا ئێستا وازیان لە ئەژمارکردنی دەستی نەهێناوە، لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی 2017 ئەژمارکردنی دەنگەکان بەدەستی بوو، تەنها چەند ئامێرێکیان بەکارهێنا بۆ ئاسانکاری و رێکخستنی ئەنجامەکان.

### چۆن دەتوانین بەبێ سندووقی زیرەک ئەنجامەکان بەخێرایی رابگەیەنین؟

سەرەکیترین خواست بۆ ئەم بابەتە زوو راگەیاندنی ئەنجامەکانە. بەڵام لە زۆربەی وڵاتان بەرێگای کلاسیک ئەژماری دەنگەکان دەکرێت و بەخێراییش ئەنجامەکان رادەگەیەنرێت، ئەویش بە سوودوەرگرتن لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە کارگێڕیدا، هەروەها ئەژمارکردنی دەنگەکان بەشێوەی لامەرکەزی و لەسەر ئاستی قەزا و ناحییەکان. (لەم بارەیەوە پرۆژەمان داوەتە ئەنجوومەنی کۆمسیاران و لە داهاتووشدا زیاتر جەختی لەسەر دەکەینەوە).

### دەرئەنجام:

لەگەڵ ئەوەی سندووقی زیرەک ئەگەری هەیە ببێتە فاکتەرێکی ئەرێنی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، بۆ خێراکردنی راگەیاندنی ئەنجامەکان و رێگری لە هەندێ ساختەکاری، بەڵام دوور نییە ببێتە دەروازەیەکی تری ساختەکاری و مەترسییەکی تر لەسەر پرۆسەی دیموکراسی و پاشەکشەیەکی خێرا بەرەو نەهێشتنی متمانە و دڵنیایی لای جەماوەر.

لە کۆتاییدا جێگای خۆیەتی پرسیار بکرێت: ئایا وڵاتانی پێشکەوتوو بۆچی ئەژمارکردنی دەستی پەسەندترە لایان و پیادەی دەکەن، لەکاتێکدا هەنگاوی زۆریان ناوە لە بواری تەکنەلۆجی و یاساسەروەری و شەفافیەت و بوونی سامانی مرۆیی و توانای هەمەچەشن، کەچی لە عێراقێکی پڕ کێشە و قەیران و هەژار لە بواری ژێرخانی تەکنەلۆجی و مرۆیی و یاسایی و نەبوونی شەفافیەت و متمانە و... هتد، کار بە ئەژمارکردنی ئەلیکترۆنی بکرێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە و چەندین پرسیاری تری هاوشێوەی لە پاش هەڵبژاردنەکان وەردەگرینەوە.

*** بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمسیاران- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.**



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# سەحوە بۆ کورد باش نییە

لە پەرلەمانی عێراق هەوڵێک هەیە بۆئەوەی بە یاسا میلیشیایەکی نوێی هاوشێوەی حەشد بەناوی سەحوە دروست بکرێ. هەمان ئەو سەحوەیەی کاتی خۆی مالیکی لەنێو عەرەبی سوننەدا دروستیکرد و شەڕی قاعیدەی پێکردن، دواییش سەرکردەکەیان کوژرا و پاش پشتگوێخستنیان، یان بوونە داعش یان لەترسی حەشد هاتنە کوردستان. هەوڵی ئەمجارە بۆ دروستکردنەوەی سەحوە جیاوازە لە جاری رابردوو. چونکە بەپێی پرۆژەکە هەموو ناوچە دابڕێنراوەکانی باشووری کوردستان ئەو میلیشیایەیان تێدا دروستدەکرێ و ئەمجارە پێشمەرگە لەو ناوچانە نەماون. ئەمەش وادەکات ئەگەر رێککەوتن کرا بۆ گێڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە، سەروکاری لەگەڵ میلیشیایەکی نوێ هەبێت کە تەنیا سەر بە بەغدا نییە، بەڵکو ئیدیعای خاوەندارێتیی ئەو ناوچانەش دەکات.

کاتێک داعش هات و پێشمەرگە زۆربەی خاکی باشووری کوردستانی کۆنترۆڵکردەوە، زوو زوو دەگوترا حەشد شەڕی پێشمەرگەی پێناکرێت، چونکە ئەو خاکەی پێشمەرگەی لێیە هی شیعە نییە. ئەمە لێکدانەوەیەکی راست نەبوو، دەرکەوت دواتر جۆرەها حەشد لەنێو عەرەبی سوننەی موسڵ و کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا و ئێزدییەکانی شنگالیش دروستکران. بەڵام ئەگەر پرۆژەی دروستکردنەوەی سەحوە لەو ناوچانەی باشووری کوردستان سەرکەوێت، بۆ بەغدا قازانجێکی گەورەی دەبێت و بۆ هەولێر گۆڕانکارییەکی مەترسیدار دەبێت.

هەرچەندە پرۆژەکە واژۆی دوازدە پەرلەمانتاری عێراقیی پێوەیە، بەڵام پێدەچێ لە مەتبەخێکی ئەمریکی- سعودی- عێراقی و بە موبارەکەی ئێران ئامادەکرابێ. ئەوە روونە کە عەرەبی سوننەی عێراق فاکتەری ناسەقامگیریی عێراقی نوێ بوون. ئەویش لەبەرئەوەی وا هەستیان کردووە شیعە بە پلەی یەکەم و کوردیش بە پلەی دووەم کار لەسەر پەراوێزخستنیان دەکەن. لە قۆناخی پۆست داعشدا چاوەڕوان دەکرا مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان ئاڵنگارییە بەهێزەکەی عێراق بێت بۆ مانەوە وەک دەوڵەت، بەڵام ئێستا کە بەغدا ئەو گرێیەی لەجیاتی ددان بە دەستان کردووەتەوە، ئاڵنگارییەکە ئەوەیە کە چۆن عەرەبی سوننە والێبکرێت هەست بە مافخوراوی نەکات و ژینگەی دروستبوونەوەی داعشێکی نوێ فەراهەم نەبێت. یەکێک لەو شتانەش کە دەتوانێ رێگری لەمە بکات، دروستکردنەوەی سەحوەکانە.

ئەمریکا ئەمەی پێ باش دەبێت، چونکە لەپەنای پێشمەرگە، هێزێکی چەکداری دیکەی ناشیعەی رەنگە نانزیک لە ئێران دروستدەبێت کە باڵانسێک دروستدەکات بۆ هەژموونی ئێرانی- شیعی بەسەر هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە. بۆ سعودیە و وڵاتانی عەرەبیی دیکەی کەنداو و سوننەکانی دیکەی ناوچەکەش دروستکردنی سەحوە بەواتای گەڕانەوەی عەرەبی سوننە بۆ بەغدا و کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران دەبێت. لەوەش گەڕێ کە بۆ شیعەی حوکمڕانی ئێستای عێراق دامەزراندنەوەی سەحوە هەم بۆ رێگەگرتن لە بەهێزبوونەوەی داعش و دروستبوونی گرووپی دیکەی تەکفیریی هاوشێوەی داعش گرنگە و هەم ئیمەیجێکی جوانی حوکمڕانییەکەشیان دەداتە جیهان، کە تێیدا سوننە پەراوێزنەخراون و دەکرێ وەک کەتەلۆگێک بۆ هاندانی وەبەرهێنان لە ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا بەکاربێت.

ئەمە وێنە جوان و ئایدیاڵەکەیە بە چاویلکەی ئەوان، بەڵام وێنەکە بە چاویلکەی کوردی رەشبینانەیە. پێشمەرگە و سوپا و پۆلیسی فیدراڵی هێزی دەستوورین، بەڵام حەشد دەستووری نییە و سەحوەش هەر بەپێی دەستوور دەبێتە میلیشیا. بۆیە لە ئایندەدا ئەگەر رێککەوتن بکرێت لەسەر گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە دابڕێندراوەکان، لەلایەکەوە سەروکاری لەگەڵ سوپا و پۆلیسی فیدراڵی دەبێت و لەلایەکی دیکەوە بەبەردەوامی مەترسیی پێکدادانی لەگەڵ میلیشیایەک لەسەردەبێت کە وەک پێشمەرگە خۆی بە خاوەنی ئەو ناوچانەی کوردستان دەزانێت. ئەمەش هێندەی دیکە جێبەجێکردنی مادەی سەتوچل مەحاڵ دەکات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی لەبەردەم یەکێتییەکی هەڵەوەشاوەدا

1

ئەگەرچی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان وەک هێزی ئەڵتەرناتیڤی پارتی و سیاسەتەکانی لە کوردستاندا چاوی هەڵێنا، سەرباری هەموو ناکۆکی و خوێنڕشتنەکان، دوای دەیەیەک بوو بە شەریکی پارتی لە ئیدارەدانی سیاسەتی ناوخۆیی و ناوچەیی. لە کاتێکدا کە مانەوەی پارتی وەک هێزێکی سیاسیی تەقلیدی، وابەستەی هەندێک فاکتەر بوو کە پێشتر یەکێتی سەرسەختانە دژیان دەوەستا، بەڵام یەکێتی لەکوێ بۆی کرا، شەڕی کرد و لە کوێش بۆی نەکرا، چووە ناو باوەشی پارتی. هەر لە دروستبوونی بەرەی کوردستانی (کە کۆتایی تاڵی سەرەڕۆییەکانی یەکێتی بوو لە مەیدانی سیاسی و سەربازیی کوردستانی باشووردا)، ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی واشنتن (دیسان دوای سەرکێشییەکی تازەی یەکێتی)، ئینجا ڕێککەوتننامەی ستراتیژی و بەردەوامیی ئەو ڕێککەوتنە سەرباری دروستبوونی بزووتنەوەکی بەهێزی وەکو گۆڕان، هەر هەموویان دە ساڵ جارێک یەکێتییان بەهۆی پارتییەوە لە لێواری هەڵوەشاندنەوە ڕزگار کردووە و وەک ئاوی حەیات بە گەروویدا کراوە.

گشتپرسیی سەربەخۆیی لە 25ی ئەیلول دەرفەتێکی زێڕین بوو کە یەکێتی دەیتوانی لە ئایندەیەکی نزیکدا، شکۆ و هەیبەتی مێژوویی خۆی بەدەست بێنێتەوە، بەڵام خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر (بە عیلمی زۆربەی حیزبەکانی سلێمانی)، ئەو ڕیسەی لە یەکێتی کردەوە خوری و، گەورەترین زیانمەندی ئەو ڕووداوە ئەگەر کێشەی نەتەوەیی کوردستان بووبێت، ئەوا دوای ئەو یەکێتی بووە و ئامانجەکانی گەورەبوونەوەی یەکێتی لەگۆڕنران. بۆ پارتی دەستگرتن بە یەکڕیزیی ناو یەکێتی لانیکەم لە 10 ساڵی ڕابردوودا، ئامانجێکی ستراتیژی بووە. هەر بۆیە تا مردنی تاڵەبانی، هەموو ئاڵتەرناتیڤە سیاسییەکانی ناو یەکێتییان ڕەتکردەوە هەر لە بزووتنەوەی گۆڕانەوە تا دەگاتە ناوەندی بڕیار کە ئەگەر پارتی زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ هەردوو دیاردەدا کردبایە و کوێرانە پشتیوانیی لە ماڵباتی تاڵەبانی نەکردبایە، ڕەنگبێ بارودۆخی کوردستانیش بەو ئاقارەی ئێستادا نەڕۆشتبایە. چونکە لە سەختترین ڕۆژەکانی پێش گشتپرسیدا، تەنیا مەترسیی سەرۆک بارزانی، لەو پەرتەوازەییەی ناو ماڵی یەکێتی بوو، مێژووش نیشانی دا کە لەسەر حەق بوو. ئێستا کە وادەی کۆنگرەی یەکێتی دیاری کراوە، ئەگەری ترازانی دیکە لەئارادایە و کۆی گشتی هاوکێشەکە بەرەو ئەو ئاقارە هەنگاو دەنێ کە یەکێتی وەکو پارتی بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر ڕکێفی بنەماڵەیەک. بۆیە پێویستە پارتی بە نەفەسێکی جیاواز لە جاران مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا بکات و ڕێگر بێت لەوەی کەمینەیەک دەست بەسەر حزبەکەدا بگرن، چونکە زۆرینەیەکی دژ بە خۆی بەرهەم دەهێنێت.

## ئەگەری هاتنەوەی ناوەندی بڕیار

2

ناوەندی بڕیاری یەکێتی (کە هیچ بڕیارێکی پێ دەرنەکرا)، لە واقیعدا بەرەیەکی بەرفراوانی ناو یەکێتییە کە بریتییە لە بەشی هەرەزۆری باڵی سەربازی، ڕێکخستن و جەماوەری ئەو حیزبە، ڕەنگبێ بەرژەوەندیی جیاجیا کۆیانبکاتەوە، بەڵام خاڵی هاوبەشیان دەستگرتنە بە میراتی چل ساڵەی یەکێتی کە ئامانجەکەی ئەگەر لەناوبردنی پارتی نەبێت، لانیکەم بتوانێ بەرزەفتی بکات و شەراکەتێکی ڕاستەقینە بێنێتە کایەوە. ئەگەرچی ئەو هەوڵە هەر لە سەرەتاوە لە لانکدا خنکا، بەڵام پێناسەکەی هەر وەکو خۆیەتی و بەردەوامە. پارتی ڕۆڵێکی زۆر خراپی بینی لەوەی کە ئەم ناوەندە نەکەوێتە سەرپێ، ئەگەرچی پارتی زەمینەسازیی بۆ کرد، بەڵام بە کردەوە تێگەیشتنی پارتی لە یەکێتی (بە ڕەچاوکردنی فاکتەری تاڵەبانی و ماڵباتەکەی) تێگەیشتنێکی هەڵە بوو. ئەڵبەتە خودی ناوەندی بڕیاریش، ناوەندێکی لاواز بوو، لە ڕووی عەمەلییەوە پارتی پێیوابوو کردار شەرتە!

ئێستا جارێکی دیکە پارتی لە قۆناغێکی جیاوازدا، بەرەورووی هەمان واقیع دەبێتەوە. دەبێ ئەمجارەیان پارتی و بەتایبەتیش بارزانی ڕۆڵێکی حەکیمانە بگێڕێت. کەس ناتوانێ نکوڵی لە مانەوە و ژیانی سیاسی و ئابووریی بنەماڵەی تاڵەبانی بکات، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بێت کە نەبوونی ناوەندی بڕیاردەر لە سلێمانی، وەزعی کوردستانی گەیاندووەتە ئەو ئاقارەی ئێستا و چیدیکە پارتی ناتوانێ بە ڕابردووی بنەماڵەیەک سیاسەت بکات، ئەگەر چاوی لە داهاتووە. ئەوەی بۆ پارتی دەستی داوە لە بەبنەماڵەییکردنی حیزبایەتی لە کوردستاندا، مەرج نییە وەک هاوکێشەی نەگۆڕ بۆ هەموو لایەک بگونجێت! بۆیە ئەو زرووفەی ئێستا یەکێتی تێیدایە، دەکرێ بقۆسترێتەوە و ئەم دارمانە مێژووییە، بە کەمترین زیان لە قازانجی هەموو لایەک بشکێتەوە. دەشێ ماڵباتی تاڵەبانی بە حەجمی ئێستای خۆیان ببن بە خاوەنی یەکێتی، بەڵام کارێک بکرێ کە بە ئاراستەیەکی دیکەدا (کە هەندێک لە ئاماژەکانی دەرکەوتوون) ژیانی سیاسی و جوڵانەوە نوێیەکانیش سەر ڕاست ببن لەوەی قەبارە و قورساییان چەندە و بەشداری کارا بن لە نەخشەڕێژکردنی سیاسەتدا. تۆزێک تێگەیشتنی زەحمەتە، بەڵام.. با جارێ بمێنێ!

## بۆ عەفرینی مەکە

3

هەمان ئەو پەکەکەیەی کە دژی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور بوو، ئێستا بەرگری لە شارێک بە بارتەقای، دەوڵەتبوون بە کوردستانیان دەفرۆشێت. پەکەکە هەر ئەو حیزبەیە کە لە ئاست داگیرکردنی کەرکووک و خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر نوقەی لێوە نەهات! بگرە خۆیشی بەشێک بوو لە پلانی پێکەوە گرێدانی هیلالی شیعی. ئێستا هەموو میدیای کوردستان کەوتوونەتە ناو تەڵەی عەفرینەوە کە پەکەکە دەمێکە ئامادەکاریی تەواوی بۆ دەکات و، هیچ ئامانجێکی ستراتیژیشی نییە جگە لە چەواشەکردن. ئەگەر هیچ جیاوازییەک لە نێوان داگیرکەرانی کوردستاندا نەبێت، بۆ شەڕی تورک ڕەوا بێت، بەڵام هی عەرەب و عەجەم حەرامە؟ شەڕی ڕاستەقینە لە کەرکووک بوو (کە ڕۆحی کێشەی نەتەوەیی کوردە) نەک شەڕی بە وەکالەت و چەپڵەلێدانی خیانەتکاران.



جین شارپ

# ناتوندوتیژی: تێگەیشتنێکی نوێ بۆ خەبات

**بەشی یەکەم**

کەسانی وەک ماهەتما گاندی و مارتین لوتێرکینگ لە مێژووی خەباتی ناتوندوتیژانەدا زۆرتر وەک ڕێبەرانێکی ئەخلاقی و ئاراستەدەری ئایدیۆلۆژیک ناویان ماوەتەوە. لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە کۆمەڵێک ناوی دیکەی وەک جۆهان گاڵتونگ، ئادام ڕۆبێرت و تیۆدۆر ئەلبێرت، لە گۆڕەپانەکەدا دەرکەوتن. ئەمان وەک توێژەرەوە و بیریاری مەزن لە گۆڕەپانی خەبات و بەرگریی ناتوندوتیژانەدا ناسراون. لەتەنیشت ئەو ناوانەی سەرەوە ناوێکی دیکە هەیە، ئەویش جین شارپە کە پشکی شێری لە بواری لێکمتوربەکردنی تیۆر و پراکتیکی خەباتی ناتوندوتیژانە پێ دەبڕێ. واتە ئەگەر کەسانێکی وەک گاندی، ڕێبەری فکریی ناتوندوتیژی بوون، جین شارپ گەشەپێدەری پراکتیکیی خەباتی ناتوندوتیژانەیە.

ناتوندوتیژی؛ تێگەیشتنێکی نوێ بۆ خەبات (کە ناوە ئۆرژیناڵەکەی بریتییە لە "بەدیلێکی واقعبینانە") دەقێکی بچووک بەڵام چڕوپڕی جین شارپە سەبارەت بە پلاندانانی ستراتیژی و ناساندنی ڕێکارەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژانە. نامیلکەکەی شارپ زانیارینامەیەکی مەیدانییە پشتبەستوو بە توێژینەوەی زانستی. لەو نامیلکەیەدا جین شارپ گەوهەری ئەندێشە و توێژینەوەی دەیان ساڵەی خۆیمان بە پوختی و زمانێکی سادە بۆ باس دەکات. جین شارپ بە ڕاشکاوی گوتوویەتی: خەباتی ناتوندوتیژانە بەلای ئەوەوە، پێش ئەوەی بابەتێکی ئەخلاقی بێت، مەسەلەیەکی پراگماتیستییە. واتە ئەو بۆیە خەباتی ناتوندوتیژانە پێشنیار دەکا، چونکە برشتی لە خەباتی توندوتیژانە زیاترە. نامیلکەکەی شارپ ڕێک ئەوە دەسەلمێنێ کە خەباتی ناتوندتیژانە نەک هەر ئەخلاقیترە، بەڵکو کاریگەرتریشە. ئەوەش شیاوی ئاماژەیە کە ئەو شێوازانەی شارب دەیانناسێنێ، تەنیا خەباتی ناوخۆیی ناگرێتەوە، بەڵکو دەشێ لە ئاستە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانی تێکۆشانی سیاسیشدا کەڵکیان لێوەربگیردرێت. لە دووتوێی ئەو دەقەدا شارب، 198 شێوازی خەباتی ناتوندوتیژانەمان پێ دەناسێنێ.

جین شارپ کە ئێستا پێی ناوەتە تەمەنی نەوەد ساڵییەوە، تا ئێستا سێ جار بەربژێری وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بووە. بەو هیوایەی وەشانی کوردیی ئەم دەقە ناودارە، بەشدارییەکی بەخێربێت لە پەرەپێدانی کولتووری ناتوندوتیژی و خەباتی ناتوندوتیژانە لە کوردستان.

**وەرگێڕ.**

******

کەس نییە نەزانێ و دانی پێدا نەنێ کە توندوتیژی، جا لە شێوەی شەڕدا بێت یان تێرۆریسم، دیکتاتۆریەت بێت یان ستەم و چەوساندنەوە و زۆرداری، یاخود کۆمەڵکوژی، لەهەرحاڵدا کێشەیەکی جددیی کۆمەڵگەی ئادەمیزاد و دنیای سیاسەتە.

ئەوەش ڕاستییەکە کە هەموو هەوڵەکان بۆ ڕکێفکردنی کێشەی توندوتیژی و دواییهێنان بە شێوە جیاجیاکانی زەبروزەنگ، شکستیان هێناوە. واپێدەچێ گەورەترین هۆی ئەم سەرنەکەوتنە ناشارەزایی و تێنەگەیشتن بووبێت لە سروشتی ڕاستەقینەی توندوتیژی. کاتێک لە کێشەیەک تێنەگەیت، زەحمەتە بتوانی، یان ڕەنگە هەر نەشتوانی چارەسەری بۆ ببینیتەوە.

ئامانج لە نووسینی ئەم بەرهەمە ئەوەیە لە ڕوانگەیەکەوە جیاواز لە شێوازی باو، لە سروشتی ئەو کێشەیە ڕابمێنین کە توندوتیژییە و بەشێوەیەکی بەربەرین بەرۆکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و سیاسەتی گرتووە. هەروەها لەجێی خۆیدا دەبێ بشپرسین کە ئاخۆ چۆن دەتوانین چارەسەرێکی پایەدار بۆ ئەم کێشەی توندوتیژییە ببینینەوە.

لەم نووسینەدا چەمکی "توندوتیژی" لە بەستێنێکی بەرتەسکدا بەکاردەهێنرێ. واتە مەبەست لە توندوتیژی زەبروزەنگی جەستەییە دژی کەسانێکی تر و لە پێناوی زامارکردن یان کوشتنیان، یان هەر کار و کردەیەکی هەڕەشەئامێزی تر کە هەمان ئەنجامی بەدواوە بێت. واتە لێرەدا توندوتیژی بە مانایەکی ئەخلاقی یاخود بیروباوەڕێکی سیاسی، بەکارناهێنرێ.

مەبەستی ئەم نووسینە ئەوەیە کە بزانین ئاخۆ لە چ جۆرە هەلومەرجێکدا دەرفەت دەڕەخسێ بۆ ئەوەی مەترسیی دەستبردن بۆ چەک و کردەوەی چەکداری و فۆڕمەکانی دیکەی توندوتیژی، بەشێوەیەکی یەکالاکەرەوە کەم بکرێنەوە. لەجێی خۆیدا دەبێ بپرسین گەلۆ؛ بۆ دەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی بووبێتە شێوازێکی ئەوەندە باو و گشتگیر لە تێکۆشان، جا بەنیازی خێر بووبێت یان بەنیازی شەڕ. هەروەها دەبێ مشوورێک لە بنەبڕکردنی هەتاهەتایی ئەو پەتایەش بخۆین.

ڕوانگەی ئەم نووسینە سادە و ساکارە، بەوەشەوە ڕەنگە ڕوانگەیەکی بنەڕەتی و یەکلاکەرەوە بێت بۆ چارەسەری گیروگرفتی توندوتیژیی پێوەندیدار بە سیاسەت، چ لە ئاستە نیشتمانییەکەیدا و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

ئەوە گرینگە بزانین کە ناکۆکی و جیاوازیی بیروڕا و بەرژەوەندی لە ژیانی سیاسیی هەموو کۆمەڵگەکانی دنیادا هەبووە و هەیە و هەر دەشبێ. بگرە لە هێندێک حاڵەتدا ناکۆکییەکان بەخێردەشکێنەوە. بەشێک لەو ناکۆکییانە دەکرێ بەشێوازێکی نەرمی وەک گفتوگۆ، دانوستان و سازان چارەسەر ببن. مادام ئەو خاڵانەی ناکۆکییان لەسەرە بەلای لایەنەکانی کێشەوە زۆر هەستیار و بنچینەیی نەبن، ئەم شێوازە هەر زۆر ڕێتێچووە. بگرە لەم حاڵەتانەشدا، ئەوەی کاریگەریی زیاتر لەسەر ئەگەری چارەسەری کێشەکان لەڕێی گفتوگۆوە دادەنێ، بڕی ڕێژەیی هێز و توانستی لایەنەکانە لە ئاست یەکتردا، نەک هەوڵدانێکی ئاقڵانەی دوولایەنە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دادپەروەرانە.

لەهەرحاڵدا، وا دیارە خاڵی سەرەکیی جێی ناکۆکی لە زۆربەی کێشەکاندا بابەتێکی بنچینەیی و بێ ئەملاوئەولایە، یان هیچ نەبێ لایەنەکان وای دەنوێنن کە پرسەکە بۆ ئەوان بنچینەییە و بۆ کۆتاهاتن نابێت. بەم جۆرە کێشانە دەگوترێ "کێشەی قەیراناوی". لە کاتی ئاواشدا لایەنەکان بە پێویستی نازانن بیر لە هیچ چارەسەرێک بکەنەوە کە بە پێکهاتن کۆتایی بێت.

دۆخە قەیراناوییەکان کاتێک پێکدێن کە هیچ نەبێ لایەنێکی کێشەکە بە پێویست و بگرە بە باشیشی بزانێ دژکردەوە بەرامبەر بە لایەنە نەیارەکەی خۆی نیشان بدات. لە دۆخە قەیراناوییەکاندا هەر لایەنە پێیوایە ئەوەی ئەو دەیکات لە پێناوی ئازادی، دادپەروەری، ئایین یان پارێزگاری لە شارستانیەتی خۆیەتی، یان هەر هیچ نەبێ لە پێناوی بەرپەرچدانەوەی توندوتیژیی لایەنە نەیارەکەیەتی. زەبروزەنگی نەیارانە دەشێ کردەوەی وەک زەخت و زۆر، نادادپەروەری و زۆرداری و بگرە چەوسانەوە و دیکتاتۆری بگرێتە خۆی. زەبروزەنگی دوژمنکارانە هەروەها دەشێ بەشێوەی هێرش بۆ سەر بنەما ئەخلاقی و ئایینییەکان و بەها ئینسانییەکانی ئەویدی، یان تەنانەت لەشێوەی هەڕەشە و لەمەترسی هاویشتنی وجودی تێکڕای گەلێکی دیکەدا، خۆی نیشان بدات.

لە دۆخی کێشە قەیراناوییەکاندا، هیچ نەبێ لایەنێکی کێشەکە پێیوایە کە ملدان، خۆبەدەستەوەدان یان تێکشکان مانای تێداچوونی بنەما و بیروباوەڕەکانی خۆی و بگرە تەفروتووناببوونی تێکڕای کۆمەڵگەکەی دەگەیەنێت. ئا لەم هەلومەرجانەدا مرۆڤەکان ئامادەیی ئەوەیان تێدا پەیدا دەبێ هەتا ئەوپەڕی تێکۆشان، مل لە بەربەرەکانییەکی تیژ و توند بنێن، بەبێ ئەوەی هیچ لە تێچوون و ئەگەری تێداچوونی بپرسنەوە.

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕێبوار کەریمی**



مامەند ڕۆژە
m.roje@rudaw.net

# کۆدەکانی عەفرین

ئۆپەراسیۆنی (چڵی زەیتوون) کە سوپای تورکیا لە عەفرین ڕایگەیاندووە، بە ناکامی بەردەوامە. بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی تورکیا، هێشتا ئەنجامێکی بەرچاوی نەبووە و پێدەچێ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت.

گەلۆ قەیرانی عەفرین چی لێدێت؟ گریمانەی ئێمە ئەمەیە: قەیرانی عەفرین بەو سانایییە تێپەڕ نابێ و قەیرانی گەورەتر و گەلێک گەورەتری لێدەکەوێتەوە.

**تورکیا: ئامانجە ستراتیژییەکان**

دەوڵەتی تورکیا سیاسەتی سووریایی خۆی دۆڕاندووە. لەکاتێکدا لە 2011 ئەنکەرە بەهۆی ڕابوونی شەپۆلی ئیخوانی ناوچەکە، ئامادەسازی پیادەکردنی تێزی "ئۆسمانیی نوێ"ی دەکرد. ئەم دەوڵەتە لەو کاتەدا خۆی بە ماتۆڕی شۆڕشە ئیسلامییەکانی ناوچەکە دەزانی و پێگەی خۆی وەکوو (دەوڵەتی ماک) و (دەوڵەتی سەرمەشق) وەسف دەکرد. بۆیە بە لەخۆباییبوونێکی بێوێنەوە، هەڕەشەی لە ڕژێمی ئەسەد دەکرد و پشتیوانی لە هەموو گرووپێکی سەلەفی — جیهادی دەکرد و لە هیچ درێخی نەدەکرد.

تەنانەت سەردەمێک تورکیا ئومێدی بەوە هەبوو داعش، کۆبانی برووخێنێ و لەوێشەوە سەرانسەری ناوچە کوردییەکان و ئیدارەی باکووری سووریا تەخت بکات. تورکیا زۆر لەسەر حەلەبیش هێماسازی دەکرد و بە پایتەختی سووریای نوێی دەزانی، بەڵام دواجار لەماوەی دوو سێ ساڵدا ڕۆمانسیەت و ئایدیالیزمی سیاسی ئەم وڵاتە بە ڕیالیزمێکی تراژیک گۆڕا و بەرە بەرە وای لێهات تەنها لەبەر جڵەوکردنی خەونەکانی کورد لە سووریا، تەن بە ڕیالیزمێکی دەردناک بسپێرێت.

ئێستا بە ڕووکەش تورکیا بەبیانووی تێکدانی کۆریدۆری تیرۆر (ڕاڕەوی کوردی) دەیەوێ عەفرین داگیربکات. بەشێکی گرنگ لە کۆمەڵگە و هێزە کۆمەڵایەتییەکان پشتیوانی لەم خەونە دەکەن. بەڵام ئامانجی ستراتیژیی ئەنکەرە سڕینەوەی پوازی عەفرین و یەکپارچەسازیی هێڵی جەرابلوس — ئیدلیبە کە دەیەوێ بە سوپای ئازادی بسپێرێ و ئیئتیلافی ئۆپۆزیسیۆن و حکومەتی کاتی حوکمی تێدا بکەن.

**تورکیا: تەقینەوەی قەیرانەکان**

تورکیا دەیەوێ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ببێتە ئەکتەرێکی کارا. تورکیا وەکوو ئەکتەرێکی سەرەکی گەمەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەیەوێ لە نەرمە هێزەوە بەرەو سەختە هێز وەربسووڕێت. بۆیە بەتەمایە لەمەودوا بە هێزی سەربازی دەستکاری دۆخی سیاسی سووریا و دواتریش عێراق بکات. بۆ ئەمەش پارساڵ لە جەرابلوس و عەزاز — باب دەستیپێکرد و ئەمساڵیش دەیەوێ لە عەفرین تەواوی بکات. بەڵام ئەمە وا بەسانایی دەرباز نابێ و باجی ناوخۆیی لە گیرفانی ئەنقەرە دەردەکات.

باجی ناوخۆیی چییە؟ چینی ناوەڕاست لە هەڵچوونی بەردەوامدایە. جگە لەوە هێزی نەتەوەپەرستی چەپ لە پەلهاویشتندایە و ئەگەری زۆر هەیە ئەم هێزە ببێتە ماتۆڕی چینی ناوەڕاست بۆ وەرگۆڕانی گەورە لە تورکیا. هەروەها دەشێ لە ساڵی ئایندەدا چاوەڕوانی هەڵچوونێکی کوردی نوێ لەناوخۆی تورکیا بین. ئەگەر هەڵچوونی کوردی و هەڵچوونی چینی ناوەڕاستی تورکیا ئامێتە ببن، تەنگژەی گەورەتر بۆ تورکیا دەنێنەوە.

**ئەمریکا: بێزاری**
**لە هاوپەیمانی بۆژەن**

ئەمریکا تورکیا بە هاوپەیمانێکی بۆژەن (موزعیج) دەزانێت. هەتا ئێستا چەندین لێدوانی جۆربەجۆر و دژبەیەکی سەبارەت بە عەفرین دەرکردووە. بەڵام ڕاشکاوترین لێدوان هی ڕایان دیلۆن پەیڤداری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەدژی داعش بوو کە دەڵێت: عەفرین لە بازنەی کاری ئێمەدا نییە. ڕەنگە تورکەکان ئەمە بە سازانی پاڵەکی بۆ لێدانی عەفرین بزانن. بەڵام ئەردۆغان دەڵێ: لەگەڵ ئۆپەراسیۆنی عەفرین دەست بە ئۆپەراسیۆنی منبجیش دەکەین!

لێرە شتێک هەیە کە لەسەر سنوورەکانی باب — منبج ئەمریکا بە هەڵکردنی ئاڵاکانی، هەڕەشەی زمنی لە تورکیا کردووە و هێرشەکانی ڕاگرتووە. پرسیار ئەمەیە: ئایا ئەگەر تورکیا پەلاماری منبج بدات، ئەوسا هەڵوێستی ئەمریکا ڕەخنەکردن و لۆمەکردنی شەرمنانە دەبێ یاخود مل بۆ شتی دیکە دەکوتێت؟

پێدەچێ ئەمریکا لە منبج هەڵوێستی جیاوازتری هەبێت. چونکە ئەو ناوچەیە ناوچەی نفوزی ئەمریکایە و ئاستەمە تورکەکان ریسکی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمریکا بکەن و خۆیان تووشی جەنگی نەخواستە بکەن. لەلایەکیشەوە ئەگەر هەیە لەگەڵ قووڵبوونەوەی قەیرانی عەفرین، نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر عەفرین ئەنجوومەنی ئاسایش بانگهێشتی کۆبوونەوەی نائاسایی بکات.

**دۆخەکە چ سیناریۆیەکی لێدەکەوێتەوە؟**

ئەگەر جەنگ لە سێ هەفتە زیاتر بخایەنێ، ئەگەری دیکەش بەدوای خۆیدا دەهێنێت: ئەگەرێک هەیە هەسەدە بە پشتیوانی پاڵەکی ئەمریکا لە کۆبانی — منبجەوە پەلاماری هێزەکانی سوپای ئازاد و تورکیا بدات و بەرەیەکی دیکەی جەنگ لە خۆرهەڵاتی عەفرین بکاتەوە. لەم حاڵەتەدا تورکیا دەکەوێتە تەڵەیەکەوە کە لێدەرچوونی ئاسان نابێت.

کورد لە ڕۆژئاوا بەتایبەت لە عەفرین بژارەی ستراتیژیی زۆری بەدەستەوە نییە. تەنها ئەوەندە هەیە کەوا لەدژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کارتی کشانەوە لە جەنگی داعش بقۆزێتەوە. هەروەها ئەگەرێکی دیکەش ئەوەیە کە کورد بتوانێ ماوەیەک مقاوەمە بکات. ئەوسا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا لە ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری تایبەت بۆ ڕاگرتنی جەنگ دەربکات.

خاڵێکی دیکەش ئەمەیە: لە عەفرین کارەساتی مرۆیی بکەوێتەوە. لەم حاڵەتەدا نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵوێستی دەبێ و بگرە دۆسیەی عەفرین بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش بەرزدەکرێتەوە و ئەگەر ڤیتۆ نەبێ! ئەگەری ئەوە هەیە عەفرین بە ناوچەی ئارام یاخود ناوچەی قەدەغەی ئاسمانی وەربسووڕێت. لەم دۆخەدا پێگەی کورد لە عەفرین گۆڕانی بەسەردا دێ و دۆزەکەی تەدویل دەبێت.

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە: کانتۆنی عەفرین بەفەرمی داوا لە دیمەشق بکات بە هانایەوە بچێ و مۆدێلی هاوکاریی پاڵەکی هەسەدە — ئەسەد لە قامیشلۆ و حەسەکە بۆ عەفرینیش کۆپی بکرێت. لەم دۆخەدا ڕەوشی بەرەکانی جەنگ بە ئاراستەیەکی دیکەدا وەردەسووڕێت. ئەوجا سووریا شەرعیەتی ناودەوڵەتی زیاتری هەیە سنوورەکانی بپارێزێت.

**مۆدێلێک:**

کورد دوای سەرکەوتنی ئەردۆغان لە 2002 بەدواوە، ئومێدێکی بە چارەسەری دۆزەکەی لا پەیدا بوو. پرسی کورد بۆ ماوەی چەند ساڵێک بووژایەوە. تورکیا وەنەبێ تەنها بۆ کوردی باکوور، بەڵکوو بۆ هەموو کوردەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو بە وڵاتێکی مۆدێل و سەرمەشق کەوا هەموو لایەک بە سەرچاوەی هیوایان دەزانی و هەموو کوردەکان تورکیایان بە سەرچاوەی ئومێد دەزانی. بەڵام ئەمڕۆ ئەنکەرە هەتا دێ لەو وێنایە دووردەکەوێتەوە.

تاقە چارەسەری ئەم دۆخە بریتییە لەمە: کورد و تورکیا سەرلەنوێ بکەونەوە گفتوگۆ، چونکە: تورکیا بێ کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ناتوانێ هیچ بکات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# هەڤاڵ ئیبراهیم
# ب سۆرانی دستره

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





کۆلێژی ئەندازیاری
بەشی ئەندازیاری نەوت
بەشی ئەندازیاری ژینگە

کۆلێژی زانستی
بەشی شیکاری نەخۆشیەکان
بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری (ئای تی)

کۆلێژی یاسا
بەشی یاسا
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

کۆلێژی زانستی کارگێڕی و دارایی
بەشی ژمێریاری
بەشی زانستیدارایی و بانك
بەشی کارگێڕی کار
بەشی بازاڕگەری

کۆلێژی ئاداب
بەشی زمانی ئینگلیزی

www.knowlwdge.edu.krd



